# کوردستان


ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

یەکشەممە ٣٠ خەرمانانی ١٣٩٣ _ ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ | ژمارە ٦٤٠ | www.kurdistanukurd.com


## وایبێرو هەندێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ئێران ئەگەری داخرانیان هەیە

جێگری یەکەمی دەسەڵاتی قەزایی ئێران لە نامەیەکدا بۆ وەزیری (ارتباطات)ی دەوڵەتی روحانی مانگێکی مۆڵەت داوە هەتا حکوومەت وایبێرو واتس ئاپ و تانگۆ راگیرێن یان ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر کۆنترۆڵ بکرێن. لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی روحانییەوە کە بە دروشمی گۆڕانخوازی و کرانەوە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بردەوە؛ کۆمەڵێک کێشەو جیاوازیی بیروڕا لە پەرەپێدانی تۆڕە کۆمەڵایەتی و ئینتێرنێت هەبووە، کە ئەم چەند رۆژە بەهۆی بڵاو بوونەوەی هەندێک گاڵتەو گەپ لەسەر خامنەیی و خومەینی، بەرپرسانی حکوومەتی هان داوە توندوتۆڵتر بن لە بەرتەسککردنەوەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە، ئەگەرچی زۆریش خاون لەچاو ئینتێرنێتی ستاندارد. غولامحوسێن موحسنی ئێژەیی دەڵێ ئەگەر دەوڵەت دەستوبرد نەکا، خۆی



قۆڵی لێهەڵدەماڵێ و دەگەڵ داخستنی ئەم تۆڕانە، سەرپێچکارانیش سزا دەدا.

### «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»:

# هاتووینەوە مەیدان بۆ ئەوەی سەرکوت و تاوان لە دژی نەتەوەکەمان بێ وڵام نەهێڵینەوە



نزیکەی دوو حەوتوویە زنجیرەیەک چالاکیی سیاسیو پێشمەرگانە لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کردوە. ڕێکخەرانو بەشدارانی ئەم زنجیرە چالاکییانە خۆیان وەک «پارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان» بە خەڵکو میدیاکان ناساندوە. بە پێی زانیارییەکان، ئەو تێکۆشەرانەی نەتەوەکەمان لە شەوانی ٢١ و ٢٢ی خەرمانان لە ناوچەکانی سەردەشت و مەریوان، لە گەڵ کەمینی بەرین و دەسڕێژی هیزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون، بەڵام جگە لە تیکشکاندنی کەمینەکان، توانیویانە ژمارەیەکی ٥ کەسی لە پاسدارانو بەکرێگیراوانی ڕێژیم بکوژن و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار بکەن.

لە بەیاننامەیەک دا کە «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» بڵاویان کردوەتەوە هاتوە: «... ئێمە لە ئامێزی نەتەوەکەی خۆمان هەڵقووڵاوین. ڕۆڵە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین کە وەک پارێزەر و بەرگریکاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووینە مەیدان.... دەمانەوێ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران ...ڕابگەیەنین کە سەرکوتو تاوانەکانی لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ وەڵام ناهێڵینەوە... لە ئاست کوشتنو تالانی کۆڵبەران و کاسبکارانی زەحمەتکێشو بێدەرەتان بێدەنگ نابین. ... چی دیکە ڕێگا بە مەوادفرۆشەکان و بازرگانانی مادده سڕکەرەکان نادەین کچان و کوڕانی خەڵکی کوردستان گیرۆدەی مادده سڕکەرەکان بکەن و هتد».

ئەو ڕۆلە نیشتمانپارێزانەی نەتەوەکەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، وێرای سوپاس لە پێشوای و پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەلات، ڕاشیان گەیاندوە کە سەرجەم هێزە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانی خۆیان و خۆشیان بە پشتیوانی ئەوان دەزانن. جەختیشیان لە سەر ئەوە کردوە کە لە هەر شوێن و ناوچەیەک بە پێویستی بزانن، حوزووریان دەبێ.



هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانی شەڕێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ تیرۆریزم

٣



وتەکانی چوار چالاکی سیاسی لە پێوەندیی لەگەڵ تیرۆری میکۆنووس

٥



بەرپرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا

٥



نوێنەرانی کورد لە مەجلیس، خەمی خەڵکو ئەرکە لەبیرکراوەکانیان

٦



دەرسەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە سکاتلەند

٨

## بەیاننامە لە پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانی و دەوروبەریدا

لە درێژەی هێرشو دەستدرێژییەکانی گرووپی تێرۆریستیی ناسراو بە داعش یا دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای کوردستانداو بەتایبەتی گەمارۆیەک کە خستبوویە سەر کۆبانی، لە رۆژانی رابردوودا شاڵاوی بەربەرییانەی ئەم گرووپە بۆ سەر ناوچەی کۆبانی چڕتر بۆتەوە و زیاتر لە دەیان گوندی دەوروبەری ئەم شارە کوردستانییە کەوتوونە دەستی ئەم گرووپە.

ئەو پەلامارە نوێیەی «دەوڵەتی ئیسلامی» بۆ سەر خاکی کوردستان ئەگەر لەلایەک بە چەشنێک بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستو پاشەکشانەیە کە بە هیممەت و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە پشتیوانیی نیزامیی نێودەوڵەتی لە باشووری کوردستان تووشی هاتووە، هەر لەو کاتەدا درێژەی ئەو ستراتێژییە نیزامییە توندوتیژو فرەوانخوازەیە کە ئەو گرووپە بەمەبەستی پێکەوە گرێدرانەوە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیو بۆ دەست گرتن بەسەر شارەگەکانی پێوەندی لە ناوچەکانی جێگای مەبەستی لە هەردوو وڵاتی سوریەو عیراقدا گرتوویەتە پێش.

تاکتیکە نیزامییەکانی «دەوڵەتی ئیسلامی» هاوشان لەگەڵ ئامانجی ئیدئۆلۆژیو ئاجێندای سیاسیی ئەو گرووپە کە هەم بەرهەمی یارییە لێڵو گوماناوییە ئیقلمیو ناوخۆییەکانەو هەم بەتایبەتی ئێستا هەڵقووڵاوی خەونە تاریکپەرستو دژە مرۆییەکانی تایبەت بەو گرووپە خۆیەتی، بەشێوەیەکی سروشتی کوردستان و گەلی کوردی کردۆتە ئامانجی هێرش و دژمنکارییەکانی ئەو گرووپە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەروەک لەپێوەندی لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستاندا هەڵوێستی نواند و ئامادەیی خۆی بۆ پشتیوانی لە باشووری کوردستان راگەیاند، سەبارەت بەم دەستدرێژییە تازەیەی ئەو گرووپەش بۆ سەر خوشکو براکانمان لە رۆژئاوای کوردستان، بەتایبەتی خەڵکی کۆبانی و دەوروبەری، لەگەڵ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستانو خەڵکی ئەم ناوچەیە هاوخەمی و هاوپێوەندیی خۆی رادەگەیەنێ و چڕبوونەوەی پەلاماری دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر کۆبانی و هەموو ئەو رەفتارە دژە مرۆییانەی ئەو گرووپە لە پەراوێزی ئەو هێرشەدا ئەنجامی داوە مەحکووم دەکا.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا لەسەر یەکڕیزیی هێزەکانی ئەو بەشە لە کوردستانو هەموو هێزەکانی سەرجەم کوردستان لە دیفاع لە خاکو خەڵکی کوردستانداو بۆ فرەوانکردنەوەی بازنەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانیش جەخت دەکا و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ کە ئەوەی لە توانا و دەرەتانیدا هەیە بۆ پتەوکردنو بەکردەیی کردنی ئەم هاوڕیزیو هەماهەنگییە درێغی نەکا.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠ ی سێپتامبری ٢٠١٤**
**٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٣**

## ئاوارەبوونی هەزاران کوردی خۆراوای کوردستان بۆ تورکیە

لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەهۆی پەلاماری هێزەکانی داعش زیاتر لە ٤٥ هەزار کوردی خۆراوای کوردستان لە ماڵو حاڵیان هەڵقەندراونو ئاوارەی ناوچە سنوورییەکانی تورکیە بوون.

نووسینگەی سەرۆک کۆماریی تورکیە ڕایگەیاندوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ٤٥ هەزار کوردی ئاوارەی سووری بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان لە ترسی پەلامارەکانی داعش ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیە کردوە.

نەعمان کورتولموش، جێگری سەرۆک وەزیری تورکیە رایگەیاند کە دەوڵەتی تورکیە یەکێک لە وێستگە سنوورییەکانی خۆی لە باشووری ئەو وڵاتە بەڕووی ئاوارەکان کردۆتەوەو لەو ڕێگەیەوە بە هەزاران کەس لە ناوچەکانی نیزیک دەورووبەری ئانکاڕا نیشتەجێ کراون. هەواڵەکانیش باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش لە توانیویانە لە



ماوەی ٣ ڕۆژی ڕابردوودا نیزیک بە ١٠٠ گوند لە خۆراوای کوردستان داگیر بکەنو شەرو پێکدادان لە نیزیک کوبانی کە بە تەواوی لەلایەن داعشەوە گەمارۆ دراوە، بەردەوامەو ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی بە هەزاران کەسی ئەو ناوچەیە بە کۆمەڵ ڕابکەن.

شایانی باسە دەوڵەتی تورکیە دەڵێ لە ئێستادا زیاتر لە ٢ میلیونو ٥٠٠ هەزار ئاوارەی سوورییەی داڵدە داوەو لەوە زیاتر ناتوانێ ئاوارەکان وەخۆبگرێ.

## لە فۆرمی وەرگرتنی زانکۆکانی ئێران، جیاکاری نەتەوەیی لە نیوان خویندکاران پێک دێ

لە فۆرمی وەرگرتنی خویندکار لە" زانکۆی ئازاد"ی ئێران، ئەمسال بە جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو، داوا لە خویندکار دەکرێت دەست نیشانی بکات سەر بە کام نەتەوەی ئێرانە. لە زانکۆ دەوڵەتیەکانیش هەمان فۆرم دراوە بە خویندکاران بەو جیاوازییەی کە لەو فۆرمانەدا بە ئاشکرا ناوی نەتەوەکانی ئێران نووسراوەو داوا لە خوێندکار کراوە یەکیان هەلبژیرێت.

بە پێی قسەی خوێندکارێک لە زانکوی تاران کە فۆرمەکەی پڕکردوتەوە دەلێت:" لە فۆرمی وەرگرتنی خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن هەموو سالێک ئاماژە بە رەگەزو ئایینی خویندکار کراوە، بەلام بۆ یەکەم ئەمساڵ لە فۆرمی وەرگرتنی خویندکار لە زانکۆکان، ناسنانەی نەتەوەیی خویندکار ئاماژەی پێ بکرێت.



ڕەخنەگرانی ئەو جیاکارییە ئەمە بە هەولێکی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی نیو دەبەن بۆ جیاکاری نەتەوەیی ئاشکرا لە زانکۆکانو پێیانوایە ئەمە دەتوانێ ببێ بە هۆی هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ناوەندەکانی خوێندن.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ خوێندنەوەی تێرۆری میکۆنۆس لە ٢٢ ساڵەی ئەو ڕووداوەدا

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هۆمایون ئەردەڵان، فەتاح عەبدولی‌و نوری دێکهوردی سمینارێکی بۆ خوێندنەوەی تێرۆری میکۆنۆس‌و باس لە سەر دەرکەوتەکانی پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ی خەرمانان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات‌و بە ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی تێرۆری میکۆنۆس دەستی پێکرد، کاک جەلیل گادانی، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی‌و کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسەکانیان پێشکێش کرد.

لە پەنێلی یەکەمی سمینارەکەدا کاک جەلیل گادانی باسێکی لە بیوگرافی‌و ڕووداوەکانی ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و بنەماڵەکەی کرد.

ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی، پەروەردەی خێزانی، خوێندن، پێگەیشتن، کاری مامۆستایەتی، وەرگیرانی لە زانکۆی فەرانسەو یەکتر بینین لەگەڵ دوکتور قاسملووی نەمرو، وەرگرتنی شەرەفی ئەندامەتیی حیزب لە سەر دەستی دوکتور قاسملوو و، گەڕانەوە بۆ تاران‌و دەستپێکردن بە تێکۆشانی سیاسی؛ چەند برگەیەک لە ژیانی دوکتور شەرەفکەندی بوون کە کاک جەلیل قسەی لەسەر کردن‌و دواتر کاک جەلیل باسی لە تایبەتمەندییە دیارو بەرچاوەکانی دوکتورشەرەفکەندی لە ژیانی سیاسی، بەڕێوەبەریی حیزب‌و هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ دەورووبەری‌دا کردو بە ئاماژە بە چۆنیەتیی تێرۆری دوکتور سادق، ڕوانگەی کۆمەڵێک کەسایەتیی کورد، ئێرانی‌و بیانیی لەسەر دوکتور شەرەفکەندی هێنایە بەر باس.

کاک جەلیل لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی دوکتور شەرەفکەندی باوەڕی بە یەکگرتوویی هێزە شۆڕشگێڕەکان بۆ سەرخستنی جووڵانەوەی ئازادیخوازی هەبوو، بۆیەش لە سەفەری بێ گەڕانەوەی‌دا هەم لە ئاستی هێزە ئێرانییەکاندا بۆ دروستکردنی ئەو هاوپێوەندییە تێ‌دەکۆشا، هەم بڕیاری دابوو لە گەڕانەوەی‌دا بۆ کوردستان ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەک بخاتەوە کە دەستی ڕەشی تێرۆر دەرفەتی ئەوەی پێنەدا زیاتر لە خەمی حیزبەکەی‌و نیشتمانەکەی دابێ.

لە پەنێلی دووهەمی ئەو سمینارەدا کاک مستەفا مەلوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی خوێندنەوەیەکی بۆ ڕووداوە گرینگەکانی دادگای میکۆنۆس کردو بۆچوون‌و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی بۆ هەندێ لەو ڕووداوە گرینگانە خستە بەرباس.

کاک مستەفا لە خوێندنەوەی تێرۆری میکۆنۆس‌دا باسەکەی بەو پرسیارە دەست پێکرد کە پرسیاری سەرەکیی دادگای میکۆنۆسیش بوو، ئەویش ئەوەی دوکتور سادق شەرەفکەندی بۆ تێرۆر کرا؟

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو بەشەدا بە ئاماژە بە لێکدانەوەکانی حیزب‌و هەروەها نێوەرۆکی لێکۆڵینەوەی دادگای میکۆنۆس‌و پشتبەستن بە بۆچوونی ئەوانەی لە دادگادا وەک شایەد قسەکانیان وەرگیرا؛ تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ نەهێشتنی نەیارەکانی‌و لە مەیدان وەدەرنانی دژبەرەکانی





چەکی تێرۆری هەڵبژاردبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ڕێبەرانیشی دژبەری سەرسەخت‌و کوردستان سەنگەری خەبات‌و بەرگری لە بەرانبەر ئیرادەی تەواوەتیخوازیی ڕێژیم بوو، هەر بۆیەش بڕیاری تێرۆری دوکتور قاسملوو دراو، دوای تێرۆری دوکتور قاسملووش کە کۆمیتەی تایبەت بۆ تاوتوێی ڕووداوەکانی دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو کۆبوونەوە، دەرکەوت کە ڕێژیم بە مەبەستەکانی خۆی لە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەگەیشتوەو هەر بۆیەش ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کات لەو کۆبوونەوەیەدا ئەرکی لەنێوبردن‌و تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیی بە عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کات سپارد.

کاک مستەفا مەولوودی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە لەبەرچاوگرتنی دۆستایەتیی خۆش‌و پێوەندییە بەربڵاوە ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ ئەڵمان لەسەر ئەوە بڕیار درا کە دوکتور شەرەفکەندی لە ئەڵمان تێرۆر بکرێ، بە تایبەت ئەوەی کە دوکتور شەرەفکەندی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیونال سۆسیالیست‌دا کە لە وڵاتی ئەڵمان دەگیرا، بانگهێشت کرابوو.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاشان پەڕژایە سەر شێوەی ڕێکخستنی تێرۆرەکەو وەگەڕکەوتنی پەروەندەی تێرۆری میکۆنۆس لەلایەن دادگای سەربەخۆی ئەڵمان‌و؛ ئاماژەی بەوە کرد کە هەم کۆماری ئیسلامی‌و هەم دەوڵەتی ئەڵمان زۆریان هەوڵدا پێش بە ڕەوتی دادگای میکۆنوس بگرن، بەڵام سەربەخۆیی دەزگای قەزایی لە ئەڵمان‌و هەروەها بوونی زۆر سەرەداوی حاشاهەڵنەگر کە دەستتێداهەبوونی ئێرانی بۆ دادگا دەسەلماند، کۆڵی بە دەزگای قەزایی نەداو لە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ کاری لێکۆڵینەوە، وەرگرتنی شایەدیدانی زیاتر لە ١٧٠ کەس‌و پاشان زۆر کەس‌و کاربەدەست‌و شایەدیدانی ٤ کەسایەتیی گرینگی وەک بەنی‌سەدر، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، ئیشمیت باوئێر، وەزیری ڕاوێژکاری سەدری‌ئەعزەمی ئاڵمان، ئەبولقاسم میسباحی، ناسراو بە شایەدی C؛ گورێندیەت والد، بەرپرسی بەشی ئێرانی ناوەندی هەواڵگریی دژەزانیاریی ئەڵمان، توانییان بڕیاری کۆتایی خۆیان بۆ مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بڕیاردان‌و جێبەجێکردنی ئەو تێرۆرە سیاسییانە بدەن.

کاک مستەفا مەولوودی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا باسی دەرەنجام‌و دەرکەوتە سیاسییەکانی بڕیاری دادگای میکۆنۆس بۆ ئێران، بۆ ئەڵمان‌و وڵاتانی ڕۆژئاواو کاریگەریی لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو لەگەڵ ئەوەی بڕیاری دادگای ئەڵمانی بە هەڵوێستێکی بوێرانەو بڕیارێکی قەزایی شێلگیر ناوبرد کە کۆماری ئیسلامیی وەک پشتیوانی تێرۆریسمی دەوڵەتی ناساندو بکەرەکانی کردە زیندان‌و بڕیاری گرتنی بۆ بەشێکی دیکە بڕیاردەران‌و بکەرانی ئەو جینایەتە دەرکرد، تیشکی خستەسەر چەند لایەنێکی دیکەی بڕیاری دادگا کە وەدی نەهاتن، وەک قەرەبووکردنەوەی ماددوو مەعنەوی بنەماڵەو میراتگرانی قوربانییانی ڕووداوەکەو قەرەبوو کردنەوەی ئەو لایەنانەی لە ئاکامی ئەو تێرۆرەدا زیانی بەرکەوتوە، وەک حیزبی دێموکرات.

کاک مستەفا مەولوودی گوتی تێبینی‌و هۆکارە سیاسی‌و ئابوورییەکان بەداخەوە بواری ئەوەی نەدا کە هەموو ئاکام و دەرکەوتە حقوقییەکان بەپێی بڕیاری دادگای میکۆنۆس بێنە دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا پەروەندەی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی بەهۆی ئازایەتیی دەگای قەزایی ئەڵمان تووشی چارەنووسی پەروەندەی تێرۆری ڤییەن نەهات‌و ئێران ناچار بوو تێچووی زۆری بۆ بدا.

# بەرزراگیرانی یادو بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنۆس لە ستاوانگری نۆڕوێژ

**لە ستاوانگری نۆڕوێژ بە بەڕێوەچوونی سمینارێک یادو بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنۆس بەرز ڕاگیرا.**

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٢ی خەرمانان بەبۆنەی بیست‌و دووهەمین ساڵڕۆژی تێرۆری شەهیدانی میکۆنۆس، شەهیدان دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی‌و هۆمایوون ئەردەڵان بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەران‌و ئەندامانی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان بەشدار بوون.

کاک حەسەن حاتەمی وێڕای یادکردنەوەی شەهیدانی ئەو کارەساتە، کاک دکتور سەعید شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک فەتاح عەبدوولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی حیزب لە ئورووپا، کاک هومایون ئەردەڵان، بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان‌و کاک نووری دێهکوردی دۆستی لەمێژینەی حیزب، باسی چۆنیەتیی تێرۆرکە، گیرانی ژمارەیەک لە تێرۆریستەکان، بوێری فریچوف کوبش، قازی پەروەندەکەو دادئەستێن یووست، دادوەری پەروەندەکەو تیمێکی بەشی دەزگای سەربەخۆی قەزایی ئاڵمانی کرد.

هەوڵی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بەتایبەتی باڵیوێزخانەی ئەو وڵاتە لە ئاڵمان‌و بەشی ئەمنیەتی بەتایبەتی فەلاحیان سەرۆکی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەوکاتی ئێران، بەیارمەتی وەزارەتی دەرووەی ئاڵمان‌و بەشی ئەمنییەتی دەوڵەت‌و ڕاوێژکارەکەی ئاغای



شمیت باوێر بۆ تاوانبارکردنی بە ئەنقەستی لایەنەکانی دیکە بە مەبەستی چەواشەکردنی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان‌و دوژمنایەتیی نێوان خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵات‌و پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و شایەدیدانی جێی پەسندی دادگا، ئاغایان بەنی سەدر و میسباحی و حوکمدانی چوار گیراوی تیمی تێرۆڕ و لەقاودانی «کۆمیتەی تایبەتی کوشتاری دژبەران» لە ئێران‌و، کردنەوەی پەروەندەی تایبەتی بۆ تاوانباران‌و مەحکووم بووە هەڵاتووەکان، دەرچوونی ١٥ کتێب‌و بەڵگانامەو دروستکردنی فیلم‌و دێکۆمێنت بەشێکی دیکەی قسەو باسەکان لەو سمینارەدا بوو.

شایانی باسە کە لە برگەیەکی دیکەی کاری سمینارەکەدا دا، ژمارەیەک لە بەشداران، تێبینی‌و پرسیارەکانیان باس کرد، کە لە لایەن کاک حەسەن حاتەمی‌یەوە وڵام درانەوە.

# کۆتایی دەورەی ٢٠٨ ی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکرات

پۆلێکی دیکە لەلاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای تەواوبوونی دەورەی فێرکاری‌و پەروەردەییان لە فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. لە ڕێورەسمێک‌دا کە ڕۆژی چوارشەممە، ١٩ ی خەرمانان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گیرا، کۆتایی دەورەی ٢٠٨ ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن فێرگەی سیاسی نیزامییەوە ڕاگەیەندرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەو بۆنەیەوە قسەی کردو وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشدارانی دەورەکە ئەوانی لە گرینگیی بەرپرسایەتییان وەک پێشمەرگەی حیزبێکی خەباتکار ئاگادار کردەوە.

کاک خالید وەنەوشە لە سەرەتای قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئەوەی دەیبینین ئەمەیە کە پۆلێکی دیکە



لە ڕۆڵەکانی نیشتمان و لاوانی خوێن گەرم‌و بەهەستی وڵاتەکەمان پێگەیشتوون‌و تێگەیشتوون‌و هاتوون لە ڕیزی حیزبە هەردەم خۆشەویستەکەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چەکی شەڕەف‌و بەرگری لە ئازادی‌و کوردستانیان بە وەرگرتنی هەموو ئەزمونەکانی ژیان‌و خەباتی پێشمەرگایەتییان کردۆتە سەر شان تا پارێزگاری لە دەستکەوتە بە نرخەکانی جوڵانەوەکەیان بکەن. ئێستا شەهیدەکانمان ئاسوودەن‌و ئارامیان گرتوە ئۆخەیان هاتۆتە بەر و دەڵێن کە ماندووبوونەکەمان‌و فیداکاری‌و گیان بەخشینەکەمان بەفیڕۆ نەچووە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی کۆتایی دەورە لەلایەن شکۆفە قادرسووری، یەکێک لە بەشداربووانی دەورەکە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا قارەمان قەجەرنیا هەڵبەستێکی خۆی بە ناوی « سوێند» خوێندەوەو چەند سروودو گۆرانی لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکێش کران‌و لەلایەن بەڕێوەبەریی فێرگەوە خەڵات بەسەر کۆمەڵێک لە بەشدارانی سەرکەوتووی دەورەکەدا دابەش کرا.

شایانی باسە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٨ ی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتبە گۆرانی‌و شادی‌و شایی‌و پیرۆزبایی گوتن بە بەشداربووانی دەورەکە کۆتایی پێهات.

# بەڕێوەچوونی سمینارێکی بۆ شیکاریی کەسایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندی



**یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەبەری ساڵڕۆژی ٢٦ ی خەرمانان، ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی بە بەڕێوەبردنی سمینارێکی شیکاریی کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، یادو بیرەوەریی شەهیدانی ٢٦ ی تێرۆری مێکۆنۆسی بەرز ڕاگرت.**

ئەو سمینارە ڕۆژی شەممە، ٢٢ ی خەرمانان لە ژێرناوی « گرینگی‌و پێویستیی خوێندنەوەی کەسایەتی‌و کردەوەکانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ هێزە گۆڕانخوازەکان» بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات‌و یەکیەتیی لاوان بەڕێوەچوو و لەو سمینارەدا ئارەش لوڕستانی باسەکەی لە چوار بەشدا پێشکێش کرد.

ئارەش لوڕستانی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان، لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا هەلومەرج‌و بارودۆخی سیاسی‌و خەباتی کورد لەو کاتەدا کە دوکتور شەرەفکەندی بەرپرسایەتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی گرتە ئەستۆ، شی کردوە.

ڕووداوەکان‌و هەلومەرجی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران‌و عێڕاق کە بووە هۆی فشاری چەند قاتی کۆماری ئیسلامی لە دژی دژبەرانی بەتایبەت جووڵانەوەی کورد، شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، لە بەرامبەر یەک وەستانی بۆچوونی چەپ لەگەڵ بیری نەتەوەیی‌و ناسیۆنالیستیی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، قۆناغی دەسپێکی دەسەڵاتی عەلی خامنەیی لە پلەی ڕێبەرایەتیی نیزامی ئیسلامیی ئێران‌و پەرەسەندنی توندوتیژی‌و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد گرینگترینی ئەو سەرەباسانە بوون کە کۆڕگێڕ لە پێوەندی لەگەڵ ئەوان‌و سیاسەتکردنی دوکتور شەرەفکەندی‌دا قسەی لە سەر کردن.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا ئارەش لوڕستانی بە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی سکرتێریی دوکتور شەرەفکەندیدا، بەردەوامی‌و پێشکەوتنی خەباتی نەتەوەیی کورد لە دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو، بەردەوامی‌و ڕێکخستنی زیاتری پێوەندی‌و وتوو‌ێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێرانییەکان وەک دوو نموونە تیشکیان خرایە سەرو قسەیان لەسەر کرا.

ئارەش لوڕستانی سێهەمین بەشی باسەکەی خۆی بۆ باس لەسەر کەسایەتی‌و تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دوکتور شەرەفکەندی تایبەت کردبوو. خەڵکی بوون، سەربەخۆیی فیکری، کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتەکانی ڕێبەری‌و سکرتێریی حیزب، دەستی نووسین، پەروەردەی ئەندامانی حیزب‌و بەدواداچوون‌و چاوەدێریی ڕاگەیاندنی حیزب‌و بەڕێوەبەریی چالاک‌و وەڵامدەرانەی دوکتور شەرەفکەندی چەند تایبەتمەندییەک بوون کە لەلایەن کۆڕگێڕەوە تیشکیان خرایە سەر.

لە بەشی کۆتایی سمینارەکەش‌دا هەلومەرجی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بارودۆخی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ڕێکارە کردەوەییەکان بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد قسەیان لەسەر کراو دواتر لەلایەن بەشداربووانە سەرنج‌و تێبینییەکان لەسەر باسەکەی کۆڕگێڕ خرانە بەرباس کە دواتر لەلایەن خۆیەوە وڵام درانەوە



# «ڕۆژهەڵات مێحوەری» بنەمایەک بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات

ناسر باباخانی

دوابڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات مێحوەری وەک ئەولەوییەتی خەبات) لە هەمان کاتدا کە سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر بوو، لە ناخی خۆیدا هەڵگری چەشنێ ڕەخنەی نێو گوتاری (نقد درون گفتمانی) بوو، واتە بە باوەڕی من حیزبی دیموکراتی کوردستان بوێرانە دەیەوێ چەشنێ سەربەخۆیی تیۆریک و کرداری لە گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکا و بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و سەرجەم حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوە بڵێ کە نابێ گوتاری ڕۆژهەڵات چی تر پاشکۆی گوتاری باشوور یان گوتاری باکوور بێ و ناکرێ ئەم گوتارانە ئاڵترناتیوێکی شیاو بن بۆ ڕۆژهەڵات!

قۆناغی سالانی ٥٧-٦٨ هەتاوی واتە سەردەمی د. قاسملوو، بێگومان درەوشاوەترین قۆناغی خەبات بوو، گوتاری ئەو قۆناغە گوتارێکی زاڵ بوو کە بە هۆی سەرکردەیەکی کاریزما وەک دوکتور قاسملوو وردەگوتارەکانی تری خستبوو پەراوێزەوە، گوتارێکی ئارمانخوازانە کە بە شێوەیەکی بەرهەست و نابەرهەست خەباتی شاخ و شاری لێک گرێ دابوو... پاش نەمانی دوکتور قاسملوو دیسان بە هۆی «حزوور»ی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر خاکی کوردستان و بوونی ڕێبەرێکی لێهاتوو وەک دوکتور شەرەفکەندی خەباتی چەکداری هەر بوونی هەبوو... بەڵام لە پاش نەمانی ئەم دوو ڕێبەرە کاریزمایە و هەندێ هۆکاری تر و هەروەها ساز بوونی هەرێمی کوردستان لە باشوور دەست و پێی ئەم هێزە سیاسییە بە تەواوی دەبەسترێ و ماوەیەکی نیزیک بە ٢٠ ساڵ قرمەی چەکی پێشمەرگە دەوەستێ و بە گشتی چالاکی سیاسی لە جیددییەت دەکەوێ و لە سەر بەستێنی عەینی واتە خاکی کوردستان و لە ناو خەڵکدا نامێنێ. هەر بۆیە بۆشایییەک لە سەر ئاستی گوتار پێکدێ و ئەم بۆشایییەش بە هۆی دوو گوتاری سەرەکی تر پڕ دەبێتەوە!

گوتاری باکوور سەرەتا بە دروشمە بریقەدار و شاعیرانەکەی واتە کوردستانی گەورە بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە و ئاوێتەی هەست توانی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لە سەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و حیزبەکانیش شوێندانەری هەبێ، تەنانەت وەک نموونەیەکی عەینی فلان حیزب بەرگی پێشمەرگەکانی ڕێک وەک بەرگی گریلای باکوور لێدەکا بۆئەوەی لە شەپۆلەکە دوا نەکەوێ و تیپۆلۆژیی ڕواڵەتیشی بەرەو ئەم گوتارە بئاژوێ. بەڵام ئەم گوتارە گشتگیرە دواجار هاتە سەر قەناعەتێکی خۆسەری دیموکراتیک!

هەر بۆیە لە ٢٠٠٣ەوە بەم لاوە و پەسند کردنی فیدرالیسم لە عێراق، ئەوە گوتاری باشوورە کە جێ بە گوتاری باکوور لێژ دەکا، کە تا هەنووکەش چاوەڕانی هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ گوتارێکی هاوچەشنی باشوور بۆ ڕۆژهەڵات هەر درێژەی هەیە. کەچی ئەم چاوەڕوانییە جگە لە دەستەوەستانی، شکانی کەرامەتی تاکی ڕۆژهەڵات و خەسیوی، هیچ ئاکامێکی تری لێنەکەوتۆتەوە .چونکە لە ڕاستیدا پێکهاتەی نەتەوەیی، جوغرافیای سیاسی و سروشتی، دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتی ئێران لەگەڵ عێراق بە گشتی جیاوازە و ناکرێ بە پێوەدانگی باشوور لە کێشەکانی ڕۆژهەڵات بڕوانین.

دیارە حاشا لەمە ناکرێ کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، بەرەو پێشچوونی پێڤاژۆی ئاشتی لە باکوور و ساز بوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارتێکەرییەکی ئەرێنییان بووە بەڵام بە گشتی کێشەی کورد دەبێ لە هەر پارچەیەکدا لە سەر بنەما و چوارچێوەی ئەم وڵاتەی کوردی تێدا دەژین ڕێکاری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی لەم بڕیارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێ ئەمەیە کە دەبێ ڕۆژهەڵات گوتاری خۆی نوێژەن کاتەوە، گوتارێک کە بە تەعبیری د. خەدیو بتوانێ خەباتی شاخ و شار لێک گرێ دا و ببێتە هۆی دەست لە دەست کردنی چیا و شەقام و زیندان. ئەمانە نیشانەی پشکوتنی بەهاری کوردە. بەڵام ڕەنگە پرسیارێک لێرەدا لەبەردەم خوێنەر قوت بێتەوە، ئەمیش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامی‌دا ئەم خەباتە لێک گرێ درێ؟ لە لایەکی ترەوە بە داخەوە چەشنی پەیوەندییەکانی سەرجەم حیزبەکانی باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکە کە ئەوەندەی ڕۆژهەڵات بەدەم خەم و ئازارەکانی ئەم بەشانەوەیە، ئەوان لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات یان بێدەنگن یان زۆر جاران بەربەستن!

**ئەوەی لەم بڕیارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێ ئەمەیە کە دەبێ ڕۆژهەڵات گوتاری خۆی نوێژەن کاتەوە، گوتارێک کە بە تەعبیری د. خەدیو بتوانێ خەباتی شاخ و شار لێک گرێ دا و ببێتە هۆی دەست لە دەست کردنی چیا و شەقام و زیندان. ئەمانە نیشانەی پشکوتنی بەهاری کوردە.**

کە وا بوو بەم هەموو کۆسپەوە دەبێ میکانیزمەکانی ئەم پڕۆسەیە چۆن بێ؟ خۆ ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە بە بەراوەرد لەگەڵ سەرەتای هەشتاکان گوتاری ڕۆژهەڵات زاڵترین گوتاری هەر چوار پارچە بوو، گوتارێک کە بەتەواوی میراتگری گوتاری سەردەمی کۆماری کوردستان بوو، گوتارێکی ناسیۆنالیستی لە سەر چەند بنەمایەکی سۆسیالیستی، کە سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە دەکەی وەک: کۆمار، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، پێشمەرگە، شەهید، نیشتمان، وڵات، ئەندام، یارمەتی... ئێستاشی لەگەڵدا بێ گوتاری پارچەکانی تری کوردستان هەر قەرزداری گوتاری کۆمارن.

تەنیا ڕێکارێک کە دەتوانێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بیگرێتە بەر، گەڕانەوە بۆ گوتاری سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانە، ئەمەش مسۆگەر نابێ مەگین بە سووکە ئاوڕێک بۆ سەر قەندیل! لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتیی سیاسی کورد دەبێ لە چالاکیی جیددی و بە کردەوە لە دەرەوە واتە ئورووپا و ئەمریکا خافڵ نەبێ. لە لایەکی ترەوە ئەرکی ڕووناکبیرانی ناوخۆ و چالاکڤانانی مەدەنی دەبێ لە ڕاستای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێ. لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا هەندێ جار پێشهاتە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن کە بارودۆخی سیاسیی وڵاتێک دەگۆڕن. پارسۆنز پێی وایە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هێزێکی گشتیی جەماوەری کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگا و ئەم گۆڕانە، گۆڕانێکی پێکهاتەیییە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی: دیاردەیەکی گشتییە، پێکهاتەیییە، بەردەوامە. واتە کاتیی نییە و دواجار قۆناغێکی زەمەنیی دیاریکراوی هەیە. کۆی ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە هۆی ئەوە کە لە سەر مێژووی وڵاتێک شوێندانەر بن. بە بڕوای من لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکە. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین زۆر بیانوو و بۆنە لە ناوخۆدا هەن کە دەوری ئەم کاتالیزۆرانە بگێڕن.

وەک دوا وتە شاخ واتە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە یا هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە تەنانەت لە قالبی نافەرمانیی مەدەنییشدا وەک مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژێکی وەک ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتورر قاسملوو و... بقۆزنەوە و کانالیزەی بکەن و بە جۆرێ خەباتی شار و شاخ لێک گرێ دەن. ئەمە دەبێتە هۆی بەرجەستە بوونی ڕۆژهەڵات مێحوەری و دەسپێکی قۆناغێکی نوێی خەبات لە ڕۆژهەڵات و دواجار گوتارێکی شیاو، با ئەم هەلەش لە کیس نەچێ!



# هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانی شەڕێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ تیرۆریزم

قادر وریا

بۆ مانگو نیوێک دەچێ هەرێمی کوردستانو هەولێر وەک پێتەختی ئەو هەرێمە کوردییە، بوون بە جێگای سەرنجی ناوەندە دیپلۆماسییەکانو میدیاکانی جیهان.

لەو کاتەوە کە چەکدارەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش، ڕووی هێرشو پەلامارەکانیان لە شارو ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقەوە وەرسووڕاندو ڕوویان کردە خاکو خەڵکی باشووری کوردستان، هەرێمی کوردستان، هەولێر پێتەختی ئەو هەرێمەو، سەرۆکایەتیی سیاسیی هەرێمو هێزی پێشمەرگە، سەرنجی میدیاکانی جیهانو ناوەندە دیپلۆماسییەکانی دنیایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

چەکدارەکانی داعش لەو شارو ناوچانەی باشووری کوردستان کە پەلاماریان دەدانو داگیریان دەکردن، بە هێندێک جیاوازییەوە، هەر ئەو کردەوەو ڕەفتارانەیان ئەنجام دەدا کە لە مووسڵو تکریتو ناوچەکانی دیکە بەرامبەر خەڵکی جیابیر ئەنجامیان دابوون. ڕەنگە جیاوازییەکی هەرە گەورە لەوە دابووبێ کە کەمایەتییەکی گەورەی ئایینی کە خوشک و برا ئێزەدییەکان بوون، لە پەلامارەکانی داعش بۆ سەر هەرێمدا، بێبەزەییانە کەوتنە بەر توندوتیژیی ئەو تاقمە تیرۆریستییەو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە کۆڕەوەێکی گەورەی مرۆیی لە گەرمای تاقەتپڕووکێنی وەرزی هاویندا بەرەو چیای شەنگاڵ وەڕێ بکەوێ. بەڵام دیارەهەم دژکردەوەی خەڵک لە شارو ناوچە پالاماردراوەکانی هەرێم بەرامبەر هاتنی ئەم هێزە تیرۆریستییە لە هی شارو ناوچەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق جیاواز بوو، هەم کاردانەوە ناوچەیی‌و جیهانییەکان بەرامبەر ئەم پەلامارانە جیاواز بوون.

خەڵکی کوردستان، تەنانەت خەڵکی ناوچەدابڕاوەکانی هەرێمیش، ئەزموونێک لە دەسەڵاتدارەتیی کوردیان بەدی دەکرد کە لە هەر ناوچەیەک دەسەڵاتی بووبێ،ئاسایشوخۆشگوزەرانیی بۆ دانیشتووان هێناوە، ڕێگا نادا کەمایەتییە ئایینی‌و زمانییەکان لە گەڵ سەرکوتو هەڵاواردن بەرەوڕوو بن. جگە لەمەش، ناوەرۆکی دەسەڵاتەکەی، ئازادی‌و دیموکراسی‌و پێشاندانی ڕوخسارێکی ئەمڕۆیی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە. دانیشتوانی ناوچە سوننییەکان، کە چەند ساڵێک بوو لە ستەمو هەڵاواردنی مەزهەبیی دەوڵەتی مالیکی بەرامبەر خۆیان وەزاڵە هاتبوون، هەڵوێستیان بەرامبەر زاڵبوونی دەسەڵاتی هێزێکی وەک داعش کە بە ڕواڵەت داکۆکیکاری سوننەمەزهەبەکانە، ئەگەر پێشوازی نەبووبێ، بێتەفاوەتی‌و بیلایەنی بوو. بەڵام بۆ دانیشتوانی شارو ناوچە کوردی‌و کوردستانییەکان، مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو. ئەوان لە دەسەڵاتێکی خۆیی‌و ئازادو دیموکراتیک، دەکەوتنە ژێر سەیتەرەی حوکمڕانییەکی کۆنەپەرستانە، تیرۆریستی‌و توندوتیژ کە هەموو شتێکی لە گەڵ ئەم سەردەمە ناموو بوو. هەر بۆیە خەڵکی شارو ناوچە کوردستانییەکانی ئامانجی پەلاماری داعش، بە تایبەتی خوشکو برا ئێزەدییەکان بە پەنابردن بۆ کۆڕەو، دژی هاتنی داعش وەستانەوە. ئەگەرچی چەکدارەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستییە بەو هەمووە چەکوچۆڵە پێشکەوتووە تەیار بوون کە لە سوپای تێکشکاوی عێراق دەستیان کەوتبوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە سەرەڕای تەیارنەبوونی بە چەکی پێشکەوتوو بە خۆڕاگری‌و بەرەنگاریی خۆی‌و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، پێشڕەوییەکانی داعش بەرەو قووڵایی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت.

بەرەوڕووبوونی هەرێمی کوردستان لە گەڵ پەلامارو لەشکرکێشیی گرووپی تیرۆریستیی بە ناو «خیلافەتی ئیسلامی»(داعش)، هەم لە ئاستی نەتەوەیی، هەم لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا، کاردانەوەو لێکەوتەی گرنگی هەبوو. لە ئاستی نەتەوەیی دا، هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستانو تاکەکانی نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێک هەن، هەستیان بە نیگەرانی کردو بەرگریکردنو بە هاناوە هاتنی هەریمی کوردستانو پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەم ئەزموونەیان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان زانی. لە لایەکەوە بە ئامادەیی دەربڕین بۆ بەشداری لە شەڕ دژی تیرۆریستانو لە لایەکی دیکەوە بە هاودەردی لە گەڵ خەڵکی لێقەوماوو ئاوارەو کۆکردنەوەی یارمەتیی بۆ ئەوان، هەڵوێستی چاوەڕوانکراوی خۆیان ڕاگەیاند. لە ئاستی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتیش دا،هەرێمی کوردستان لە گەڵ پشتیوانی‌و بەدەنگەوەهاتنێکی بێوێنە بەرەوڕوو بوو. پشتیوانییە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەکە، هەر تەنیا لایەنی مرۆیی‌و ماڵیی نەبوو، بەڵکوو ڕەهەندی سیاسی‌و سوپاییشی بە خۆوە گرت. ئەمریکاو چەندین وڵاتی ڕۆژاوایی، پارێزگاری لە هەرێمی کوردستانو ناردنی چەکو تەقەمەنیی پێشکەوتوو بۆ هێزی پێشمەرگەیان بە ئەولەوییەتی خۆیان دانا.

ئاماژەکانی ئەو دیوی ئەم هاوبەندییە ناوچەیی و جیهانییە لە گەڵ هەرێمی کوردستان، دەتوانین بەم جۆرە بخوێنینەوە:

– هەرێمی کوردستان، لە نێو هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا،نموونەیەکی سەرکەوتوویە لە وێکهەڵکردنو پێکەوەحەوانەوەی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان. نەک هەر لە ئاستی عێراق، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەشدا، ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە لە سەقامگرتوویی سیاسی‌و، دامەزرانی پێوەندیی سیاسی، ئابووری و بازرگانی لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر.

– ئەم هەرێمە، بەهۆی تەعامولی دروستی لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانی‌و پرسو کێشەکانی سەردەمو پەرەپێدانی ئازادی، دیموکراسی‌و مافی مرۆڤو، بە هۆی وەستانەوەی بەرامبەر تیرۆریزمو هەموو ئەوهەڕەشانەی ئاشتیی جیهانیی دەخەنە مەترسییەوە، هاوپەیمانێکی جێی متمانەی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتییە.

– هەرێمی کوردستان، سەرەرای هەموو بەربەستو کەندوکۆسپەکان، تواناکانی خۆی لە بواری بەرینکردنەوەی پێوەندییە سیاسیی‌و دیپلۆماسییەکانی، لە باری ئابووری‌و بازرگانی‌و بەرەوژووربردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتوسەرچاوە ژێرزەوییەکانی، لە بواری پەرەپێدانی فڕۆکەخانەو ڕێگاوبانو نیشتەجێکردنو ناوەندە زانستییەکان،لە بواری کولتووری‌و لەشساغی‌و دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵک، تەنانەت لە ڕووی هێزی بەرگری و پێکەوەنانی هیزێکی سوپایینی، بەرەوژوور بردوە. بەڵام ئەم گەشە و پێشکەوتنە نەک هەر نەبووە بە هۆی هەڕەشەو نیگەرانی بۆ سەر میللەتانو ولاتانی دیکە، بەڵکوو یارمەتیی بە سەقامگرتوویی‌و پێشکەوتنی ناوچەکە کردوە.

– داعش، ئەگەرچی لەم ناوچەیە (سووریەو عێراق)و لە سەر زەمینەی کێشەو ململانێیە ئایینی‌و سیاسییەکانی نێو هەناوی ئەم دوو ولاتە، پێی گرتوەو بووە بەو هێزە کە لەم دوو وڵاتە مەیدانداری دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا بە دەیان هەزار کەس لە سەرانسەری جیهانی لە ڕیزەکانی خۆی‌دا کۆکردوەتەوەو ئەگەر ئەم دەسەلاتدارەتی‌و مەیداندارییەی لەم ناوچەیە لێتێک نەدرێ، دەتوانێ‌و توانیویەتی ببێتە مەترسییەکی جیهانی.

ئەزموونی دوو دەیەو نیوی ڕابردوو دەری خستوە لە نێو نەتەوەکانو دەوڵەتانی ناوچەی پڕ کێشەو ناتەبایی ڕۆژهەلاتی نیوەراستدا، نەتەوەی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەم نەتەوەییە، لە هەمووان زیاتر، دۆستی جیهانی دیموکراتو پێشکەوتوون.شەڕی داعش ئەگەرچی بەڕواڵەت شەڕێکی ئایینییە، بەڵام شەڕە لە گەڵ پێشکەوتن و شارستانییەتو دیموکراسی، شەڕە لە گەڵ مرۆڤایەتی‌و ڕووناکی. نەتەوەی کورد بە گشتی‌و هەرێمی کوردستانو هیزی پێشمەرگە بە تایبەتی، پێیان خۆش نییە بوون بە خانەخوێ و تەڕەفی ئەم شەڕە نەخوازراوە. بەڵام ئیستا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، قۆڵی لە پشتیوانیی ئەوان هەڵماڵیوە، بە شانازییەوە ئەم شەڕە دەکەن.



# لابردنی ناوە کوردییەکان لە سەر تابلۆی دوکانو کۆمپانیاکان بە چ مەبەستێک؟



عومەر باڵەکی

بە پێی ئەو هەواڵانەی ماوەیەک لەوە پێش لە ورمێ بڵاو بوونەوە، دەسەڵاتی ئیداری ئەو شارەوانی بڕیاری داوە هەموو ئەو ناوانە کە لە تابلۆی دوکانو شوێنە گشتیەکاندا بە زمانی فارسیو تورکی نەنوسراون دەبێ کۆ بکرێنەوەو بە یەکێک لە دوو زمانە واتە فارسی یا تورکی لە سەریان بنوسرێ.

شارەوانی ورمێ ئامانجی لەو بڕیارە بەو شێوەیە ڕادەگەیەنێ:» بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ چەمک دەستەواژەی بێگانەو پەرەپێدانی زمانی تورکیو فارسی ئەوکارە دەکەین .»

بەڵام ئەوەی جێگای سرنجو لێڕامانە ئەوەیە کە لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە ئەو تابلۆیانە لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتی دەستکاری دەکرێن کە بە زمانی کوردی لەسەریان نووسراوە، کە وادیارە مەبەست لە چەمکو دەستەواژەی بێگانە زمانی کوردییەو ئەوە جێگای سەرسوڕمانە نەک لەبەر ئەوە کە لەو ناوچەیە ئەوە یەکەم جاربێت کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان بە بێگانە دابندرێو زوڵمی لێ بکرێ بەڵکو ئەوەیەکە زۆر بێشەرمانە بە بڕیارو حکومی دەوڵەتی ئەوە ڕادەگەیێندرێو بێجگە لە زمانی فارسی کە بە پێی یاسای بنەڕەتی بە زمانی فەرمی وڵات ڕاگەیەندراوە چۆنە شارەوانی باس لە پەرەپێدانی زمانی تورکی دەکا و دەیهەوێ لەو ڕێگایەوە ئەوە بسەلمێنێ کە زمانی ئەسڵیی ئەو ناوچەیە ئازەرییەو هەر زمانێکی دیکە بێجگە لە فارسیو ئازەری زمانی بێگانەویەو وانیشان بدرێ کە کورد هاووڵاتی ئەو شارە نییەو هیچ بەشێکی بەو خاکەوە نییە کە زێدو نیشتمانی خۆیەتی. ئەوە مەترسییەکی گەورەیە کە بە ئاشکرا هەڕەشە لە پێکەوە ژیانی دوو نە تەوەی کوردو ئازەری کە ساڵیانێکی دوورو درێژ بە ئاشکرا پێکەوە دەژین، دەکا.

ئەگەر بە مێژوودا بچینەوەو چاو لە ڕاستییەکانی ئێستا بکەین، کورد نەک لەسەر ئەو خاکە بێگانە نییە بەڵکوو خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خاکەیە کە ئەوڕۆ بە دەستی زۆر کراوەتە بێگانە. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە کورد چەوساوەتەوەو غەدری لێکراوە و هەوڵی ئەوە دراوە کە دووبەرەکی و نفاق لە نێوان کوردو ئازەریدا دروست بکەنو لەو ڕێگایەوە درێژە بە سیاسەتی چەوسێنەرانەی خۆیان بدەنو کورد لە مافو ژیانی نیشتمانی خۆی بێبەش بکەن.

هەروەک پێشتر ئیشارەی پێکرا بڕیاری لەو جۆرە لە لایەن داموو دەزگای فەرمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە لە ناوچەیەکی حەساسی وەک ورمێ نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران دەیانهەوێ لە هەلو مەرجی ئێستادا کە ناوچەکە لە حالی ئالوگۆردایەو مەسەلەی کوردو مافەکانی بونەتە مەسەلەیەکی جیهانی، گرژیو هاڵۆزی بخاتە نێوان کوردو ئازەریو هەردوو نەتەوە لەو ناوچەیەدا بە شتێک خەریک بکا کە تووشی کێشەو ئاژاوەیان بکا هەتا ئەو دوو نەتەوە بیر لە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان نەکەنەوە. دەنا هیچ مانا نادا تابلۆی سەر دوکانو کۆمپانیاو شوێنە گشتییەکان کە خاوەنەکانیان کوردنو بە زمانی کوردی لەسەریان نوسراوە بگۆڕدرێ بە زمانی تورکی یا فارسیو ئەو مافە لە کوردو تاکی کورد بستێندرێتەوە، لە حالێکدا هەتا ئێرەشی لەگەڵدابێ کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە شاری ورمێ بە پێی یاسا بە شاروەندی ئێرانی دادەندرێو لە هەمان کاتدا لەسەر خاکو نیشتمانی خۆی دەژی. کاتێک ئاخاڤتنو نووسین بە زمانی زگماکی لە نەتەوەیەک قەدەغە دەکرێ، خۆی نیشانەی شێوەیەک لە ژینۆسایدی فەرهەنگی ئەو نەتەوەییە. بە پێی پێناسەیەک کە لە ڕەشنووسی کۆنوانسیونی ژینۆساید کراوە، بەرِوونی دووخاڵ دەست نیشان دەکا:

١- قەدەغە کردنی ئاخاڤتنی ڕۆژانە لە شوێنە گشتییەکانو قوتابخانە بە زمانی زگماکی کەمینەکان یا قەدەغە کردنی چاپو بڵاو کردنەوی ئەو زمانە.

٢- لە ناوبردنو فەوتاندن یا دانانی قەدەغەو قۆرغ لەسەر کتێبخانەکان، قوتابخانەکان، شوێنە مێژووییەکانو شوێنە مەزهەبییەکانو هەموو ئەو داموو دەزگاو کەرەسەی فەرهەنگی کەمینە زمانیو نەتەوەیی.

بە واتایەکی دیکە کاتێک زمانی نەتەوەیەک لە هەموو بوارێکدا قەدەغەو قۆرغی دەکەوێتە سەر هێدی هێدی دەسەڵاتدارانی زاڵ ژینۆسایدی ئەو نەتەوەیە دەکەن چونکە زمان یەکێک لە پێناسە سەرەکییەکانی هەر نەتەوەیەکە. کاتێک گرینگی زمان باشتر خۆ دەنوێنێ کە باس لە پێناسەو ناسنامەی ژیانی مرۆڤەکان بکەین ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرانی زیندووی سەر زەوی جیا دەکاتەوە، دوو شتی سەرەکییە؛ یەکەم ژیانی بە کۆمەڵو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی بەر بەرین، دووهەم زمانی لێک تێگەیشتن لە کۆمەڵگا جیا جیاکانی مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدا. بۆیە پاراستنی زمانو گەشە پێدانی، ئامرازێکی گرینگە بۆ دروست بوونی نەتەوەیەکی سەربەستو پێشکەوتوو. هەر لەو ڕاستایەدا هێندێک لە بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن: دەوڵەتی دیکتاتۆرو خۆسەپێن جۆراوجۆری مەزهەبیو ئایینیو ناسنامەی دیکەی فەرهەنگی لە کۆمەڵگا دا تەحەمول دەکەن، بەڵام کاتێک بابەتی زمان دێتە ئاراوە بە دەگمەن دەتوانن لەگەڵی ڕابێنو تەحەمولی بکەنو بێ لایەن بن. تەنانەت ئەو جۆرە دەوڵەتانە کە هەوڵ دەدەن زمانی کەمینەکان بکەنە زاراوەیەک لە زمانی ڕەسمی وڵات بە مەبەستی بێبەش کردنیان لە گەشەکردنو هەوڵ دان بۆ لە ناو بردنی هەستی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە کە تاکەکانی بەو زمانە قسە دەکەنو لە نێو نەتەوەی باڵادەست لێک دەدرێن.

لێرەدا پێویستە چاوێک لە یاساکانی ئێران بکەینو بزانین ئایا هیچ بڕگەیەکی یاسایی هەیە کە مەودای دابێت بە دەرچوونی بڕیاری لەو بابەتە کە لە هەموو بابەتەکانی ژیان دا قەدەغەو قۆرغ بخرێتە سەر زمانی نەتەوەیەک.

بەندی ١٥ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا هەرچەند بە کەمو کورتیش بێ ئەو مافەی داوە بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە بێجگە لە زمانی فارسی کە بەزمانی ڕەسمی وڵاتی ناساندراوە هەموو کەمینەو نەتەوەکان دەتوانن لە ناوچەی خۆیان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننو بنوسن و تەنانەت گۆڤارو ڕۆژنامەش دەربکەن. بەڵام لەهیچ جێگایەک ئیشارە بەوە نەکراوە کە هیچ تاکێک لە کۆمەڵگا دا مافی ئەوەی نییە کە تابلۆی سەر دوکانەکەی نابێ بەزمانی زگماکی خۆی بێت. لێرەدا ئەو پرسیارە دەبێ لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکرێ کە چۆنە ئیزن دەدەن کە ئیدارەیەکی ڕەسمی دەوڵەتو بەناوی دەوڵەتەوە بڕیاری وای لێدەربچێ کە زمانی نەتەوەیەک کە لەسەر خاکو نیشتمانی خۆیەتی لێ قەدەغە بکرێ لە حاڵێکدا یاسای بنەڕەتی ئێران ئیزنی پێداوە.

لە کۆتایی دا لەسەر یاسازانو ماف پەروەرانو ڕووناکبیرانو کەسایەتیەکانی شاری ورمێیە کە لەسەر ئەو مەسەلەیە وەدەنگ بێنو ئیزن نەدەن بڕیاری چەند کەسی هەلپەرستو نەفەس نزم ئارامیو پێکەوە ژیانی کوردو ئازەری تێک بداو ئەرکە لەسەر خاوەن دوکانو شوێنە گشتییەکان کە لە ڕێگای یاساو دادگاوە لە مافی خۆیان دیفاع بکەنو هەوڵ بدرێ ئەو بڕیارەی شارەوانی ورمێ هەڵبوەشێندرێتەوە .




# گرنگیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن



تەهای ڕەحیمی

دەگەڵ کۆتایی هاتنی مانگی خەرمانانو بەرەبەری پاییز، کۆمەڵگە مرۆییەکان لە وڵاتەکانی سەراسەری جیهان خۆ ئامادە دەکەن بۆ دەسپێکردنەوەی قۆناخێکی دیکەی پێگەیاندن و وەبەرخوێندن نانی بەرەیەکو وەچەیەکی نوێ بە مەبەستی بنیاتنانی داهاتووی ڕوون. پەروەردەو خوێندنو بەگشتی پرۆسەی فێرکردن یەکێکە لە بنەڕەتیترین کۆڵەکەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مودێرن و گەشەپێدانی بوارەکانی ژیان. ئەگەر زمان و سیستمی زمانی مرۆڤ یەکێکە لەو پێوەرانەی کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، دەکرێ بڵێین پەروەردە و پرۆسەی فێرکردنیش فاکتەری سەرەکی جیاکردنەوەی ئەم بوونەوەرەیە لە گیانلەبەرانی دیکە. چونکە ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگەیی مرۆیی دایە، کە پرۆسەیەک بەناوی پرۆسەی فێرکردنو فێربوون هەیەو لەم ڕەوتەشدا فێرخواز و فێرکار، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەرنامە بۆ دانراودا بەرەو ئامانجەکانی خۆپێگەیاندن لە پێناو ئاسۆیەکی ڕووندا هەنگاو دەنێن. هەر بەم پێیە وڵاتانو نەتەوەکان زۆر بە وردبینیو حەساسییەتەوە ئامادەکاری بۆ خوێندنو دابینی پێداویستییەکانی پرۆسەی فێرکردن دەکەنو بە گرنگییەکی زۆرەوە بەردەوام لە هەوڵی بنەبڕکردنی کێشەو ئاریشەکانی پرۆسەکەدانو هەمیشە خەریکی دانانی پرۆگرامو بەرنامەی پێشکەوتووو گونجاون لە پێناو پەروەردەیەکی دروستو سالمدا. پرۆسەی خوێندنو فێرکردن پێویستی بە ڕەچاوی زۆر بواری وەک لەشساغی، دەروونی، تەناهی، ژینگەی ساغ، بیناو کەلوپەلی پێویستی شیکردنەوەی بابەتەکانی خوێندنو هتد هەیە، کە نەبوونی هەرکامیان کار دەکاتە سەر سەرکەوتوویی پرۆسەکە. ڕەچاوی بواری دەروونی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی پرۆسەی خوێندن، کە لە ئێران ئیمپراتۆری ئیسلامیدا نەک ڕەچاوی ئەم لایەنە بەدروستی ناکرێ بەڵکو ڕەوتی خوێندن و بابەتەکانی خوێندن لە سایەسەری ئایدیۆلۆژی چەقبەستووی دەسەڵاتدا هەوڵ دەدرێ بیر و هزرەکانی پەلکێشی دواوە بکەن، هەتا ڕەکێشی داهاتوو. کە دەڵێین باری دەروونی؛ ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێو شیکردنەوەی زۆری پێویستە چونکە تاکە لایەنێک لەخۆ ناگرێ، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە شایانی توێژینەوەیە، بۆ وێنە دەبێ فێرخواز لەو شوێنەی دەخوێنێ دەبێ هەست بە ئارامیو ئەمنییەت بکا، لەگەڵ بەرپرسانو فێرکاران ئاسوودە بێ، گرنگتر لە هەمووان دەگەڵ ئەو شتەی دەیخوێنێو ئەو زمانەی پێی دەخوێنێ هەست بە ئارامی بکا، ئەگینا بە دڵەڕاوکێ و دوودڵی نەک هەر شتەکان وەک خۆی فێر نابێ، بەڵکوو بۆ ماوەیەکی زۆریش تووشی سەرلێشێوانو ئاڵۆزی دەبێ. ئەم پرۆسە بنیاتنەرو داهاتوو ڕوونکەرەوەیە لە هەموو وڵاتەکان بە پێی دوایین گۆڕانکارییەکانو پێشکەوتووترین میتۆدو پرۆگرامی نوێ ڕێک دەخرێو ئامانجی ستراتیژیو درێژخایەنی بۆ دیاری دەکرێ.

سیستمی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی وەک هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی مرۆیی، بواری خوێندنو پێگەیاندنیشی سەقەت کردووەو یان بە قازانجی نەتەوەی باڵادەست، نەتەوەکانی دیکەی خستۆتە خزمەت ئەم نەتەوەوە. لە ئێرانی ئیسلامیدا هەر دەگەڵ هاتنەسەری سیستمی تئۆکراسی ئیسلامی لەژێر دروشمی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی دەستکرا بە حەزفی زۆرێک لەم بابەتو مادده دەرسییانەی دەبووا لە پرۆسەی خوێندندا گرنگییەکی شایانیان پێ بدرێ. ئەمە لە سیستمی سەقەتی پرۆسەکە، کە هەر جارەو بە فتواو بەبیانوویەکی خەیاڵیو لە ژێر ناوی سڕینەوەی کفرو بە ئایینی کردنی خوێندنگەو زانستگەکان، پرۆسەی فێرکردن کڵۆڵتر دەکرێ. هەروەک بۆ هەمووان ئاشکرایەو ئامارەکان و ڕاپۆرتەکان لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانیدا ئاماژەی پێ دەکەن، زەوتی سەرەتاییترین مافی مرۆڤ، واتا خوێندن بە زمانی زگماکی، هەڵاوارنو پێشێلی مافی مرۆڤ، ئازادیی، زیندانی کردن، ئێعدام و ... هتد لە ئێران بەشێکین لە سیاسەتی حکوومەت، کە دیارە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەم کردەوانە ڕەچاو نەکا دەبێ سەرمان سووڕ بمێنێ. لە سەرەتای ساڵی خوێندنی نوێدا، هەندێک ئامار و هەواڵ بەڕوونی باری ئەم پرۆسە گرنگە لە ئێران دەردەخەن. وازهێنانی یەک لە سێی فێرخوازان بە زانکۆ و بەتایبەت ئاستەکانی خواروو، خراپ بوونو ناستانداردی یەک لە سێ قوتابخانەکانو دابین نەبوونی ئامێر گەرمیو ساردیان، دەرکرانی خوێندکارانی کەمە ئایینییەکان بە بیانووی پڕوپووچ و دوور لە مرۆیی، وەرگرتنی پارە لە کاتی ناونووسی فێرخوازان، کەمی بیست و یەک لە سەدی بوودجەی وزارەتی پەروەردەو بە دەیان هەواڵی دڵتەزێنی دیکە، کە ڕەوشی خوێندن لە ئێرانی ئیسلامیدا دەردەخەن. کە لەم بابەتەشدا دیارە بەشی هەرە زۆری ئەم کەمکوڕییانە بەر نەتەوە نامەحرەمەکان دەکەون و هەر بۆیەش ئامارەکان نیشان دەدەن سەدا سی کچان و ژنانی سنوورنشین نەخوێندەوارن. هەروەک لە زۆربەی سەرکوت و هەڵاواردن و زوڵمەکانی دیکەی ژیاندا لە چوارچێوەی ئێران، کوردو کوردستان پشکی شێری بەر دەکەوێ، لە بواری بێبەشی لە پەروەردەیەکی ساغو سەلیم و دابین پێداویستییەکانی پرۆسە خوێندنو ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ پێشخستنو بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەکە، پشکی شێری بەر دەکەوێ. لە بواری پێداویستی و ئیمکاناتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڵ بەشەکانی دیکە وڵات بەراورد ناکرێ و ڕووداني چەندی ڕووداوی دڵتەزێن لە ساڵدا ئەم ڕاستییە دەردەخا. لە کوردستانی بن دەستی کۆماری ئیسلامی ڕوومەتی هەڵقرچاوی کچانی شیناوێ، کە بۆ داهاتوویەکی گەش ڕوویان لە پۆلەکانی خوێندن کردبوو، بەڵام لە سایەسەری نابەرپرسیاربوونی دەزگای پەروەردە پۆلیان لێ بوو بە گڕکانێکی توورە، نیشانەی گرنگی نەدانی تارانە بە خوێندنی ئەو کەسانەی پێی مەحرم نین. دیارە ئەگەر ئەم ناحەقیانە تەنیا قوتابییو خوێندکارانی سەر بە نەتەوەکانی غەیرەفارسی نەگرتووەتەوەو لەم ساڵانەی دواییدا کە دەنگی ناوەندەنشینانش بە نارەزایەتی بەرز بۆوە، خێروبێری دەسەڵاتی ئیسلامی وێلایەتی فەقیه تاڕادەیەکی ئەوانیشی گرتەوە. ئەستێرەدارکردنی دەیانو سەدان خوێندکاری جودابیر، کە وەک تاقمی دەسەڵات بەدەست بیر ناکەنەوە، کۆچی بە لێشاوی خوێندکاران بەرەو هەندەرانو بە دەیان دیاردە و بەربەستی دیکە لەبەردەم خوێندنی تاکەکان و هاووڵاتیانی ئێرانیدا دەبینرێ، کە دەیسلەمێنێ دەسەڵاتبەدەستانی تاران بەزەییان بە هیچ کەس و تاقمێکدا نایەتەوە کە بۆنی ئازادی و جیابیریان لێ بکرێ. کۆماری ئیسلامی نەک هەر بڵێی پێشێلی قانوونە ستانداردە جیهانییەکان دەکا و بەگوێرەی یاساو پرەنسیپی تاقیکاراوەو میتۆدی سەرکەوتوو پرۆسەی فێربوون بەڕێوە نابا بەڵکوو ماددەکانی قانوون بنەڕەتی پەسندکراوی خۆشی لەهەمبەر خوێندن بە زمانی زگماکی پشت گوێ دەخاو تەنیا لە کاتی هەڵبژاردندا بۆ ڕەکێشی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانو هەڵفریواندنی بیروڕای گشتیو شەرعیەتدان بە سیستمەکەی پڕۆپاگەندەی پێوە دەکا. لەمێژ ساڵە خەباتی گەلانی ئێرانو بەتایبەت خەباتی نەپساوە و ڕەوای گەلی کورد بۆ سەرەتاییترین مافەکان، کە خوێندن بە زمانی کوردیو پاراستنی شوناسو هوویەتی نەتەوەیی یەکێکە لەوان بێ وڵام ماوەتەوە. هەروەک وەتمان خوێندن پێویستی بە دابین کردنی پێداویستیو کەلوپەلێکی زۆرو بەجێ هەیە، جا ئەم پێداویستییە لە کەل و پەل و ئامرازەوە بگرە هەتا خوڵقاندنی کەشێکی ئارام و هێمن و ڕەچاوی بواری دەروونی فێرخواز دەگەڵ ئەم بابەت و ماددانەی لە پرۆسەی خوێندندا تووشی دەبن. منداڵێکی غەیرە فارسی وەک کورد کە لە پۆلەکانی خوێندن بەرەووی زمانو وشەگەلێکی نامۆ دەبێتەوە، لە بواری هرزی و دەروونییەوە تووشی شپڕزیو ئاڵۆزی دەبێو لە ڕەوتی خوێندندا دەبێتە جیاوازییەک لە خوێندن، لە نێوان ئەو منداڵەی بە زمانەکەی خۆیو بە وشەگەلێک کە پێی ئاشنایەو لەگەڵی ڕاهاتووە دەگەڵ ئەوەی بۆ یەکەم جار وشە و زمانێک دەیبیستیو تەقەی سەری دێ، کە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاماری سەرکەوتن و دەرچوونی ئەو منداڵانەی بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن لە ئاستەکانی سەرەتاییو دواتریش زیاتر لەو فێرخوازانە بێ کە بە زمانێکی دیکە دەخوێنن. بینا و جێگەو ڕێگەی خوێندن کاریگەریی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر سەرخستنی پرۆسەکە، ئەم فێرخوازەی لە بینای خۆش و نوێ و بە ئیمکاناتەوە دەرس دەخوێنێ بە دڵنیاییەوە چ لە بواری خوێندن و چ لە بواری لەشساغی و ئەمنییەتی گیانییەوە ئاسودەترە لەو منداڵە کوردانەی لە کون و کەلاوەکان و کەپر و بینای نارەسمیدا دەرس دەخوێنن و هەر ئەمەشە لە شیناوێ و زۆر شوێنی بێبەشی دیکەی کوردستان کارەسات دەقەومێ و کاربەدەستانی بێکیفایەتی تارانیش مێشێکیشیان لێ میوان نابێ.

**لە ئێرانی ئیسلامیدا هەر دەگەڵ هاتنەسەری سیستمی تئۆکراسی ئیسلامی لەژێر دروشمی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی دەستکرا بە حەزفی زۆرێک لەم بابەتو مادده دەرسییانەی دەبووا لە پرۆسەی خوێندندا گرنگییەکی شایانیان پێ بدرێ**

# وتەکانی چوار چالاکی سیاسی لەپێوەندیی لەگەڵ تیرۆری میکۆنووس



**ئامادەکردنی: ئارەش لوڕستانی**

ماوەیەک پێش ئێستا لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ، بەرنامەی کاوش لەپێوەندیی لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس کە بە پەروەندەی میکۆنۆس ناسراوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەس لە کەسایەتییە سیاسییەکان ئەنجام دا. لێرەدا قسەکانی چوار کەس لە بەشداربووانی ئەو بەرنامەیە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەی کوردستان.



**محەمەد نوریزاد:** لەبارەی تیرۆری میکۆنووس پێم وایە بەرپرسە حکوومەتییەکانی ئێمە هەڵسوکەوتێکی زۆر نابەجێیان لەبەرامبەر دژبەرانمان ئەنجام دا کە ئابڕووی ئێمەیان لەسەر ئاستی دنیادا بردو سیمایەکی ترسێنەریان لە ئێمە نیشان دا. لەگەڵ دژبەران زیاتر دەبێ قسە بکرێ نەک ئەوەکە لە دەرەوەی سنوورەکان بیانکووژین کە بەداخەوە ئەمە شێوازێکە بەرپرسە حکوومییەکانمان گرتوویانەتەپێش بەتایبەت سەبارەت بە دژبەرە کوردەکانمان. ئەمە خەسارێکی گەورەیە کە لە سەرەنجام دادگای میکۆنۆسی لێکەوتەوە و هێندێک لە بەرپرسەکانمان تۆمەتبار کران و لە دادگای میکۆنووس‌دا بڕیاری مەحکووم بوونیان دەرکرا. تا کاتێک ئەم شێوازە لەلایەن بەرپرسەکانی ئێمەوە قبووڵ نەکرێ‌و بە فەرمیی داوای لێبوردن نەکەن‌و قەرەبووی زیانەکان نەکەنەوە، ئەمە هەروا بابەتێکی گەرمە کە بە نێوچاوانی ئێمەوەیەو ناتوانرێ حاشای لێ بکرێ. کەسانێکی زۆر لە وڵاتدا لەبەر دژایەتی کردن، لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەتیەکانی ئێمەوە کوژراون‌و هێندێک لە بەرپرسەکانمان ئیزنی سەفەرکردن بۆ وڵاتانی دیکەیان نیەو ئەم بەرپرسانە دەزانن لە ئەگەری چوونەدەر لە وڵات، لەلایەن دەزگا دادوەرییەکان و پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە قۆڵبەست دەکرێن و نەتیجەی ئەم کردەوانە ئەو تێچووە قورسانەیە کە دەکەوێتە سەرشانی خەڵکی ئێمەو هەمووان وەک تیرۆریست لێمان دەڕوانن.



**مێهرئەنگیزی کار:** ئەو تیرۆرەی لە ڕیستۆرانی میکۆنۆس ڕووی دا، دوای تیرۆری پێشوو بوو کە دەرحەق بە ڕێبەرانی کورد ئەنجام درا. ئەگەر بمانەوێ بەدوای بنەما سیاسییەکان‌و پاڵنەرەکانی‌دا بگەڕێین، سرووشتییە دەگەینە ئەوەی کە هەرچەشنە بەربەرەکانییەک لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بەتایبەت ئەو بەربەرەکانییانەی کە کەمایەتییە ئێتنیکی-نەتەوەییەکان یان کەمایەتییە ڕەگەزییەکان دەیانەویست نیشانی بدەن، لەگەڵ ئەوەی نیازی دابەشکردنی وڵاتیان نەبوو و بە تەما بوون داخوازییەکانیان لە بواری کولتووری‌دا بێننەگۆڕێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیەویست لەجێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەکە، خودی مەسەلەکە بسڕێتەوە وەک هەموو ئەو بابەت‌و دژایەتییانەی کە لە بەرامبەریان‌دا ڕاوەستابوو. کۆماری ئیسلامی لەجێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام بەدوای لابردن و سڕینەوەی پرسیارەکەدا بووە کە هیچکات سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە چونکە ئەسڵی مەسەلەکە وەک خۆی ماوەتەوە و لەجێی خۆی دایە. ئەگەر توانیویەتی لەباری جەستەییەوە ڕێبەرانێک یان خەڵکێک بکووژێ‌و لەنێوی بەرێ یان تووشی ئاوارەبوونی بکا، بەڵام ڕەنگدانەوەکەی بەرۆکی خودی کۆماری ئیسلامی گرتۆتەوە بۆ نموونە سەبارەت بە مەسەلەی میکۆنۆس دادگاییەکی نێونەتەوەیی لانیکەم لە هێندێک شوێنی جیهان بەتایبەت ئورووپا وەک تیرۆریزمی دەوڵەتیی بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمی ناسراو زەربەی زۆری لە پڕستیژی نەتەوەیی ئێران‌و کۆماری ئیسلامی دا، بە ڕادەیەک کە کەسە یەکەمەکانی ئەو کاتی لە دادگای میکۆنۆس‌دا حوکمی جەلب و گیرانیان بۆ دەرچوو. ئەمڕۆ دوای چەندین ساڵ ئاغای ڕەقسەنجانی دەڵێ تیرۆری میکۆنۆس لەژێر چاوەدێری مندا بەڕێوە نەچووە و کاری گرووپە خۆسەرەکان بووە چونکە لەو سەردەم‌دا ئەو سەرۆک کۆمار بووەو ئاغای فەللاحیان وەزیری ئیتلاعات، بەڵام بە هەر هۆکارێک ئاغای ڕەفسەنجانی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خۆی‌دا وەها قسەیەکی نەکرد و دیارە لەوە تێگەیوە ئەم چەشنە کردەوە تیرۆریستیانە تا چ ڕادەیەک زیان بە سەقامگیریی‌و پڕستیژی ئەوان دەگەیەنێ.



**حەسەن شەریعەتمەداری:** لە تیرۆری میکۆنۆس‌و گشت تیرۆرەکان‌دا ئیددیعای ڕێژیم ئەوە بوو کە بە پێدانی ئیمتیازە ئابوورییەکان بە ئورووپا دەتوانێ تیرۆرەکان لەوێ ئەنجام بداو لە دواهات و لێکەوتەکانیشی پارێزراو بێ. لەڕاستی‌دا ئازایەتیی دادگای میکۆنۆس بوو کە بە مەحکووم کردنی هەیئەتی دەسەڵاتداری ئێران‌و بە نێوهێنانیان کارەکەی گەیاندە جێگەیەک کە کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی مەیلی دەوڵەتی ئەوکاتی ئەڵمان، تۆمەتبار بکرێ‌و زیانی قوورسی ئابووریشی وێبکەوێ و ناچار بەوە بکرێ کە لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەست هەڵاگرێ.

دیارە ئۆپۆزیسیۆن بۆ ماویەکی زۆر بەهۆی ئەم تیرۆرە سەرسوڕهێنەرانەوە پاسیڤ ببوو و کاریگەریی قووڵی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن دانابوو، بەڵام ڕاگیرانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی دوای پەروەندەی میکۆنۆس بوو بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بتوانێ ئاراستەی خۆی بدۆزێتەوەو ئازایەتیی زیاتر پەیدا بکا کە لەڕاستی‌دا دوکتۆری شەرەفکەندیی‌و هاوڕێیانی بە شەهیدبوونیان ئەم دەسکەوتەیان بۆ ئۆپۆزیسیۆن وەدەست هێنا. ئەم ئیددیعایەی ڕەفسەنجانی کە کوژرانی دوکتۆر شەرەفکەندی‌و چەند کەسی دیکە لە ڕیستۆرانی میکۆنۆس بە ئاگاداریی ئەو نەبووە، ئیددیعایەک نییە بتوانرێ بە ئاسانی قبووڵ بکرێ. ئەم کوشتنانە لەژێر چاوەدێریی ئاغای فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێران ئەنجام دراون کە ئەم بەرپرسایەتییە لەژێر چاوەدێری‌و فەرمانی سەرۆک کۆماریی دایە هەرچەند لەوانەیە ئاغای فەللاحیان لەژێر کاریگەریی ئاغای خامنەیی‌دا بووبێ بەڵام سەرۆک کۆمار لە ئەنجوومەنی ئاسایش‌دا بەشدارە و ئاگاداری بارودۆخەکەیە. شایەتی لەدادگا ناوی ئاغای ڕەفسەنجانیشی هێناوەو بە ئاگاداربوون لە قەتڵەکان تۆمەتباری دەکاو بەڵگەکانیش ئەوە دەردەخەن کە ئاغای فەللاحیان‌و ئاغای ڕەفسەنجانی پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەبووە.

تا سەردەمی دوکتۆر شەرەفکەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندییەکی زۆر گەرمی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو و کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی ڕێکوپێک لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بە یارمەتی دۆستە هاوبەشەکانمان‌و یەک لەوان خوالێخۆشبوو نووریی دێهکوردی ئەنجام دەدرا. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی ئەم کۆبوونەوانە پچڕان و لەسەر هەردوو لایە کە خۆ لە گرژییەکان بپارێزن‌و بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکرات و ئاوەدان هەوڵ بدەن. ئەم ئەرکە یەکلایەنە نیەو دەبێ لە هەر دوو لاوە کاری بۆ بکرێ بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبێکی مێژوویی زۆر گەورەو گرینگە، لەم پڕۆسەیەدا ڕۆڵ و بەرپرسایەتییەکی تایبەتی لەسەر شانە.



**یوسف عەزیزی بنی تۆرۆف:** ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی‌و بەرپرسە سیاسیی‌و ئەمنییەتییەکانی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتی‌و مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی تایبەتی، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەڕادەبەدەر توندوتیژانە بووە و تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیی شلەم چوارچێوەیەدا شایانی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنە. ئەم تیرۆرە کە دوابەدوای تیرۆری چەند ساڵ پێشتر واتە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو ئەنجام دراوە، بە بۆچوونی من بە چەند هۆکارێک، بە چەشنێک تۆڵەسەندنەوە لە خەباتی نەتەوەی کورد بوو. یەکەم ئەوەکە ئەم نەتەوەیە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، ئاڵاهەڵگری سێکۆلاریزم و دێموکراسی بۆ هەموو ئێران بوو و لە هەمووش گرینگتر ئاڵاهەڵگری مافی نەتەوە غەیرەفارسەکان بوو. کەواتە دەتوانرێ لەم چوارچێوەیەدا ئەم تیرۆرە هەڵسەنگێنرێ. کاتێک لە هاوینی ١٣٥٨ ئاغای خومەینی بڕیاری هێرش بۆسەر کوردستانی دەرکرد کە لە٢٨ی گەلاوێژدا بەڕێوەچوو، لەبیرمە لە تاران چ هێزگەلێکی دەمارگرژ هاتنەسەر شەقامەکان کە دروشمیان دەدا « حیزبی دێموکرات لە خاکو خوێن وەردەدەین» و ئەم لە خاکو خوێن وەردانە لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ دەست پێکراو تێچووەکەشی لەلایەن نەتەوەی کوردو ڕێبەرانیەوە درا. تەنانەت لە دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرێکیش ڕانەوەستا و چەند ساڵ دوای تیرۆری خوالێخۆشبوو دوکتۆر قاسملوو، جێگرەکەشی واتە دوکتۆر شەرەفکەندیشیان تیرۆر کرد. دوکتۆر شەرەفکەندی ئاوێتەیەک لە کەسایەتیی سیاسیی‌و فەرهەنگی بووکە لە کتێب‌و بەرهەمە بەجێماوەکانی‌و کەم‌وزۆر لە وتارەکانی‌دا دەیبینین. ئەم کوشتن‌و تیرۆرانە سەرەڕای ئیددیعای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ بەشێوەی خۆسەرانە بووە، لە هەر حاڵەت‌دا زەربەی زۆری لە یەکگرتوویی نەتەوەیی داوە و لەڕاستی‌دا برینی قووڵی خستوونەتە سەر ئەم پەیکەرە کە بە ئاسانی دەرمان ناکرێ.

# بەرپرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا

## (بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی تێرری د. شەرەفکەندی)



**مستەفا مەعرووفی**

٢٢ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووریی دێهکوردی دۆستی حیزبی دێموکرات لە بێرلین لە ڕێستوورانێکدا بە ناوی میکۆنووس بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

هەرچەند تێرۆریزم دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵام لەوکاتەوە کە رادیکالیزمی ئیسلامی لە شکلی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارەوە. دوو خوێندنەوەی توندڕەوانە لە ئیسلام، دوو جۆر تێرۆریزمی مەزهەبیی لێ کەوتۆتەوە کە هەر چەند تا ڕادەیەک لە شێوە و تاکتیکدا وەک یەکن بەڵام لە ڕووی مەزهەبییەوە جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکن. یەکەمیان خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی شیعە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆنەوە بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکا، دووەم، خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی سوننی کە تالیبان لە ئەفغانستان بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکرد و پاشان ئەلقاعیدە بە خوڵقاندنی ڕووداوی ١١ی سێپتامبر لە نیۆیۆرک گەیاندییە لووتکە و ئێستاش داعش باڵی بەسەر هەموو گرووپە تێرۆریستەکانی دیکەی ئەم ڕەوتەدا کێشاوە.

ڕەوتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی پێش ڕوتی گرووپە تێرۆریستەکانی وەک تالیبان، ئەلقاعیدە، ئەلشەباب و بووکولحەرام لە ئەفریقا و داعش لە سووریە و عێراق دەستی پێ کرد. ئەوکات لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠دا پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە کردەوەی خۆکوژی ناوەندو پێگەکانی ئەمریکایان لە ناوچەدا بە تایبەتی لە لوبنان دەتەقاندوە، زۆر کەس وەک ئەو ڕووداوانەی سەیر دەکرد لە سەربازانی ژاپۆنی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لە دژی کەشتییەکانی ئەمریکا ئەنجامیان دەدا. ئەو کات کە ئازادیخوازانی ئێرانی بە تایبەتی کوردەکان لە ئێران و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی دەبوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، تێرۆریزم لە پێچ و پەنای پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابووریەکاندا پەردەی بێدەنگیی بەسەر دادەکشا. ساڵی ١٩٨٩ لە قەلبی ئورووپا و لەبەر چاوی بیروڕای گشتی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو تێرۆرکرا و تێرۆریستەکان بە دەستی خوێناوییەوە بەڕێ کرانەوە بۆ تاران. دەیان تێرۆری دیکەی لەم چەشنە لە ئورووپا بە هۆی سات و سەودای ئابووری لەگەڵ ئێران بەردیان لەسەر دانراو بە بێدەنگی سپێردران. هەتا ئەو وەختەی تێرۆریزمی هەڵقوڵاو لە رادیکالیزمی ئیسلامی داوێنی وڵاتانی ئورووپایی، بە تایبەتی ئەمریکای نەگرتەوە، ڕۆژئاوا وەخەبەر نەهات. سەرەنجام ئەوان بۆیان دەرکەوت سوودە ئابوورییەکانی سات و سەودا لەگەڵ تێرۆریستان زۆر لە مەترسییەکانی کەمترە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کە لە چاو ترۆریزمی ئەلقاعیدەو داعیش تێکەڵ بە فرت و فێڵ و نهێنی کاری بووە، لە ڕەوتی دادگای میکۆنۆسدا پەردەی لەسەر دامالڕاو ڕووی ئاشکرای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەر کەوت. دادگای ئەڵمان ٣ ساڵ دوای تێرۆری میکۆنۆس بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی دەستووری تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان داوە. بۆ یەکەم جار وڵاتانی ئورووپا هەڵوێستیان لە دژی ئێران گرت و سەفیرەکانی خۆیان لە تارانەوە بانگ




کردەوە. ئەوە زەبرێکی قورسی لە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دا. هەرچەندە وڵاتانی ئورووپایی پاشان پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران دەست پێ کردەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە دەری خست ئەگەر دنیای متمدن و پێشکەوتوو لە دژی تێرۆریزم هاودەنگ بێ دەتوانێ پاشەکشەی پێ بکا.

لە کاتێکدا یادی ٢٢ ساڵەی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە وڵاتانی جیهان مەترسییەکانی تێرۆریزمی دەوڵەت و ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکانیان بۆ دەرکەوتۆە خۆیان لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی جیهان دا بە بەرپەرس دەزانن، بۆیە ٤٠ وڵات بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس ئیئتیلافێکیان لە دژی داعش پێک هێناوە. ئێران ڕێگەی پێ نەدرا لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بێ. بیانووە رواڵەتییەکەی هەرچییەک بێ، ئەم ڕێگە پێنەدانەی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی تێرۆریسییەکەی. دەبێ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بە تەجروبە بۆیان دەرکەوتبێ کە تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ کات مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێران نەبووە و زۆر جار هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دیکەش. هەروەها داعیش هیچ کات مەسەلەیەکی سووری یان عێڕاقی نیە بە تەنیا، بەڵکوو دەتوانێ ئاسایشی هەموو وڵاتانی جیهان بشێوێنێ. ئەگەر وڵاتانی جیهان لە بەرامبەر تێرۆریزمدا هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن، تێرۆریزم هیچ سنوورێک ناناسێ.

# نوێنەرانی کورد لە مەجلیس، خەمی خەڵکو ئەرکە لەبیرکراوەکانیان



عەلی بداغی

خەڵک باش دەزانن لە کاتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا ئەوانەی مرخی خۆیان لە کورسییەکانی مەجلیس خۆش کردووەو بۆ ئەوەش دەنگی خەڵکیان پێویستە، زۆر باش لە سەر مافی خەڵکو داوای خەڵک دەڕۆنو جاڕ دەدەن. ئەو پاڵێوراوانە لەو کاتانەدا لەگەڵ ئەوەی بەهێنانە بەرباسی سەلاحییەتو زەرفییەتی تواناکانی نوێنەرێکی مەجلیس وادە مزگێنیی بەکارهێنانی هەموو ئەو تواناو زەرفییەتانە لە پێناو دەستەبرکردنی مافو داوای خەڵک لە ئەگەری هەڵبژێرانیاندا دەدەن، تەنانەت لە ئەرکو سەلاحییەتە قانوونییەکانیشیان لادەدەنو پێیان دەکرێ هەمو گرێگوێرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک بکەنەوە، بەڵام دوای هەڵبژێرانیانو پاڵدانەوە لە کورسییەکانی بەهارستان هەموویان لە بیر خۆیان دەبەنەوە.

نووسینی ئەو بابەتە بۆ نومرەدانو دروستکردنی کارنامە بۆ نوێنەرانی کورد لە مەجلیس نییە کە کامیان زۆری کردووەو کێ کەمیی هێناوە، بۆ بیرهێنانەوەی وادەو بەڵێنییەکانیان، بۆ بەگوێدادانی ئەرکە لەبیرکراوەکانیانو بۆ تیشک خستنە سەر ئەو بەستێنو زەرفییەتانەیە کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس زۆر کەم دەیانبینن، زۆر کەم بەکاریان دێننو بە ڕوودادانەوەی ئەوەیە کە ئەوەندەی لە خەمی کورسیو پلەو پایەی ئێستاو داهاتوویانن. هیچ لە خەمی خەڵکەکەیاندا نین، هەر ئەو خەڵکەی لە سۆنگەی ئەوانەوە بە ئێرە گەیشتوون.

کەم نین ئەو کێشانەی ژیانیان لە خەڵکی کوردستان تاڵ کردووەو زۆر کەمن ئەو بەدەنگەوەهاتنو کارو کردوانەی نوێنەرانی مەجلیس کە لەو پێوەندییەدا دەبێ بیکەن. ئەمڕۆکە بێکاری کێشەی سەرەکیی خەڵکی کوردستانە کە لە سۆنگەی ئەو قەیرانەوە زۆر کێشەو قەیرانی دیکەی وەک هەژاری، ئێعتیاد، تەڵاق، کۆچ، خەمۆکیو تەنانەت خۆکوژی بەربینگی بە خەڵک گرتوە؛ کوردستان بەهۆی ناخۆیی سەیرکرانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کەمترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، کەمترین کاری وەبەرهێنانی تێدا کراوە، کەمترین کارخانەو کارگای لێ دانراوە، کەمترین ئێعتبارو بودجەی بۆ کاروباری ئاوەدانی بۆ لەبەرچاو گیراوە، نە ڕێگەو بانی بەکەڵک دێ، نە قوتابخانەو خوێنگەکانی کە نیوەیان ئی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتین، نە نەخۆشخانەو ناوەندە دەرمانییەکانی؛ خەڵکی کوردستان دەبینن کە کانگاو سەرچاوە سروشتییەکانیان بە تاڵان دەبرێ، چی بەردی زێڕو مەرمەڕو گڕانیتو مسە لە کوردستان دەریان دەهێننو بۆ ئیسفەهانو یەزدو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەبرێنو بەشی خەڵکی کوردستان دامەزرانی ٤٠-٥٠ کەس وەک کرێکارو دووکەڵو پیسبوونی ژینگەکەیانە؛ خەڵکی کوردستان لەسەر داواکردنو بەدواداچوون بۆ سەرەتاییترین مافەکانیان دەگیرین، حوکمی قورس دەدرێن، لە داردەدرێن؛ بۆیان نییە بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەگەر نەبنە بەسیجو خۆشخزمەتی بە نیزام نەکەن بۆیان نییە چاویان لە زۆر مەقعییەتی خوێندنی بەرزو کارو بەرپرسایەتی هەبێ با سەد ئەوەندەش شایانو لایقی بن؛ بۆیان نییە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن ئەگەرچی زۆر باشیشی لێ بزانن، بەڵام مین لە مەزراو مووچەکانیانو لە بن پێیاندا دەتەقێتەوە، بە تاوانی کارو کاسپی لە ناوچە سنوورییەکان دەدرێنە بەر دەسرێژ، لە نێوشارو لە نێورێگای شارەکاندا سەرەڕۆیانە تەقەیان لێدەکرێ، نە بنەماڵەی بەبێتاوان کوژراوەکان قەرەبوو دەکرێنەوە، نە بکوژەکان لێیان دەپرسنەوە، نە بریندارەکانی تەقینەوەی مین مافە قانوونییەکانیان پێ دەدرێ، نەکار بۆ دووپاتنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە دەدرێ.

بەنداو لێ دەدرێو شوێنەوارە مێژووییەکانو سامانە نەتەوەییو ژینگەییەکانی کوردستان بنئاو دەکەوێ، بەهۆی کەمتەرخەمیی ناوەندە حکومییەکان پۆلی خوێندن ئاور دەگرێ، منداڵ دەسووتێنو هەڵدەپرووزێنو دوایە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیان تێدەکرێو بیردەچنەوە....



پرسیار ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لە کوێی ئەو کێشانەدا خۆیان دەبیننەوە؟ چەندە ئەوانە بە خەمی خۆشیان دەزانن؟ لە کوێ شانیان وەبەر سووککردنی کەمە بارێکی ئەو خەڵکە داوە؟ قسە کە هیچی تێناچێ، بەڵام چەندە قسەی خێریان کردووەو چەندە بەکردەوەش هەوڵیان بۆ داوە؟ با ئەوان خۆیان وڵام بدەنەوە...

بەڵام وڵام ئەوە نییە کە بڵێی ئەوانە کاری ئیجرایینو لە ئەرکی نوێنەرانی مەجلیس نین، یان ئەوەیان بەشی من نییەو کێشەی خەڵکی شارەکەی من نییە، چونکی نوێنەرانی مەجلیس هەم وەک تاک دەسەڵاتیان هەیە ئەگەر بڕشتیان هەبێ، هەم وەک گرووپو فراکسیۆن ئەگەر بیانەوێ پێکی بێننو بۆ مەبەستە تایبەتەکان بە قورسایی زیاترەوە بەکاریان بێنن.

ئەرکی نوێنەرانی مەجلیس دیارە کە لە دوو بەشی قانووندانانو چاوەدێری دایە، نوێنەرانی مەجلیس دەتوانن لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتداو لە پێوەندی لەگەڵ هەموو پرسە گشتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا قانوون دابنێن، پرسیار ئەوەیە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس وەک خۆیان سەرچاوەی پەسندکردنی کام قانوون بۆ چارەسەری بەشیک لە کێشەکانی خەڵکەکەیان بوون، یان ئەوەی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی نوێنەرانی ناوچەکانی دیکەو دروستکردنی قورسایی زیاتر توانیویانە کام بار لە سەر شانی خەڵکەکەیان سووک بکەن؟

بەشێکی دیکە لە ئەرکو سەلاحییەتەکانی نوێنەرانی مەجلیس چاوەدێری بەسەر کاروباری دەوڵەتو دەزگای قەزایی دایە، نوێنەری مەجلیس بۆی هەیە لە هەموو بڕیارو کارێکی وەزیرەکان، ئۆستاندارەکان، فەرماندارەکان بپرسێتەوە، چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنو جێبەجێکردنیاندا بکا، بە زارەکیو بە نووسراوە وەزیرو بەڕێوەبەرانی وڵات لە بڕیارێک یان شتێک وریا بکاتەوە، بانگیان کاتە کۆبوونەوەی مەجلیسو پرسیاریان لێ بکا، ئیستیزاحیان بکا؛ لێژنەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ پرسە گرینگەکانی خەڵک پێک بێنێو، لە هەر جێیەک بزانێ مافێک لە خەڵک زەوت کراوە لەوێ خۆی دەربخاو خۆی لێ بەسێحەب بکاو .... پرسیار ئەوەیە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەو بەشەشدا خۆیان لە کوێی ئەو باسو ئەرکانەدا دەبیننەوە؟

بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ تەقەکردنی ناقانوونیو سەرەڕۆیانەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کوردستان کە ڕۆژانە کوژرانو برینداربوونی کۆڵبەرانو کاسبکارانی لێ دەکەوێتەوە، یان تەقینەوەی مین لە بن پێی خەڵکی مەدەنی تا ئێستا وەزیری نێوخۆ بانگ کراوە، یان هەر پرسیاری لێکراوە؟ لە پێوەندی لەگەڵ پشتگوێخرانی ئەسڵی، نەبوونی پرۆژەی گەورەی ئابووری لە کوردستان پرسیار کە وەزیری پیشەسازیو کانزاکان کراوە؟ لە پێوەندی لەگەڵ سووتانی منداڵانی شیناوێو پشتگوێخرانو لەبیرکرانیان، پرسیار لە وەزیرەکانی پەروەردەو بێهداشتو دەرمان کراوە؟

دوا قسە ئەوەی کە ئەوانەی نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارن، مێژوو قەزاوەتیان لەسەر دەکاو کارو کردەوەکانیان لەبەرچاوی خەڵک ون نابێ، نوێنەرانی کوردی مەجلیسیش کە نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکی بەشخوراوو بێبەش لە مافەکانیان دەکەن، ئەرکی قورستریان لەو پێوەندییەدا لەسەرشانە.

---

# جیابوونەوە باشترە



ڕێبوار مەعرووفزادە

لە ساڵی ١٧٠٧ بەملاوە سکاتلەند بەشێک لە بریتانیای مەزن بووە. لە ساڵی ٢٠١٢ دێڤید کامێرون، سەرۆک وەزیری بریتانیا، و ئالێکس سالموند، سەرۆک وەزیرانی سکاتلەند، ڕێکەوتنێکیان واژۆ کرد کە لە ١٨ سێپتامبەری ساڵی ٢٠١٤ ڕیفراندۆمێک بۆ دیاریکردنی داهاتووی سکاتلەند بەڕێوە بچێ. لە ڕیفراندۆمەکەدا لە دانیشتووانی سکاتلەند پرسیار کرا کە ئاخۆ سکاتلەند پێویستە وڵاتێکی سەربەخۆ بێ یان نا. لایەنگرانی سەربەخۆیی لە سکاتلەند کەمپەینێکیان پێکهێنا لە ژێر ناوی "بەڵێ بۆ سکاتلەند" و لایەنگرانی مانەوە لەگەڵ بریتانیاش کەمپینێکی دیکەیان لە ژێر ناوی "پێکەوە باشترە" دەست پێ کرد. ئاکامی ئەو ڕیفراندۆمە ئەوە بوو کە % ٥٥ دەنگدەران واتە نزیکەی ١.٩ میلیۆن سکاتلەندی دەنگیان بە مانەوە لەگەڵ بریتانیا و 45% دەنگدەرانیش واتە ١.٥ میلیۆن سکاتلەندی خواستی سەربەخۆییان بەرز کردەوە. هەرچەند جارێ سکاتلەند لەگەڵ بریتانیا دەمێنێتەوە بەڵام سکاتلەندییەکان توانا و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە خاوەنی وڵاتی خۆیان بن. لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێک لە لێکۆڵەران لەو بڕوایە دان کە جیابوونەوەی سکاتلەند دەتوانێ لە بواری ئابوورییەوە خەساری گەورە بە سکاتلەندییەکان بگەیەنێ بەڵام سکاتلەندییەکان لە باری ئابووری و سیاسی دەتوانن سکاتلەند باشتر لە بریتانیا بەڕێوە بەرن.

**دژبەرانی سەربەخۆیی**

دژبەرانی جیابوونەوە سکاتلەند بە گشتی جەخت لە سەر فاکتەری ئابووری دەکەنەوە. بۆ نموونە پێتینگر تێژوان لە وتارەکەی خویدا "ئابووری سکاتلەندێکی سەربەخۆ" باس لەوە دەکا کە وڵامێکی بەڵێ لە ڕیفراندۆمەکەی ١٨ سێپتامبەر، سکاتلەند بێ بەش دەکا لە هەموو ئەو یارمەتییە مادیبیانەی بریتانیا بۆ سیستمی خوێندن و سیستمی تەندروستی سکاتلەند دەیکا. سکاتلەند ساڵانە بۆ هەر تاکێک ١٠.٢١٢ پۆند لە بەریتانیا وەردەگرێ لە حالێکدا ئینگلەند ٨.٥٨٨ پۆند وەردەگرێ. بەڵام دیوی دیکەی ئابووری بریتانیا ئەوەیە کە ٩٠ لە سەدی سەرچاوەکانی نەوتی دەریای باکوور لە سکاتلەند هەڵکەوتووە. داهاتی نەوتی سکاتلەند ئێستا دەچێتە نێو خەزانەی بریتانیا بەڵام دوای جیابوونەوە ئەو داهاتە بۆ هاووڵاتیانی سکاتلەند دەگەرێتەوە. نەوتی سکاتلەندی یەک تریلیۆن پۆند بەراورد دەکرێ و دەکرێ هەتا سالی ٢٠٥٥ دەرهێنانی نەوت بەردەوام بێ. گرفتێکی دیکە کە ڕەنگە ڕووبەرووی سکاتلەندێکی سەربەخۆ بێتەوە ئەو قەرزەیە کە بریتانیا هەیەتی و دانەوەی بەشێک لەو قەرزە دەکەوێتە ئەستۆی سکاتلەند. بە پێی ڕوانگەی ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی نیشتمانی کۆمەڵایەتی و ئابووری (NIESR) سکاتلەند لە یەکەم ساڵی سەربەخۆییدا پێویستە 2.3 بیلیۆن پۆند (£ ٢٣bn) وەک بەشە قەرزەکەی بداتەوە. بەڵام شێوازی جۆراوجۆر بۆ دابەشکردنی قەرزی نیشتمانی بریتانیا هەیە کە بە هەر شێوەیەک کە دابەش بکرێ لە GDP سکاتلەند واتە لە بەرهەمی ناخالسی نێوخۆیی ئەو وڵاتە کەمتر دەبێ. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە دکتور ئانجوس ئارمسترانگ، بەرپرسی ماکرۆئیکۆنۆمی لە ڕێکخراوی (NIESR) کردویەتی ئەگەر قەرزی نیشتمانی بریتانیا لە ساڵی ٢٠١٦_ ٢٠١٧ بە پێی حەشیمەتی هەر بەشێک دابەش بکرێ، سکاتلەند پێویستە ١.٣ بیلیون پۆند بداتەوە کە دەکاتە ٨٦ لە سەدی داهاتی ناخالسی نێوخۆیی سکاتلەند. هەروەها ئارمسترانگ لە لێکۆلینەوەکەیدا نیشان دەدا کە ئەگەر قەرزی نیشتمانی بریتانیا بە شێوازگەلی دیکە دابەش بکرێ، سکاتلەند بڕە قەرزێکی وەبەر دەکەوێ کە کەمتر لە ٨٦ لە سەدی داهاتی ناخالسی ئەو دەبێ. هەر بۆیە سکاتلەندێکی سەربەخۆ ئەو توانایەی دەبێ کە ڕووبەرووی هەر چالێنجێکی ئابووری ببێتەوە.

**ئیرادە و لێهاتویی سکاتلەندییەکان**

زۆرێک لە هاووڵاتیانی سکاتلەند دەیانهەوێ کە وڵاتی خۆیان هەبێ و سکاتلەندییەکان لە بواری بەڕێوەبەری و دەوڵەتداریش ئەزموونی پێویستیان هەیە. سکاتلەندییەکان لە ساڵی ١٩٩٩ بەشدارییان لە هەڵبژاردنێک کرد بۆ ئەوەی پارلمان و دەوڵەتی خۆجێی خۆیان دەستنیشان بکەن. حیزبی ناسیۆنالیستی سکاتلەند (SNP)، کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی سکاتلەندی دەکا و کار بۆ سەربەخۆیی سکاتلەند دەکا، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠١١ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئێستا زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانی سکاتلەندی هەیە. لە دوو هەڵبژاردنی نێوخۆیی سکاتلەند، حیزبی ناسیونالیستی سکاتلەند ڕێژەی دەنگەکانی لە٣١ % بۆ ٤٤% بەرز کردۆتەوە. هەروەها دەوڵەتی لۆکالی سکاتلەند لە دەوڵەتی بریتانیا باشتر کاری کردوە. بۆ نموونە دەوڵەتی لۆکالی سکاتلەند توانیوێتی ڕێژەیەکی زیاتر لە سەرمایەی دەرەکی ڕابکێشێ بە بەراورد بە دەوڵەتی بریتانیا. بە پێی لێکۆلینەوەی Emst&Young، کە ڕێکخراوێکی خزمەتگۆزاری فرەنەتەوەیی لە لەندەنە، ئەو پرۆژانەی کە لە سکاتلەند لە ساڵی ٢٠١٢ و بە شێوەی ڕاستەخۆ لە ڕێگەی سەرمایەی دەرەکی ئەنجام دراون % ٤٩ گەشەی کردوە، ئەوە لە حالێکدایە ڕێژەی زیادبوونی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی لە بریتانیا تەنیا ٣% بووە. هەر بۆیە سکاتلەندییەکان هەم دەیانهەوێ و هەم شایانی ئەوەن کە وڵاتی خۆیان هەبێ.



**ژیانێکی باشتر لە سکاتلەند**

دەوڵەتی سکاتلەند خزمەتگوزارییەکی باشتر بۆ هاووڵاتیانی سکاتتلەند دابین دەکا بە بەروارد ئەو خزمەتگۆزارییانەی دەوڵەتی بریتانیا بۆ هاووڵاتیانی بریتانیا (جێگە لە سکاتلەندییەکان) دابینی دەکا. بۆ نموونە تەنیا دەوڵەتی سکاتلەند بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بەساڵاچووان هەیە و لە ماڵدا خزمەتگوزاری بۆ بەساڵاچووان دابین دەکا. هەروەها خوێندن لە زانکۆ بۆ سکاتلەندییەکان بەخۆراییە، ئەوە لە حالێکدایە هەر خوێندکارێک بریتانیایی کە لە زانکۆکانی بریتانیا دەخوێنی بە گشتی سالانە دەبێ ٩٠٠٠ پۆند بدا. جێگە لەمانە ئەو خوێندکارە سکاتلەندییانەی کە لە بنەماڵەیەکی کەم داهاتن دەتوانن یارمەتی ماڵی لە دەوڵەتی سکاتلەند وەربگرن و ئەو منداڵانەش کە هیچ بنەماڵە و پەناگەیەکیان نیە لە لایەن دەوڵەتی سکاتلەند پارێزگاری دەکرێن. بەو پێیە لە سکاتلەند ژیانێکی جیاواز و تارادەیەک باشتر هەیە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی بریتانیا.

**ئاکام گیری**

ئەگەرچی جیابوونەوەی سکاتلەند لە بریتانیا ڕەنگە ئەو وڵاتە تووشی هێندێک گرفتی ئابووری بکا بەڵام هێندێک دەرفەتی ئابووری نوێشی بۆ دەکاتەوە. سکاتلەندییەکان دەتوانن لە سەرچاوەکانی ژێرزەوی خۆیان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان سکاتلەند کەڵک وەربگرن. وڵامێکی بەڵێ بۆ ڕێفراندۆمی ١٨ سپتامبەر دەیتوانی دەسەڵاتێکی زۆرتر بە دەوڵەت و پارلمانی سکاتلەند بدا کە ئەو وڵاتە بە پێی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی سکاتلەند بەڕێوە بەرن. ئێستاش دەویید کامرۆن هیچ چارەیەکی نیە جێگە لەوەی گرینگی زیاتر بە سکاتلەند و لەو ڕێگەیەوە پێش بەوە بگرێ کە خواستی جیابوونەوە لە بریتانیا گەشە بکا.

هەروەها لە جیهاندا وڵاتانێکی هاوشێوەی بریتانیا بوونی هەیە کە خاوەنی گرووپگەلێکن کە خواستی سەربەخۆییان هەیە کە دەکرێ ئاماژە بە کاتالۆنیا لە سپانیا، کوبێک لە کانادا، تیبێت (Tibet) لە چین، کورد لە کوردستانی عێراق و ... بکەین. پرۆسەی ئاشتیخوازانە و یاسایی جیابوونەوەی سکاتلەند لە بریتانیا دەتوانێ ببێتە مۆدێلی بۆ هەمووی جیهان و بە تایبەتی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران. دێموکراسی لە ڕوانگەیە کەمینەیەک وەک کورد لە ئێران ئەوەیە کە مافی ئەوەی هەبێ ڕێفراندۆم بەڕێوە بەرێ، جیاببێتەوە یان لەگەڵ ئێران بمێنێتەوە.

**سەرچاوەکان :**

Hassan, Gerry. Anatomy of a Scot–tish Revolution: The Potential of Post nationalist Scotland and the Future of the United Kingdom. Published in The Political Quarterly, Vol. 82, No. 3, July–.(September 2011(page 366

Ernst & Young’s 2013 UK attractive–ness survey Scotland published in www..(ey.com (page 1

Toke, Toke, et al. “Scotland, Renew–able Energy and the Independence De–bate: Will Head Heart Rule the Roost?” Published in The Political Quarterly Vol..(84, March 2013 (66

Pettinger, Tejvan. “Economics of Scottish independence”: Published in.economics in 2013

Kemplay, Marie. “Quick guide to fees and finance if you’re studying in Scot–.land.” Published in 2014

Armstrong, Angus, et al. “Scottish Independence and the UK’s Debt Bur–den,” published in National Institute of.Economic and Social Research in 2013

# دەرسەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە سکاتلەند



ئاسۆی حەسەن زادە

رۆژی ١٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ لە ئەنجامی ئەو ریفراندۆمەدا کە سەبارەت بە سەربەخۆیی سکاتلەند بەڕێوە چوو، دانیشتووانی ئەم هەرێمە بە زۆرینەی زیاتر لە ٥٥٪ی دەنگدەران بژاری سەربەخۆیی‌یان رەت کردەوە و دەنگیان بە مانەوە لەنێو بریتانیای گەورە دا. ئەم ریفراندۆمە بەپێی ڕێککەوتنێک بەڕێوە چوو کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە ئێدەنبورگی پێتەختی سکاتلەند لەنێوان دەیڤید کامرۆن سەرۆک وەزیری بریتانیا و ئالێکس سالمۆند وەزیری یەکەمی سکاتلەند ئیمزا کرابوو. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، لەحاڵەتێکدا کە زۆرینەی گەلی سکاتلەند دەنگی بە سەربەخۆیی دابا، ماوەی یەک ساڵ و نیو وەک قۆناغی گواستنەوە بۆ کاردروستایی و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی گەیاندنی سکاتلەند بە سەربەخۆیی یەکجارەکی دیاری کرابوو. لە ریفراندۆمەکەدا تەنیا هاووڵاتییانی دانیشتووی سکاتلەند مافی دەنگدانیان هەبوو و لەسەریەک نزیک بە ٨٥٪ ی کەسانی خاوەن مافی دەنگدان چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئینگلستان و سکاتلەند لە سەدەکانی نێوەڕاستدا وەک دوو پاشایەتیی سەربەخۆ شکڵیان گرتووە و بە هۆکاری فەرهەنگی و ستراتژی و بەتایبەت لەژێر کاریگەریی رکابەری و نێوان ناخۆشیی مێژوویی ئینگلستان و فەرانسە، زۆر جار پێوەندییەکی پڕ لە گرژی و دردۆنگییان پێکەوە هەبووە. کاتێک ساڵی ١٦٠٣ ئێلیزابێتی یەکەم بەبێ ئەوەی هیچ وەچەیەک لەپاش خۆی بەجێ بێڵێ کۆچی دوایی کرد، یەکێک لە خزمەکانی بەناوی جەیمزی شەشەم کە ئەو کاتە پاشای سکاتلەند بوو، لەژێر ناوی جەیمزی یەکەم دا بووە پاشای هاوبەشی هەردوو دەوڵەت و ئەو حاڵەتە دروست بوو کە لە تیئۆریی قانوونی دەستووریدا پێی دەڵێن «یەکێتیی کەسێتی»، واتە ئەوە کە دوو یا چەند دەوڵەتی سەربەخۆ پاشایەکی هاوبەشیان هەیە. سەدەیەک دواتر ترس و نیگەرانییە ستراتێژییەکانی ئینگلستان لەلایەک و پێویستییە ئەمنی و ماڵییەکانی سکاتلەند لەلایەکی دیکەوە پارلمانەکانی ئەم دوو دەوڵەتەیان هێنایە سەر ئەوە کە لە ساڵی ١٧٠٧ دا قانوونی یەکگرتنی ئینگلستان و سکاتلەند پەسند بکەن و بەم چەشنە بریتانیای گەورە وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بوو کە دواتر بەهۆی پێوە زیاد بوونی ئیرلەندی باکوور لە چوارچێوەی شانشینیی یەکگرتوودا فراوانتریش بۆوە.

ئەم هاوچارەنووسی و یەکگرتنە بەڵام بۆ گەلی سکاتلەند هەرگیز بە مانای لەبیر چوونەوەی سەروەریی رابردووی و وازهێنانی ئەو گەلە لە خەون و ئارەزووی بەسەربەستی ژیان نەبووە. بەدرێژایی سێ سەت ساڵی رابردوو و بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گەلی سکاتلەند هەم بەهۆکاری مێژوویی و فەرهەنگی و هەم لەژێر تەوژمی فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاوە کە لە پرۆسەی بڕیاردانی سەراسەریدا پشکێکی شیاوتری وەبەر بکەوێ و لەپێناوی سوودمەندیی زیاتر و کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانی ژێر خاک و ژێر ئاوەکانی و هەبوونی سیستمێکی پارێزگاریی کۆمەڵایەتیی گونجاو لەگەڵ رۆئیای باکوورییانەی خەڵکەکەیدا، داوای خودموختاری بکا و تەنانەت بیر لە سەربەخۆییش بکاتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە هەر لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە پارتی کرێکارانی بریتانیا کە تا ئێستاش سکاتلەند یەکێک لە مەکۆ سەرەکییەکانی نفوز و لایەنگرییەتی پرۆژەی بۆ خۆبەڕێوەبەریی سکاتلەند هەبوو و دواتریش پارتی نەتەوەیی سکاتلەند (هەرچەند سەرەتا بە لاوازی) هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتەوە، بەڵام ئەوە تەنیا لە یەک دەهە و نیوی رابردوودا بوو کە خواست و خەونی سیاسیی سکاتیەکان لە پرۆسەی سیاسیی بریتانیادا دانی پێدا نرا و ئاوڕی جیدیی لێ درایەوە. ریفراندۆمێک کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا لەپێوەندی لەگەڵ دانی دەسەڵات بە دامودەزگای خۆبەڕێوەبەریی سکاتلەند بەڕێوە چوو هەم بەهۆی سەرنەکەوتنی وەک پێویستی و هەم بەهۆی دژایەتیی پارتی پارێزگاران بەتایبەتی لە سەردەمی مارگارێت تاچێردا هیچ ئاکامگیرییەکی جیدی لێ نەکرا. هەتا ئەوە کە لەسەر بنەمای ریفراندۆمێکی دیکە، ساڵی ١٩٩٩ سیستمی دیڤۆلووشن (واتە حەواڵەکردنی دەسەڵاتەکان) بۆ پارلمانی سکاتلەند بەڕەسمی ناسرا. بەڵام هەمووی ئەمانەش هۆکارەکانی ناموڕتاح بوونی گەلی سکاتلەند لەنێو بریتانیای گەورەیدا لەنێو نەبرد و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئیجرایی سکاتلەند لەلایەن سالمۆندەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەو لاوە و قووڵبوونەوەی هەستی پشتگوێ خرانی سکاتلەندییەکان لەلایەن وێستمینسترەوە دەستیان وە دەستی یەک دا و لە ئاکامدا لە ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ دا ڕێککەوتنی ئێدەنبورگ بۆ ریفراندۆم لەسەر ئایندەی سیاسیی سکاتلەند ئیمزا کرا.

بیست ساڵ لەمەوبەر کاتێک لە دیباتێکی تەلەفزیۆنیدا ئالێکس سالمۆند رایگەیاندبوو کە رۆژەکانی بریتانیای گەورە لەحاڵی ژماردن دان و زۆری پێ ناچێ ئەو مەملەکەتە لەبەریەک هەڵدەوەشێ، بەشدارانی دیباتەکە لە قاقای پێکەنینیان دابوو. لەکاتی ئیمزاکرانی ڕێککەوتنەکەی ئێدەنبۆرگیشدا دەسەڵاتی ناوەندی هیچ نیگەرانی ئاکامی ریفراندۆمەکە نەبوو و تەنانەت راسپاردەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیشی لەپێوەندی لەگەڵ فۆرموولی پرسیارەکەدا کە تەنیا بریتی بێ لەوە کە «ئایا سکاتلەند دەبێ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ» قبووڵ کردبوو، بەبێ ئەوەی هیچ ئەلترناتیڤێکی دیکەی وەک پێدانی خودموختاریی زیاتر لەجیاتی جیابوونەوەی لەگەڵدا بێ. بەڵام پاش ئەوەی خودی کامرۆن هەڕەشەی هێنانەدەری بریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپای بەرز کردەوە و لەگەڵ بەردەوامبوونی هەستی ناڕەزایەتیی گشتیی سکاتلەندییەکان کە پێیان وابوو بۆخۆیان ئامراز و سەرچاوەکانی بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی پایەداریان لەبەردەستدایە کەچی ئێلیتێکی لەندەنی حوکمڕانییان دەکا کە خۆیانی تێدا نابیننەوە، ئەگەری سەرکەوتنی کەمپی لایەنگرانی سەربەخۆیی هەر هات و بەهێزتر بوو. هەربۆیەش لە دوایین مانگ و حەوتووەکانی پێش بەڕێوە چوونی ریفراندۆمەکە سەرکردە سیاسییەکانی هەر سێ پارتی سەرەکیی بریتانیا چالاکانە کەمپەینیان بەدژی جیابوونەوەی سکاتلەند کرد و بە نیشانەی ئاوڕدانەوە لە چاوەڕوانییەکانی سکاتلەند و وەک پاداشێک بۆ جیانەبوونەوە کۆمەڵێک بەڵێنی تازەیان بەو گەلە دا.

جیابوونەوەی سکاتلەند تەنیا بە مانای لەدەستچوونی یەک لەسێی خاکی بریتانیا وەک یەکێک لە ستراتژیکترین و دەوڵەمەندترین هەرێمەکانی بریتانیا و دەرچوونی یەکێک لە نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەو وڵاتە بە حەشیمەتێکی پێنج میلیۆن و سێ سەد هەزار کەسیەوە نەدەبوو. بەڵکوو ئەو رووداوە کە لە مێژووی وڵاتانی دێموکڕاتیکدا بێوێنە دەبوو، دەبووە مایەی تێکچوونی هەموو هاوکێشە سیاسی و پارامێترە ستراتژییە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە وڵاتێک (بریتانیا) کە لەدوای شەڕەکانی ناپلیۆنەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی قسەی یەکەمی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکرد و ئەمڕۆش وەک یەکێک لە چەند دەوڵەتی هەرە باڵادەستی دنیا ماوەتەوە.

سەربەخۆیی سکاتلەند لەلایەک کۆمەڵێک پرسیاری زۆر گەورە و ئاڵۆزی لەمەڕ چۆنیەتیی دابەشکردنی میراتی سیاسی و ئابووریی نێوان «ئەم دوو وڵاتە» و ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوانیان و پێوەندیی هەر کامەیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەیان دروست دەکرد. شتێک کە لە تێکچوونی باڵانسی نێوان هێزە سیاسییەکانی بریتانیا و دەسکاریی سنوورە نێودەوڵەتییەکانی دوورگەی بریتانیا و دەستڕاگەیشتن بە دەوڵەمەندییەکانی دەریای باکوور و جێگۆڕکە و کۆنترۆڵی جبەخانە نیزامی و پێگە ئەتۆمییەکانەوە بگرە هەتا پرسەکانی پێوەندیدار بە سیستمی پووڵی و قەرزە دەوڵەتییەکان و ڕێکخستنەوەی پێوەندیی دەستووری لەگەڵ مەملەکەتی یەکگرتوو و کۆمۆن وێلز و جێگە و پێگەیان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی یەکێتیی ئورووپا و ئەنجومەنی ئاسایشیدا دەگرتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لە ئورووپایەکدا کە وەک سەرجەم قاڕەکانی دیکەی دنیا سنوورەکانی تەنیا بەرهەمی مێژوون و زۆر لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەیی و تەنانەت پێویستییە سروشتی و بەڕێوەبەرییەکان یەک ناگرنەوە، سەربەخۆیی سکاتلەند شەرعیەتێکی تازەی نەک هەر بە خواستی نەتەوەگەرایانەی دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپادا دەبەخشی، بەڵکوو گیانێکیشی وەبەر هەموو ئەو رەوتە ناسیۆنالیست و جیاییخوازییە دەنایەوە کە هەر ئێستا لەپێوەندی لەگەڵ زۆر دەڤەری وەک کاتالۆنی ئیسپانیا و باکووری ئیتالیا و فلاندەری بێلژیک و پارچە دابڕاوەکانی لەهستان و ناوچە مەجار نشینەکانی ئورووپای رۆژهەڵاتدا لەئارادان.

سەرەڕای ئەوەش، نەک هەر بۆ ئەم کەیسانە کە ناویان هات، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو گەلانەی دیکەی جیهانیش کە لەژێر سایەی حاکمیەتی ئێستای وڵاتەکانیاندا دەچەوسێنەوە و سەرکوت دەکرێن و لە خەباتی ناسنامەخوازانە و ئازادی ویستانەی خۆیاندا پشت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبەستن، پرۆسە و ئاکامی ریفراندۆمی سکاتلەند نابێ وەک دژە نموونە یان وەک مەوردێک چاو لێ بکرێ کە بەڕواڵەت بەزیانی شەرعییەتی گوتاریی بزوتنەوەکانی خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووس کۆتایی هاتووە. بەڵکوو بەپێچەوانەوە، پێویستە ئەم بزوتنەوانە ریفراندۆمی سکاتلەند رێک لە تەئیدی سروشتی داواکارییەکانیان و نێوەرۆکی گوتاری سیاسیی خۆیاندا کەڵکی لێ وەربگرن و لە خەبات و لۆبیگەریی لەمەودوایاندا وەک نموونەیەکی جوان و ئیلهامبەخش زەقی بکەنەوە و پشتی پێ ببەستن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گەلی کورد، لەگەڵ ئەوەدا کە کەیسی کورد بەتایبەتی لە باشووری کوردستان چ لەڕووی حەشیمەت و هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە و چ لەڕووی مشت و مڕ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان بەتایبەتی نەوتەوە زۆر هاوشێوەی کەیسی سکاتلەندە، بەڵام بەپێچەوانەی پرسی سکاتلەند، مەسەلەی کورد تا ئێستاش لەسەر بەستێنێکی نێوخۆیی و ناوچەیی نالەبار و ناڕەوا دروست بووە و چۆتە پێش؛ بەپێچەوانەی سکاتەکان، کورد بە خواستی خۆی وەسەر ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت نەخراوە و بەپێچەوانەی وانیش، لە پرۆسەی مانەوەی لەنێو ئەم دەوڵەتانەدا کە بەسەریاندا دابەش بووە، لە زۆربەی نزیک بە تەواوی بڕگەکانی مێژووی نەتەوەی کورددا گەلی کورد نەک هەر وەک نەتەوەیەکی پێکهێنەری وڵات بەڕەسمی نەناسراوە و لە هەر چەشنە قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری بێبەش کراوە، بەڵکوو حاشا لە بوونیشی کراوە و لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانی بێبەش کراوە و رووبەڕووی سەرکوت و قەڵاچۆ بۆتەوە.

سەرباری ئەوەش جێی خۆیەتی چەند خیسڵەتێکی ریفراندۆمەکەی سکاتلەند بەگشتی بۆ هەموو گەلانی ئازادیخواز و بەتایبەتی لە گۆشەنیگای کوردەوە خەتیان لەژێر بدرێ و لە مشت و مڕ و مامەڵەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و موخاتبە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆیدا بەرجەستە بکرێنەوە :

یەکەم، ریفراندۆمی سکاتلەند نموونەیەکی گرینگی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو کە لەودا بۆ یەکەم جار یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکی دنیا بە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان قبووڵی کرد کە ئەگەر بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی (و نەک تەنیا موستەعمەرەیەکی) بیانەوێ لەو وڵاتە جیا ببنەوە، ئەمە هەقی سروشتیی ئەوانە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە پاش ئاشکرا بوونی ئاکامی ریفراندۆمەکە، نەک هەر ڕێبەری سەربەخۆیی خوازانی سکاتلەند رایگەیاند کە کاروانی سەربەخۆیی خوازیی گەلەکەی نابێ راوەستێ، بەڵکوو سەرۆک وەزیری بریتانیاش بە روونی قبووڵی کرد کە ئەگەر نەسلێکی دیکە لە خەڵکی سکاتلەند سەرلەنوێ داوای جیا بوونەوە بکەنەوە، ئەوە مافی بێئەملاوئەولای خۆیانە.

دووەم خیسڵەت کە ئەمەیان یەکجار زۆر گرینگە و پێویستە بژاردەکانی گەلی کورد بەتایبەتی لە ئێران لە مشتومڕ و مامەڵەیان لەگەڵ بژاردە غەیرە کورد و سەراسەرییەکاندا بەرجەستەی بکەنەوە، بازنەی ئەو کەسانەیە کە لەو جۆرە ریفراندۆمانەدا مافی دەنگدانیان هەیە. لە ریفراندۆمەکەی سکاتلەندا ئەگەرچی هاووڵاتییانی بریتانیایی جێگیر لە سکاتلەند مافی دەنگدانیان هەبوو و هاووڵاتییانی سکاتلەندیی جێگیر لە دەرەوەی سکاتلەندیش مافی دەنگدانیان نەبوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە گەلی سکاتلەند بوو نەک هەموو خەڵکی بریتانیا کە هەقی دەنگدان لەو ریفراندۆمەیدا هەبوو.

بژاردە سیاسییە سەراسەرییەکان (بەتایبەتی لەنێو گەلی فارس) لە ئێراندا زۆر جار باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر قەرار بێ رۆژێک هەر چەشنە ریفراندۆمێک بۆ جیابوونەوەی یەکێک لە گەلانی ئێران بەڕێوە بچێ، ئەوا پێویستە تەواوی خەڵکی ئێران لەو ریفراندۆمەدا بەشدار بن، چونکە گۆیا ئەمە پێوەندیی بە چارەنووسی سەرجەم خەڵکی وڵاتەکەوە هەیە. روانگەیەکی لەم چەشنە شتێک نیە جگە لە گاڵتەکردن بە بیرۆکەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و بەتاڵ کردنەوەی ئەم ڕێکارە دێموکراتیکە لە مانا و مەفهووم و مەنتیقی خۆی. وەک لە ریفراندۆمەکەی سکاتلەند و پێشتریش ریفراندۆمی هەرێمی کێبێکی کانادا و هەموو نموونە دیار و سەرکەوتووەکانی دیکەی دنیا را دەردەکەوێ، بەپێی ڕێوشوێنە دەستووری و نێودەوڵەتییەکان، لە ریفراندۆمێکی سەربەخۆییدا کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا بەڕێوە بچێ، پرۆسەکە پێویستە پرۆسەیەکی دوولایەنە بێ و دەسەڵاتی ناوەندی و بژاردە سیاسیە سەراسەرییەکان بۆیان هەیە کە لە پرۆسەی دیاریکردنی ئامانج و ئاجێندا و شێوەی بەڕێوە چوون و بەئەنجام گەیاندنی ریفراندۆمەکەدا بەشدار بن. بەڵام بۆ خودی دەنگدانەکە ئەوە تەنیا ئەو گەلە یا خەڵکی ئەو هەرێمەیە کە دەیهەوێ جیا بێتەوە کە دەنگ دەدا و بڕیار دەدا نەک هەموو خەڵکی وڵات، تەنانەت ئەگەر ئەم بڕیارە کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی سەرجەم وڵاتەکەش هەبێ.

سێهەم، خیسڵەتی دێموکراتیک و شارستانییانەی بەڕێوە چوون و کۆتایی هاتی ریفراندۆمەکە بوو کە بۆ سەرجەم خەڵکی بریتانیا مایەی شانازی و سەربەرزی و بۆ تەواوی خەڵکی دنیاش شیاوی چاولێکردن و دەرس لێ وەرگرتنە. لەحاڵێکدا کە ئەم بابەتە، واتە جیابوونەوەی گەلێک یان بەشێک لە خەڵکی وڵات، لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان باس و خواسی دەمارگرژانە و تەنانەت گرژی و کوشت و کوشتاری لێ دەکەوێتەوە، لە ریفراندۆمەکەی سکاتلەنددا، لەگەڵ هەموو گرینگی و چارەنووسسازیی مانەوەی سکاتلەند لەنێو بریتانیادا، پرۆسەکە شتێک نەبوو جگە لە تەمرینێکی دێموکراتیکی کەرنەڤاڵ ئاسا کە لەودا هەردوو لایەنی خوازیار و نەیاری سەربەخۆیی ئەم دەڤەرە بەو پەڕی ئارامی و بە رووحی یەکتر تەحەمول کردن و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی یەکتر لە پەنای یەکتر و تەنانەت زۆر جار بەشێوەی تێکەڵی یەکتر کەمپەینیان کرد. پاشانیش کاتێک ئاکامی ریفراندۆم راگەیاندرا، هەم لایەنی براوەی ریفراندۆم واتە لەڕاستیدا دەسەڵاتی ناوەندی لەجیاتی ئەوە کە هەستی لەخۆبایی بوون و هێژمۆنی خوازی بیگرێ، قبووڵی کرد کە دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە و رایگەیاند کە بەو بەڵێنانە پابەندە کە لەبواری دانی خودموختاریی زیاتر بە سکاتلەند داویەتی، هەم سەرکردایەتیی بەرەی سەربەخۆیی خوازی سکاتلەندیش واتە لایەنی دۆڕاوی ریفراندۆمەکە بە متمانەیەک کە بە راستی و دروستی و پاکیی پرۆسەی ریفراندۆمەکەی هەبوو، دەمو دەست ئاکامەکەی قبووڵ کرد و تەنانەت ئالێکس سالمۆند لە ڕێبەری کردنی حیزبەکەی و لە پۆستی وەزیری یەکەمی سکاتلەند ئیستعفاشی دا.

چوارەم، خودی ئاکامی ریفراندۆمەکە بۆ زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ کێشەی فرەنەتەوایەتی و کەمایەتییەکان بەرەوڕوون شیاوی تێڕامان و ئەزموون لێ وەرگرتنە. «نا» گوتنی گەلی سکاتلەند بە بژاری سەربەخۆیی لەحاڵێکدا کە بە هەموو نیشانەکان ڕا ئیمکانی ئەوەیان هەبوو کە لەوپەڕی ئاشتی و ئارامیدا ببن بە دەوڵەتێکی جێکەوتوو و پایەدار پەیامێکی زۆر گرینگی تێدایە. ئەو پەیامەش بریتییە لەوە کە ئەگەر گەلێک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا مەوجودییەتی بەڕەسمی بناسرێ، ڕێز لە ناسێنە و کەرامەتی بگیرێ، مافە ئینسانی و نەتەوایەتی و دێموکڕاتیەکانی جێبەجێ بکرێن، لە بەڕێوەبردنی خۆیدا سەربەست و لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی وڵاتیشدا حیسابی شەریک و هاوبەشی بۆ بکرێ، مەرج نیە بیهەوێ لە وڵاتەکە جیا بێتەوە و بە ئیحتمالی زۆر لە جیهانی پێکەوە گرێدراو و پڕ لە رکابەری و گیروگرفتی ئەمڕۆدا پێکەوەژیانی پێ لە بەتەنیا ژیان باشترە. بەڵام هەر ئەو گەلە ئەگەر ژیان و مانەوە لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بۆ ئەو بە مانای حاشالێکران و بێمافی و سەرکوت و چەوسانەوە بێ، ئەندامەکانی ئەو گەلە وەک هاووڵاتیی پلە دوو حیسابیان بۆ بکرێ و بە کورتی وڵاتەکە بۆ ئەوان وەک زیندانێکی بەدوور لە پێوەرە ئینسانییەکانی لێ بێ و ئەم سێناریۆیەش چەندین دەورەی مێژوویی یەک لەدوای یەک دووپاتە بۆوە، رۆڵەکانی ئەو گەلە هیچ بژاریکیان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوە کە بە هەموو ڕێگایەکی مومکین بۆ رزگار بوون لەو زیندانە و بۆ دەرچوون لە دیاری نامۆیی خەبات بکەن و هەوڵ بدەن چارەنووسی یەکجاریی خۆیان لە شکڵی سەربەخۆییدا بگرنە دەست و لە وڵاتەکە جیا ببنەوە.

ئایندەی هەردوو گەلی سکاتی و ئینگلیسی لەپاش ریفراندۆمەکەی سکاتلەند لە جارانیش روونتاکترە. با هەتا لەوە درەنگتر نەبووە، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستانیش سەرێک هەڵڕواننە ئاسۆی ئەم دوورە دیمەنە.



# به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی خۆکوژییەوە!



کوێستان فتوحی

**هێندێک کاتو سات هەن بێجگە لە غەمو ئازار شتێکی دیکە نابینینو ناتوانین لێی دوور کەوینەوە، تەنیا کاتێک هۆیەکەی تێدەگەیین کە سەرکەوتین بەسەریدا...**
**پائولو کوئیلو**

بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی، ساڵانە ٨٠٠ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی خۆکوژییەوە گیان لەدەست دەدەن، کە دەگوترێ بەرابەرە لەگەڵ ئەوەی لە هەر ٤٠ چرکەدا کەسێک خۆکوژی دەکا. ئەو ڕێکخراوە پێشبینی دەکا کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا ئەم ڕێژەیە بگاتە یەک میلیونو نیو. خۆکوژی لە جیهاندا لە نێو تازەلاوانو لاوانی تەمەن نێوان ١٥ تا ٢٤ ساڵیدا، دووهەمین هۆکاری مردنە. ئەو ئامارە جیایە لەگەڵ ئەو هەوڵە ناسەرکەوتوانەی بۆ خۆکوژی دەدرێن. لە نێوان ٢٠ هەوڵی خۆکوژی یەکیان سەرکەوتوو دەبێ.

بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی خۆکوژییەکان لەم هەزارەیەداو نیگەرانی کۆمەڵگەی جیهانی لەم دیاردەیە، لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە پێشنیاری ڕێکخراوی لەسساغیی جیهانیو ئەنجومەنی نێونەتەوەیی پێشگیری لە خۆکوژی، بەمەبەستی ئەرکدارکردنی دەوڵەتان بۆ کەمکردنەوەی ئەم کردەوەیە، ڕۆژی ١٠ی سێپتامبر وەک «ڕۆژی جیهانیی پێشگیری لە خۆکوژی» ناودێر کراوە.

ئەگەرچی تا ئێستاش خۆکوژی نەبۆتە گرنگترین قەیران لە جیهاندا، بەڵام ئامارەکانی خۆکوژی کە لەلایەن ڕێکخراوی لەشساغی (World Health Organization) جیهانییەوە بڵاو دەبنەوە ئەم ڕێکخراوەی تا ڕادەیەک نیگەران کردوە، هەر بۆیە ئەو ڕێکخراوە داوا لە دەوڵەتان دەکا، بۆ پێشگیری لەم دیاردەیە بەجیدی کار بکەن.

لە ٥٠ ساڵی ڕابردوو لە جیهاندا، ئاماری خۆکوژی شەست لە سەد (٦٠٪) زیادی کردوە

بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانیو ڕێکخراوە جیهانییەکانی دیکە، ژنان قوربانیانی سەرەکی ئەم جۆرە مردنەن.

نێونجی ئاماری خۆکوژی ژنان لە جیهاندا، لە هەر ١٠٠هەزار کەس ١٥ کەسە.

هیندوستان بەرزترین ئاماری خۆکوژی ژنانی لە جیهاندا هەیە. واتە لە ١٠٠هەزار کەس ١٤٨ کەسە.

ئەو وڵاتانەی کە زیاتر لە ٢٠ حاڵەتی خۆکوژی لە نێو ١٠٠هەزار کەسدا ڕوودەدا، ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی دەیخاتە نێو لیستی وڵاتانێک کە قەیرانی کۆمەڵایەتییان هەیە.

بە پێی ئامارە جیهانییەکان لە زۆربەی وڵاتاندا سێهەمینو بە شێوەی گشتییش هەشتەمین هۆکاری مردنەکان بە هۆی خۆکوژییەوەن. هەروەها ژنان سێبەرابەری پیاوان هەوڵی خۆکوژی دەدەن، بەڵام لەونێوەدا پیاوان سێ بەرابەر زیاتر لە ژنان لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن.

## ئامارو لێکۆڵینەوە لەسەر خۆکوژی لە ئێران

لە ئێران بۆ یەکەمجار لە دەیەی ٤٠دا خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر خۆکوژی دەستی پێکردوە. بە پێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لە ئێران ژنان زیاتر لە پیاوانو ژنانی هاوسەردار زیاتر لە پیاوانی هاوسەردار، خۆکوژی دەکەن. هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون، بە ڕیز پارێزگاکانی ئیلام، خووزستان، لرستان، کرماشان، گڵستانو بویر ئەحمەد، بەرزترین ئاماری خۆکوژییان لە ئێراندا هەیە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی، لە ئێران لە هەر ١٠٠ هەزار کەس ٣ کەس لە نێو ژنانداو لەهەر ١٠٠هەزار کەس ١ کەس لەنێو پیاواندا خۆکوژی دەکەن.

دیارە بە هۆی شاردنەوەو دەمارگرژی کەلتووری لە نێو بنەماڵەکاندا، لە ئێران هیچکات ئامارێکی ڕاستو دروست لەسەر خۆکوژی، بڵاو نابێتەوە، بەوحاڵەش بە وتەی ئەم ڕێکخراوە ئێران پلەی سێهەمی لەبواری خۆکوژی لە جیهاندا هەیە.

بە پێی ئامارەکانی کە بڵاو بوونەوە، لە ساڵەکانی ٨٨دا سێهەزارو ١٢٢ خۆکوژی ڕووی داوە. لە ساڵی ٨٩دا زیادی کردوە واتە بەرزبۆتەوە بۆ سێ هەزارو ٦٤٩ کەس. ئەگەر چاو لە ئامارەکان دەکرێ، ساڵ لەگەڵ ساڵ خۆکوژییەکان لە ئێران زیاد بوون دایە. ساڵانە نزیک ٤ هەزار تاکو ٤٥٠٠ کەس لە ئێران خۆکوژی دەکەن. دیارە ئاماری خۆکوژییەکان ١٠ بەرابەری ئەو خۆکوژیانەن کە دەبنە هۆی مردن.

بەپێی ئامارێک کە لەلایەن پزیشکی قانوونەیەوە بڵاو بۆتەوە لە ٩ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٢دا ٣١٢٥ کەس گیانی خۆیان لەدەست داوە کە ڕووداوی مردنەکەیان گومانی خۆکوژیان لەسەر بووە. لە نێوا ئەوانەدا ٩٨٢ کەسیان ژن بوون و ٢١٤٣ کەسیان پیاو بوون. لە ١٢ مانگی ساڵی ٩٢دا لەسەر یەک ٣٦٤٠ مردن کە لە لایەن پزیشکی قانوونییەوە گومانی خۆکوژییان لەسەر بووە ڕاگەیاندراوە، کە لەو ڕێژەیە ٢٥٣٠ کەسیان پیاو بوونو ١١١٠ کەسیان ژن بوون. زۆرترین ڕووداوی مردنەکان لە نێوان تەمەنەکانی ١٨ بۆ ٢٤ ساڵی بووە، کە ٢٨،٢ لەسەدی هەموو خۆکوژییەکان لە ساڵدا لەخۆدەگرێ. دوای ئەوە گرووپی تەمەنیی ٣٠ تا ٣٩ ساڵ (٢٢،٢ لەسەد)، ٢٥ تا ٢٩ ساڵ ١٧،٦ لەسەد، سەرووی ٥٠ ساڵ ١٢،٩ لەسەد، ٤٠ تا ٤٩ ساڵ ١١،١ لەسەد، خوار تەمەن ١٨ ساڵ ٧،٩ لەسەد زۆرترین خۆکوژییەکانی لەخۆ گرتوە.

## لە ئێستادا کێ بەرپرسی هەموو نەهامەتییەکانی خەڵکی ئێرانە؟

لە ئێران لە لایەن کۆنەپارێزانی نێو دەسەڵاتەوە بەردەوام تەبلیغ بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بەبێ هیچ پشتیوانییەکی ماڵیو ئێستاش غەدەغە کردنی پێشگیری لە زۆر بوونی منداڵ دەکرێ، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتداران بیرێک لەم هەموو کێشەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە بکەنەوە کە داوێنی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتوە. کێشەی بێکاری، تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان، نەبوونی کارو داهاتو شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ لاوان، بێبەش کردن، یان شکست لە خوێندنو .... بەهۆی ئەمانەش سەرهەڵدانی دەیان کێشەی دیکە لەنێو کۆمەڵگەو بنەماڵەدا کە بۆتە هۆی ئەوەی زۆرجار لاوان لە ژیان ناهومێد دەبنو پەنا دەبەنە بەر خۆلەناوبردن.

شەڕ، کوشتن، زیندانی کردن، ئێعدامی بەکۆمەڵ، دەرکردن لە وڵات، بێبەشکردن لە خوێندنو دانشگاو دەیانو سەدان نەهامەتی دیکە کە بەرهەمی دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بۆ خەڵک، خەڵکی ئەو وڵاتەیان تووشی جۆرێک لە خەمۆکیو ناهومێدی کردوە. نەسڵی لاو کە دەبێ شادترین، پڕئێنرژیترینو یاغیترین توێژی کۆمەڵگە بێ، بەداخەوە نەسڵێکی سڕو خەمۆکو ناهومێدە لە ژیان. ژنان کە نیوەی کۆمەڵی وڵات پێک دێنن، لەگەڵ هەلاواردنی سیستماتیک بەرەوڕوون. تابلۆی دەروونی هەر ژنێکی ئەو وڵاتە چاو لێ بکەی، پڕە لە ئازاری چەوسانەوەو هەڵاواردنو بێبەشی. کۆمەڵێک ئاخوندی بیر تەسکو کۆنەپارێز لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتیاندا ئەوەی بەسەر خەڵکی ئێرانیان هێناوە، جگە لە وێرانی دەروونی ئینسانەکان، کوشتنی ئازادیخوازانو ڕاونانی نوخبەو ڕووناکبیرانی وڵات، شتێکی دیکە لە کارنامەیاندا نابینرێ کە خەڵک بە هیواو دڵخۆشییەوە لەو وڵاتەدا ژیان بکەن!

کۆماری ئیسلامی ئێستا ئیدی لە لایەنی خەڵکەوە بە جۆرێک خەیاڵیان ئاسوودەیە! خەڵک هەستی بێحاڵیو بێتەفاوەتی بەسەریاندا زاڵ بووەو تا ناخیان ڕۆچووە، ئێعتراز نەماوە، ئەگەر لە شارێکدا بە یەک حەوتوو ١٠ کەس خۆی بکوژێ، ١٥ ژن بکوژرێ، لەسەر شەقام بەبەرچاوی یەکترییەوە بەچەقۆ یەکتر لەتوپەت کەنو.... کەس داناچڵەکێو ناپرسێ بۆ؟! ئەگەریش کەمتاکورتێک هەبێ دەنگ هەڵبرێنێک هەبێ، دەسەڵات بەهەموو ئیمکاناتو هێزەوە هەوڵی سەرکوت کردنی دەدا. دنیای دەرەوەش لە ئاست ئەو هەموو زوڵمەی لە خەڵکانی ئێران دەکرێ چاوی داخستوە.

لەم ڕۆژانەدا مەحکووم کردنی گرووپی تیرۆریستی داعشو جینایەتەکانی ئەم گرووپە لە عێراقو سووریەدا لە هەموو دنیادا باسێکی گەرمە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە سەرکردەیی ئەمریکا بە لێشاو ئەسڵەحەو فڕۆکەی شەڕ دەنێرن بۆ لەناوبردنی داعش، بێ ئەوەی دان بەوەدا بنێن زیانێک کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتیاندا بەخەڵکو نەتەوەکانی ئێرانو وڵاتانی دەوروبەریان گەیاندوە، جینایەتەکانی داعش وەک نوقتەیەکی چوکەیە لە ئاست کێوێکدایە!

ڕێژیمی ئێران لە نەبوونی ئێعترازاتی جەماوەری، لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لە ئێرانداو نەبوونی کاردانەوەی جیهانی لەسەر کردەوە جینایەتکارانەکانیان، درێژە کردەوە نامرۆڤانەکانی خۆیان دەدەنو لەمەوبەدواش لەژێر ئاڵای دژی تیرۆردا! زیاتر مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا پێشێل دەکرێنو و زیاتر کێشەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە پشت گوێ دەخرێ.

**سەرچاوەی ئامارەکان:**
**ماڵپەڕی «پزشکان بدون مرز»**
**ماڵپەڕی: خوێندکارانی ئێران «ایسنا»**



---

# مرۆڤ لە بەرزەکی وتە و کردەوەدا



د. کامران ئەمین ئاوە

**«مرۆڤ بوونەوەرێکە کە جیهانی خۆی و بوونی خۆی دەخولقێنێ.»**
**مارکس– دەستنووسەکانی ئابورییو فەلسەفی**

زۆرجار بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی‌یەکان بایەخ بە وتەکانیان دەدرێ تا ئاکاریان. ئەو ئاکارانە تەنیا ناگەڕێنەوە سەر بۆچوون و هەڵوێستیان سەبارەت بە ڕووداوێکی نێو کۆمەڵگا یان کێشەیەکی سیاسیی، بەڵکوو بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر شێوازی ژیانی ئاساییو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بنەماڵەو دۆستو کەسانیان. هەر وەکو لە نێو کورداندا بە نێوبانگە «قسە هەزارە و یەکی بە کارە».

دەڵێن پاش شۆرشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ زایینیو بە دەسەڵات گەیشتنی بۆڵشویکەکان لە ڕووسیەدا زۆرجار بە بۆنەی ڕێورەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، کەسێکیان بۆ باسکردن لەسەر ماڤەکانی ژن و ڕێزگرتن لەوان بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵەکان دەنارد.

ڕۆژێک وتەبێژێکی بە نیوبانگیان بۆ کارخانەیەک نارد تا لەسەر کەرامەتی ژنو بنەماڵە قسەیان بۆ بکا، ماوەیەک تێپەربوو، هەموو چاوەڕوان بوون، دیتیان مەتەقی لێ‌دەرنایە و ئامادەی قسەکردن نیە. ناوبراو خۆی خافڵاندو بە بەیانویەک وەدەرکەوت و ئیتر نەهاتەوە. لێیان کۆڵییەوە، دیتیان لە ڕیزی ئەوەڵی کۆبوونەوەکەدا هاوژینەکەی دانیشتووە. دەرکەوت کابرا بۆخۆی چاکی دەزانی کە ئاکاری خۆیو قسەکانی یەک ناگرنەوە و ژنەکەی دەتوانێ لەوێ بە درۆی خاتەوە، لەو ڕووە وازی لە قسەکردن هێناو و بۆی دەرچوو.

لە نێوان ئەوانەی کە خۆیان بە سیاسی لەقەڵەم دەدەن و جاروبار لاپەرەیەکی زۆر بۆ بەرگریی لە ماڤی مرۆڤ و گەلی کورد ڕەش دەکەنەوە، کەم نین ئەوانەی کە لە ژیانی ئاسایی خۆیان لە هیچ چەشنە ئاکارێکی نەشیاو وەکو توندوتیژیو قسەی پیس و تۆمەتبارکردنی ئەمو ئەو کۆتایی ناکەن، بەڵام تێدەکۆشن لە بەرامبەر کەسانی نامۆ یان ئەوانەی کە شارەزارییان لەسەر نی‌یە، خۆیان وەکو ئینسانێکی باش، باوکێکی مێهرەبان، هاوسەرێکی دڵسۆز و خۆشەویست، هاورێیەکی جێگای متمانەو مرۆڤێکی ئەمرۆیی و مۆدێرن نیشان بدەن، بەڵام بە پێی کاراکتێر، فەرهەنگو کەسایەتی دوولایانەیان لەهەوەڵین کاتدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دەدەن و بۆ دەوروبەرەکانیان دەردەکەوێ کە ئەمانە «گورگن لە کەوڵی مەڕدا».

بەشێک لەم کەسانە تەنانەت سەرەرای بەسەربردنی ژیانێکی درێژخایەن لە وڵاتە ئوروپاییەکانو دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵگای پیاوسالار – ئایینی خۆیانیش، بە پێی بەرژوەندی جنسی وەکو «پیاو» و «گەورێ» ماڵێ، پارێزەری هەر ئەو داب و نەریتی خێڵەکی – ئۆڵیی وەدواکەوتووەی کۆمەڵگایەکن کە بە پێی بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی ئەوێ، هەروەها نەبوونی دەرفەت بۆ ژیانێکی ئازادو ئینسانیی بە ناچار بەجێیان هەیشتووە.

ئەم چەشنە کەسانە لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی تاکو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بەجێ هێشتووی خۆیان نایانهەوێ کەڵک لە بەشە ئەرێنییەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا وەرگرن، لە نێو بنەماڵەی خۆیان و بە تایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان وەکو خاوەن ملک هەڵسوکەوت دەکەن.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە بەشێک لەوانە کە بە هەڵکەوت یان بە ئاگاییەوە ماوەیەک لایەنگر یان ئەندامی ڕێکخراوەیەکی سیاسیش بوون یان هەن، جاروبار وانەی ڕێزگرتن لە ماڤی مرۆڤ بە خەڵکی دیکە دەدەن و دەیانەوێ کاریگەریشیان لەسەر ژیان و داهاتوی گەڵەکەیان بێو هیوای باشو ئینسانی بەم و ئەو دەدەن، کەچی بۆخۆیان بەشێک لە سناریۆ وەداوکەوتووی فیکر و پەروەردەی پیاوسالار – ئایینین و هیچ وانەیەکیان لە ئاڵوگۆرەکانی دونیای ئەمرۆ وەرنەگرتووە و پێیان وایە دەتوانن لە وڵاتێکدا کە یاسا لەوێ سەروەرە بە شیوەیەکی خێڵەکیی هەڵسوکەوت بکەن.

ئەو قسەیە دوور لە ڕاستیی نییە کە دەگوترێ «لە ماوەیەکی کەمدا دەکرێ شۆرشێک سەرکەوێ و دەوڵەت و سیستمێکی سیاسی بگۆڕدرێ، یاخود لەچەندین دەیەدا باری ئابووریش ئاڵوگۆرێکی گەورەی بەسەردابێ، بەڵام بۆ گۆڕینی بیر و هزر و فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی بنەرەتی نێوکۆمەڵگا جاروبار پێویستی بە ماوەیەکی درێژ خایەن و تەنانەت چەند سەدە هەیە».

بێگومان تەنیا نووسین و دەربڕینی وتەی زێرین و جوان نیشانی ئەورۆیی بوونی ئینسان نی‌یە، بەڵکوو هاوئاهەنگی نیوان قسە و کردەوە و ڕێزگرتن لە کەرامەت و گەورەیی ئینسان کە لە بنەماڵەی هەر کەسێکەوە دەستپێدەکا پێوەری کەسایەتی و ئەخلاقی هەر مرۆڤێکی دادپەروەر و ئازادیخوازە. پێویستە ئینسانی بەرپرس بۆ ڕۆڵگێرانی ئەرێنی لە ژیانی سیاسی – فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌دا لە پەروەردەکردنی خۆیەوە دەس پێ بکا و بەر لە هەموو شتێک خۆی لە کاریگەریی داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوو ڕزگار کات و پاشان وانەی بەڕێوەبردنی ژیانی هاوچەرخ، مرۆڤانە، پێشکەوتوو و بەختەوەرانە بە ئەم و ئەو بدات.

# کورد و ئیسلام و بیری ئیخوان له کوردستان

## (وتووێژێک لەگەڵ حەکیم کاکەوەیس)

بەشی دووهەمو کۆتایی

ئا: مادح ئەحمەدی

**پرسیار: ئایا بیری «اخوان المسلمین» له کوردستان ڕۆڵی داگیرکەر دەبینێ یان نا؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** به داخەوه دەڵێم، ئیخوانی کورد، هەتا ئێستا پیشانیان نەداوه که کورد بوون دەخەنه پێشەوه و یەکەم ئەرکیان سەرفرازی کوردە. ئەوان دەیانەوێ ئیمام بن و ئیمامەتی له بەندیخانەشدا دەکرێ و له ناو کۆیلەستانیشدا دەکرێ. پێ دەچێ به لایانەوه گرنگ نەبێ کورد ژێردەسته بێ یا ئازاد. گرنگ ئەوەیه کورد مەئمووم و گوێڕایەڵ بێ. خۆ کۆمۆنیستەکانیش هەر ئەوەیان دەویست: گرنگ نەبوو کورد سەرفراز بێ، بەڵکو گرنگ ئەوه بوو تابعی ئیمامی مۆسکۆ بێ!!

ئیخوانی میسر یا تورکیا یا هەر شوێنێکی تر وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیه و هەرچی دەکەن له ناو سنووری وڵاتی خۆیاندا ئازادن، بەڵام کورد خاوەنی وڵات نییه تا ئیخوانی ئیداری و بەڕێوەبردنی هەبێ. بەڵام ئەوەش وا ناکا کردەوەی حیزبەکانی تر له بیر بکەین.

**کاتێک که له میسر محەمەد مورسی لابرا و کۆمەڵێک خۆپێشاندان کرا و ڕووداوی خوێناوی لێ کەوتەوه، له کوردستان ئیسلامییەکان فرمێسکی تیمساحی بۆ ئیخوانەکانی میسر دەڕشت و خۆپێشاندانیان وەرێ خست و وێنەی مورسیان بەرز کردەوه. ئەمانه چۆن ئەبینی؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** ئیسلامییەکان، کاتێ چوار پەنجەیان بەرز دەکردەوه، خورپەیەکم به دڵدا هات! تۆ بڵێی مەبەستیان چوار پارچه بێ! بەڵام دەرکەوت ئەوه شتێکی تره. ئەوه مەبەستیان ڕابیعەی عەدەوییەیه! ئێمه له کوردستانێکی داگیرکراوەوه چیمان بۆ مورسی پێ دەکرێ تا قوڕی بۆ بپێوین؟ مورسی چی بۆ کورد کردووه تا پێمان خۆش بێ له دەسەڵاتدا بێ؟ خۆ تورکیا ئۆردوغانێکی وەک مورسیی هەیه، بەڵام دەستی به خوێنی کورد سووره. ئیسلامییەکانی کوردستان ئێستا لەم کاتەدا، ئەوەندەی میسرین کوردستانی نین، ڕێک وەک ئەو کورده چەپانەی که ئەوەندەی فەلەستینی بوون کورد نەبوون و هیچیشیان بۆ فەلەستین پێ نەدەکرا. که مورسییان لابرد، من هەموو خەیاڵم لای ئەو کچه کوردانه بوو که بەرەنگاری نوسره دەبوونەوه. بیرم لای دەروازه داخراوەکەی سنوور بوو. ئاواتم دەخواست لایەنه کوردییەکانی ڕۆژاوای کوردستان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو پێک بێن. حیزبه ئیسلامییەکانیش بیریان لای مورسیی بوو. کراسەکەی عوسمانیان بیر کەوتەوه و کوردیان له بیر نەما چی به سەر دێ. جگه له هەموو ئەوانه، سەدان ساڵ عوسمانلی به ناوی ئیسلامەوه حوکمی کرد و ئێمه ژێردەستەیان بووین! چیمان کرد؟! جاروبارێ نەفەرێکی کورد دەبوو به موفتی دەوڵەتەکه بەڵام فەتوای بۆ قڕکردنی ئێزدییەکان دەدا و بەرانبەر کەنیزه و ژنه تاڵانکراوەکانی ئورووپا فززەیان نەدەکرد!

**رات لەسەر داعش چییه؟ ئەو کارانەی که داعش دەیکا چ کاریگەرییەکی هەیه لەسەر روانگەی خەڵکی کورد بەرانبەر به ئیسلام؟ بۆ داعش هێرشی بۆ سەر کورد هێنا؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** وا دەزانم دەوڵەتی ئیسلامی، که به داعش ناوی دەرچووه، عەقڵێکی دەرەکی بەڕێوەی دەبا و به باشی له دەروونی مرۆڤ تێدەگەن و دەیترسێنن و هەنگاوی به پەلەی چاوەڕواننەکراو دەنێن، ئەگەرچی مەرجی بەردەوامبوونیشی زۆر لاوازه و ئەوەشی که دەیکەن، ئامانجه، نەک ڕێبازێک بەرەو شتێکی تر. ناوچەیەکی فرەوانیان داگیر کرد و چاوەڕوانی نەتەوه یەکگرتووەکان و دەوڵەته زلهێزەکان نەبوون ئاخۆ چ دەڵێن یا چ ناڵێن. ئەمانیش وەک ئەلقاعیده، که ڕۆژاوا له دژی سۆڤیەت پشتی گرت و دوایی به خۆیەوه دا، ئامانی نییه و بەو کەسەشەوه دەدا که پشتی دەگرێ. ڕۆژاواییەکان باش لەمه حاڵین.

«داعش» دووبارەبوونەوەی هەندێ له سەردەمی غەزاکانه، بەڵام ئەو شێوازه له سەردەمی ئەتۆمدا سەرکەوتوو نابێ. وا دەزانم خالیدی کوڕی وەلید و یەزیدی کوڕی ئەبوو سوفیان چییان کردووه، ئەمانیش لەم سەردەمەدا دووبارەی دەکەنەوه. ئەوجا کاریگەریی داعش له سەر ڕوانگەی کورد و ناکورد بەرانبەر به ئیسلام، هەتا بڵێی نێگەتیڤه و هەتا ئێستا هیچ دوژمنێکی ئیسلام ئەوەنده ئیسلامی ناشرین نەکردووه. تا ئێستا هەندێ بۆچوون هەبوو گوایه کورد به خۆشی خۆی ئاینی ئیسلامی هەڵبژاردووه، بەڵام ئێستا ئو بۆچوونه به تەواوەتی ئیفلاسی کرد. کەس گوێی لەوه نەدەگرت ئاخۆ عارەب خۆیان به بێ شەڕ بوونەته ئیسلام تا کورد به بێ شەڕ بووبێ، بەڵام ئێستا دەردەکەوێ کورد چۆن بووەته ئیسلام و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی ئەمڕۆ دەتوانن ئەم شەڕەی که داعش دەیکات، بگەڕێننەوه بۆ سەردەمی غەزاکان: سەربڕین و ژنڕفاندن و تاڵانکردن و خوێن و سووتاندن و تۆقاندن. بەڵێ کورد ئاوها بووه به موسوڵمان، بەڵام لەبەر ئەوەی له باسی مێژووودا یەکەم درۆزنی دنیاین، به جۆرێکی دی باسی دەکەین.

پێم وایه شانەی نوستووی داعش له ناو کوردستاندا زۆر بێ و لەگەڵ ئەو عارەبه داعشییانەدا له دەرفەتی ڕەخساودا بەئاگا بهێندرێنەوه و هەرچی هەیه بەسەر سەرانی کورد و خەڵکی غەدرلێکراوی کوردستانیدا برمێنن. هیوادارم سەرانی کورد، ئەگەر خەمی خاک و خەڵکیشیان نییه و وەک هەمیشه به گورگانخواردی دەدەن، به لای کەمەوه خەمێک له خۆیان و سەروەتەکەی خۆیان بخۆن و مەودای چالاکبوونی داعش، له ناو ماڵی کوردەوه نەدەن!

به کورتییەکەی، داعش خەریکی جێبەجێکردنی کارێکه که غەیری خۆی دایڕشتووه و هەمان ئەو کارەیه که ڕۆبەرت وۆڵسی، که له سەرەتای نەوەتەکاندا بەرپرسی سی ئای ئەی بووه وتوویەتی: ئیسلامێکیان بۆ دروست دەکەین بۆ ئێمه بگونجێ. وایان لێ دەکەین شۆڕش بکەن. ئەوجا به پێی هەندێ ململانێی مەزەبی به سەر یەکدا دابەشیان دەکەین. دوای ئەوه پەلاماریان دەدەین و سەرکەوتوو دەبین. له کۆتاییدا ئێمه سەردەکەوین، وەک له شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و شەڕی ساردی دژی سۆڤیەتدا سەرکەوتین. وایان لێ دەکەین بشڵەژێن!

**ئایا له کوردستان هێزه سیکۆلارەکان بەو شێوەی که پێویسته توانیویانه کار بۆ لاواز کردنی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی بکەن؟ کەموکوڕییەکانی ئەو لایەنانه له بەرەوڕووبوونەوه لەگەڵ ئیسلامی سیاسی دا له چی دایه؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** به پێچەوانەوه، ئەوان هۆکارن بۆ گەشەکردنی حیزبی ئیسلامی. ئەوان خۆیان چەقی کێشەکانن! ئەگەر حیزبه ئیسلامییەکان پەیوەندیی ژێراوژێر یا ئاشکراشیان لەگەڵ داگیرکەراندا هەبێ، هەر به قەدەر حیزبه سیکولارەکان نیانه! گومان دەکرێ لایەنی ئیسلامی هەبێ گەنجی کورد هەڵخڕێنێ و بۆ غەزا بیاننێرێته سووریا. بەڵام عیلمانییەکان چییان کردووه؟! من باسی خەڵکی باشووری کوردستان ناکەم که بۆ ڕۆژاواییەکان به خەمن، بەڵکو باسی دەسەڵات دەکەم. ڕەفتاری حیزبه سیکۆلارەکان وا دەکا خەڵک زیاتر پەنا بۆ ئیسلامییەکان بەرن. ئەو گەندەڵی و ناهەقییەی له کوردستان دەکرێ، وا دەکا ئەو خەڵکه پەنا بۆ هەموو لایەنێ بەرن، بەڵام لەوان ڕزگاریان بێ. نازانم ئەو حیزبانه کەی لەوه تێدەگەن که خەڵکی کوردستان له دەست بەعس پەنای بۆ هەموو شتێک دەبرد؟! بەڵێ، ئێستاش له دەست زوڵم پەنا بۆ هەموو لایەک دەبا. من لەم قسەیەم مەبەستم ڕووشاندن نییه، بەڵکو مەبەستم ئاگادارکردنەوەیه.

**پێت وانییه که باشتر وایه ئێمه له بنەڕەوەتەوه، واته له پەروەردەوه کار بۆ لاواز کردنی ئیسلامی سیاسی بکەین. به واتایەکی دیکه له ڕێگای سیستمێکی پەروەردەیی سیکۆلاری بەهێزەوه بەرەوڕووی ئیسلامی سیاسی ببینەوه؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** به باوەڕی من بوونی حیزبی ئیسلامی سیاسی له کوردستاندا کێشه نییه و نابێ ئێمه بیر لەوه بکەینەوه بەربەست له بەردەم ئیسلامی سیاسیدا دانێین. باوەڕی دینی بوارێکه و خەڵکێکی زۆر له خۆ دەگرێ و مافی دەربڕینی بۆچوونی خۆیان هەیه. بۆچی له ئورووپا مەسیحی سیاسی هەیه و وڵات بەڕێوه دەبەن و هیچ کێشەیەکیش دروست نەبووه؟ کام حیزبی کوردستان له حیزبه ئیسلامییەکان کوردستانیتر و نەتەوەییتر و نیشتیمانپەروەرتره؟! ئەی کامەیان ئازادیخوازتره؟ چ کاتێ حیزبی عەلمانی کوردستان ئاڵای سەربەخۆیی بەرز کردووەتەوه و ئیسلامییەکان بەربەست بوونه؟! له ڕاستیدا، کێشەی من ئەوه نییه بنەما فکرییه ئایدۆلۆژییەکه چییه، بەڵکو ئەوەیه له باسی سەربەخۆیی کوردستاندا چ هەڵوێستێکی هەیه. گرنگ جۆری حیزبه سیاسییەکەیه که چۆن کار دەکا و ئامانجی چییه. به لای منەوه حیزبی ئیسلامی کوردستانی، ئەگەر وەکو من و تۆ له خەمی ئازادی کوردستاندا نەبێ، پێویسته قەدەغه بکرێ! حیزبی کۆمۆنستیش به هەمان شێوه. ئەگەر بمانەوێ سستەمی دیموکراسی پەیڕەو بکەین، پێویسته مەودای هەموو کەس بدرێ ڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕێ. بەڵام حیزبایەتییەک له بەرژەوەندیی لایەنی دەرەکی بێ یا خەمی ئازادی نیشتمانەکەمانی نەبێ، ئەوه دەچێته خانەی جاسووسی و خیانەتکارییەوه، جا ئیسلامی بێ یا نائیسلامی و حیزبی وا له هەر وڵاتێکی دنیادا بێ یاسا سنووری بۆ دادەنێ و بیانووی بیروباوەڕیش چ دادی نادا. بەڵام له وڵاتی ئێمەدا ئەوەی یاسا دادەنێ خۆی یاساشکێنه و خۆی پێویستی به ڕاستکردنەوه هەیه.

ئیسلام له ئێمه غەریب نییه و له بەرژەوەندیی کوردیشدا نییه بەرەیەکی تری شەڕ بەرەوڕووی دین بکاتەوه. نازانم بۆچی ئیسلام له زۆر کەس بووەته بڤه!! ئیسلام تورکیایەکی بۆ تورک دروست کرد که یەک بستی هی خۆیان نەبوو. ئیسلام ئێرانێکی گەورەوگرانی له ژێردەستەیی عارەب پاراست و کردی به خاوەنی وزەی ئەتۆم! ئەی ئیسلام بۆچی له کورد بووه بەڵا؟! نا باوەڕ ناکەم ئیسلام بیەوێ کورد کۆیله بێ. ئەوه خۆمانین ئیسلاممان کردووەته کەرەسەی کۆیلایەتی خۆمان. چما تەنیا ئیسلاممان بۆ کۆیلەبوونی خۆمان بەکار هێناوه؟! کۆمۆنیزمەمان بۆ کۆیلایەتی بەکار نەهێنا؟ تەنانەت ئەو حیزبانەش که ئێستا له کوردستاندا دەسەڵاتیان هەیه، یەکەم حیزبن له مێژووی کورددا که دانیان به دەوڵەتی عێراقدا نابێ و خۆیان وەک عێراقی خستبێته ڕوو!. خۆ ئەوان ئیسلامی نەبوون!

کورد دەڵێ: تەشیرێس تەشیرێس بێ، به کلکی کەریش بێ دەیرێسێ! ئێمەش ئەگەر خۆمان میللەتێکی ئازادیخواز بین، ئیسلامی بین یا کۆمۆنست یا دیموکرات، ناکرێ له ئامانجی سەربەخۆیی بێینه خوارێ. خۆ ئیسلام پڕه له ڕێنمایی بۆ ئازادیمان، کۆمۆنیزمیش پڕه، سۆسیالیزمیش پڕه، بەڵام سوودمان له هیچیان نەدیوه. ئێمه دەبین به ئیسلامی نەک ئازادیخواز! دەبین به کۆمۆنیست نەک ئازادیخواز! دەبین به دیموکرات نەک ئازادیخواز! دەبین و دەبین به هەموو شتێک ئازادیخواز نەبێ! ئیتر ئەم ئایدۆلۆژیا یا ئەوی تر بڵێ چی؟! جگه له هەموو ئەوانه، وەک له جێی تریشدا گوتوومه، به چ مەسرەف و هێزێ دەتوانین باوەڕی ئیسلامی له ناو کورددا نەهێڵین؟! ئەوەی بۆ نەهێشتنی ئیسلام له ناو کورددا سەرفی دەکەین، حەوت جار بەشی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکا به پارچەی پێنجەمیشەوه و ئیسلامیش بنەبڕ نابێ! چۆن له دەوڵەته ڕۆژاواییەکان خەڵک هەن خۆیان بۆ کەنیسه تەرخان کردووه و ڕێزیشیان لێ دەگیرێ، با کوردیش هەبێ خۆی بۆ مزگەوت تەرخان بکا و ڕێزێشی لێ بگیرێ. بەڵام حیزبه به ناو عەلمانییەکان کەی باسی سەربەخۆییان کردووه و ئەوان بەربەست بووبن؟! کەی پەیوەندیی ئەوان به تورکیا و ئێران و بەغداوه له پەیوەندیی حیزبەکانی تر زیاتر بووه؟! ئەگەر هەموو خەتاکان بخەینه سەر ئیسلامییەکان، له ڕاستیدا نەخۆشییەکانی خۆمان نادۆزینەوه! ئەگەرچی شێخی نەمر هەڵەشی هەبووه، بەڵام خۆزگه به هەموو حیزبه عەلمانی و عیلمانی و ئیسلامییەکان نیوەی ئەو ئازادیخواز دەبوون!

**وەک دوا پرسیار داهاتووی ئیسلامی سیاسی له کوردستان و ناوچەکه چۆن دەبینی؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** من پێم وایه پیلانێکی یەکجار گەوره له دژی ئاینی ئیسلام به گشتی له ئارادایه و جێبەجێکەرانی ئەو پیلانەش له ناوخۆی موسوڵمانانـدا، له ناو حیزبه ئیسلامییه سیاسییەکان و مزگەوتەکان دایه، بەتایبەتی له ناو سەلەفییەکاندان. فەتوای وەها سەیر و مەترسیدار لەم سەردەمەدا دەدرێ، مرۆ له خۆڕا دەکەوێته گومانەوه! تۆ بڵێی شتی وەها له ئیسلامدا هەبێ؟! شەڕکردنی گەنجی کورد له دژی لیڤەوماوانی کوردی ڕۆژاوا له ئیسلامەتیدا جێی نابینمەوه، چوونه ڕیزەکانی داعش و شەڕکردن له دژی پێشمەرگه له ئیسلامدا جێی نابێتەوه. ڕاوەستانی ئیسلامییەکان وەک بەردی ڕەق بەرانبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی له جیهاندا ڕوودەدەن له بەرژەوەندیی ئیسلامدا نییه. دەزانین ئەمریکا، له دوای داتەپینی یەکیەتیی سۆڤیەت به دوای نێچیرێکدا دەگەڕا بیخاته سەنگەری بەرانبەر تا هەم جێی کۆمۆنیزمی بۆ بگرێتەوه و هەم بیانووی دەستێوەردانی به دەستەوه بدا. ئیسلامییەکانیش، بەتایبەتی سەلەفی، به ویستی خۆیان و به ئانقەست ئەو جێیەیان پڕ کردەوه و بەدڵنیاییەوه له بەرژەوەندیی ئەمریکا دایه. گەنجی خوێنگەرمی موسوڵمان ئاگایان لەو گەمه و لەو قوماره نییه و ساکارانه پێوه دەبن. یەکێ له واشنگتۆن گەمەیان پێ دەکا و یەکێ له سعوودییه و قەتەر داش به داشیان پێ دەکا. ئەمریکا خۆی هاوکارییان دەکا و خۆشی به تیرۆرست ناویان دەبا و هەر له عێراقدا، چەندین جار خەڵکیان به تاوانی تیرۆرەوه گرت و دوای ماوەیەک ئازادیان کردن. خۆ له ناو ئەوانەدا کوردیش هەبوو که دەستگیر کرا و دوایی ئازاد کرا.

حیزبه ئیسلامییەکان خەریکه کۆمەڵگەی کوردی دەکەنه دوو بەرەوه: برێکی خۆیان و ئەوی تر دژی خۆیان. کارەساتیش ئەوەیه خۆیان به ناوی خواوه قسه دەکەن و دەسەڵاتیان هەبێ دەرەوەی خۆیان به مورتەد له قەڵەم دەدەن. بەڵام با جارێ کێشەی ناوخۆیان چارەسەر بکەن ئەوجا بچنه سەروکۆکڵی دەرەوەی خۆیان. کەسێکی ئاینپەروەر، بەداخەوه ناوەکەیم له بیر نەماوه، له فەیسبووکدا باسی ئەوه دەکا کۆمەڵێ له پیاوانی ئاین، دوای بەربانگ چوونەته مزگەوت بۆ نوێژ، کەچی هەر دەستەیه و به جیا نوێژی دابەستووه! پیاو نازانێ گوێ له کام دەستەی ناو ئیسلام بگرێ!! مەزەبەکانمان لێ بەڵا بوون حیزب و ڕێکخراویشیان هاته سەر!

باوەڕ دەکەم کۆمەڵگەی کوردی کاردانەوەیەکی خراپی بەرانبەر ئەم شێوازه ئیسلامییه هەبێ. خۆ سەلەفییەکان هەر به جارێ ناخۆشیان کردووه. خۆیان سەر به سعوودییەن و سعوودییەش له سێبەری ئەمریکادا دەژیی و ماوه. کەچی خەڵکی ناموسوڵمان دەکوژن. خۆ ئەگەر ڕەوتێکی توندڕەوی مەسیحی بەرانبەر به موسوڵمان پەیدا بێ، له ٢٤ سەعاتدا خاکمان دەبێژن!

من دڵنیام کلکی ئەمریکا و ئیسرائیل له ناو حیزبه ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا، به تایبەتی له ناو سەلەفییەکاندا تۆز دەکا، بەڵام باوەڕ ناکەم گەنجی بێ ئاگا که خۆی دەتەقێنێتەوه ئاگای له گەمەکان بێ. هەر له کۆنەوه یەک مەلایان به لای خۆیاندا ڕاکێشابێ، ئیتر حەساونەتەوه و یاری خۆیان به دڵی خۆیان ئەنجامداوه.



**ئیسلامییەکانی کوردستان ئێستا لەم کاتەدا، ئەوەندەی میسرین کوردستانی نین، ڕێک وەک ئەو کورده چەپانەی که ئەوەندەی فەلەستینی بوون کورد نەبوون و هیچیشیان بۆ فەلەستین پێ نەدەکرا. که مورسییان لابرد، من هەموو خەیاڵم لای ئەو کچه کوردانه بوو که بەرەنگاری نوسره دەبوونەوه.**

**پرۆفایل: «حەکیم عەبدوڵڵا کاکەوەیس» ساڵی ١٩٤٩له گوندی حەساری گەورەی نزیک شاری کەرکووک له دایک بووه. ساڵی ١٩٥٧ که یەکەم قوتابخانه له گوندی «دارەمان» (شەش کیلۆمەتر زیاتر له حەسارەوه دووره) دەکرێتەوه، خوێندنی سەرەتایی دەست پێ دەکا. قۆناغی ئامادەیی له کەرکووک تەواو کردووه و ساڵی ١٩٧٣ بەشی بیرکاری له کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی تەواو دەکا. دوای زانکۆ تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگه بووه. هاوینی ١٩٧٥ له بەغدا وەک فەرمانبەر، پرۆگرام سازی کۆمپیوتەر له وەزارەتی پلاندانان دامەزراوه و تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بووه. ئەوجا له زاخۆ کراوەته سەربازی یەدەگ. دوای ماوەیەک، که شەڕی عێراق – ئێران دەست پێ دەکا، بەو بۆنەوه که داوای لێ دەکەن ببێته بەعسی لەوێ هەڵدێ. ساڵی ١٩٨٤ دوای پەتپەتێیەکی زۆر خۆی دەگەێنێته وڵاتی سوید و لەوێ دەگیرسێتەوه. له ساڵی ٢٠٠٠ەوه به هۆی نەخۆشی دڵەوه خانەنشین کراوه. ئێستا له گوندی حەساری گەوره نیشتەجێیه و ڕۆژانه ژیانی به خوێندنەوه و نووسین و وەرگێڕان دەباته سەر. حەکیم کاکەوەیس یەکێک لەو کەسانەیه که له مەڕ پێوەندیی نێوان ئیسلام و کورد کۆمەڵێک سەرنجی تایبەتی هەیه. بۆیه لەم دیدارەدا هەوڵمان داوه له چوارچێوەی چەند پرسیارێک رای ناوبرا لەمەڕ ئیسلام و کورد، بیری ئیخوان له کوردستان و داعش وەربگرین.**

# سیاسەتی حەکیمانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ڕوداوەکانی ئەمدواییانە

## لە پەراوێزی ڕووداوەکانی دوای هاتنی داعش و هەڵوێستی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئاگری باڵەکی

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆرانکارێکی زۆر و چاوەڕوان نەکراو ڕوویان‌دا کە کوردستان‌و کورد چەقی ئەو ڕووداوانە بوون.

دروست بوونی گروپی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام ) لە ئەنجامی شڵەژانێکی ناوخۆیی لە وڵاتی سووریا و داوی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد، شۆڕشێک کە خەڵکی عەرەبی ناوچەکە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی سەر وڵاتەکانیان دەستیان پێکرد بۆ دروستکردنی ژیانێکی ئاسودەتر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان کە لە ئاکام‌دا ئەو جۆرە نەبوو کە ئەوان ئارەزویان دەکرد.

لە زۆربەی وڵاتەکان دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکان گرووپە ئیسلامیە خۆجیەکان هەلەکەیان قۆستەوەو بوون بەدەسەڵاتدار بەسەر وڵاتەوە، تونس و میسر و جەزائیر و یەمەن نموونەی ئەو وڵاتانەن کە ئیسلامییە میانەڕەوەکان کۆنترۆلیان کرد، بوونی هژموونی دینی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگایانە، دژ کردەوەی شەقامی ئەو وڵاتانەی لیٚکەوتەوە، لە تونس سکۆلارەکان جێگایان گرتەوە لە لیبیا هەتا ئیستاش هەر کێشەیە و شەڕە لەسەر دەسەڵات و لە میسر کودەتای سەربازی کرا و ئیسلامییەکان وەلا نران لە یەمەنیش وەزعەکە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەراپتر دەبێت.

بەڵام لە سووریە کێشەکە پێچەوانەیە، ٣ ساڵە حکوومەتی بەشار ئەسەد بە پشتیوانی هاوپەیمانانی ناوچەیی تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت توانیوەیەتی خۆی ڕابگرێ، شەڕی سووریە شەڕێکی ناوخۆیی نیە بەڵکو بۆتە کێشەیەکی جیهانی، شەڕەکە لە ئەساس‌دا شەڕی دوو بیرۆکەی شیعەو سونەیە کە ئەمە وای کردوە کە سووریە دابەش بکرێت بەسەر دووبەرەی سوننە و شیعەدا (بەرەی سوننە کە تورکیە و عەرەبستان و قەتەر پشتیوانی لیٚدەکەن لە گەڵ بەرەی شیعە کە ئێران‌و عێراق و گرووپە شیعەکانی لوبنانی تێدایە لە ئیستادا لە شەڕ دان)، لەلایەکی دیکەوە ڕێژیمی سووریە پشتیوانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ( ڕووسیە و چینی) لە پشتە، بە پێچەوانەوە دژبەرانی ڕێژیمی سووریە پشتیوانی بلۆکی ڕۆژئاوا( ئەمریکا و هاوپەیمانانیان) لە پشتە، ئەو کێشە و ڕووداوانە وایان کردوە کە زۆر گرووپ و تاقمی توندڕەو و میانەڕەو ساز بن و هەریەکە و لەلایەکەوە پشتیوانی لیٚبکرێت، گرووپێکی وەک داعش کە بە پاشماوەی گرووپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە کەش و هەوای سووریە کەڵکی وەرگرت و دەستی کرد بە گەشەکردن، لە پەنا ئەوەی کە ڕۆژانە حکوومەتی سووریە تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدا، کارەکانی دژی مرۆڤایەتی داعش لەپاڵ ئەوەی حکوومەتی سووریە بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە شاراوەیی دامانەوە و تا وای لیٚ بەسەر هات کە داعش توانی لە بۆشایی دەسەڵات لە سووریە و عێراق کەڵک وەرگرێ و ئیعترازی سوننەکان بە ڕێژیمەکانی سووریەو عێراقی قۆستەوە و کەڵکی لیٚوەرگرتن بۆ ئامانجەکانی خۆی، هەر ئەوەش بوو کە لە دوومانگ لەمەوپێشەوە هێرشیکی بەربڵاوی کردە سەر عیراق و ناوچە سوننە نشیەکانی کۆنترۆلی کردن.

هەرچەندە سەرەتا داعش هیچ هەولێکی نەدا کە هێرش بکات بۆ کوردستانی عێراق بەڵام فشار هێنانی حکوومەتی ناوەندی عێراق ( شیعە مەزهەبەکان) و ئێران بۆ یەکێک لە لایەنە سەرەکیەکانی کوردستانی عێراق وای کرد کە کورد توشی شەڕێکی نەخوازراو بێت کە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت کورد لە کوردستانی عیراق لەژێری نەهاتۆتە دەرێ، ئەگەر لەوە بگەڕێم کە کورد بۆتە بەڵا گێرەوەی هەندێک وڵات و لایەن بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچی باسێک کە بەناوی سەربەخۆیی کوردی هەبوو دیسانەوە چووە نیو لاپەرەکانی مێژووە. ئەگەر بەکورتیش بلێم بە هۆی دەنگۆی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وڵاتانی ئیقلیمی ترسی ئەوەیان هەبوو کە کیانێکی سیاسی کوردی دروست بێت، هەربۆیە باشترین چارەسەر، هێنانی داعش بوو بە هاوکاری وڵاتانی ئیقلیمی بۆ ئەوەی خەونی سەربەخۆیی لەسەر کوردەکان بپەرێنن، هەربۆیە سیناریۆی هاتنی داعش بۆ کوردستانی عێراق شتێکی ئاسان نیە کە ئاوا ئاسان بەسەریدا تێپەر بین.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەڵوێستی لەسەر شەر پیٚفرۆشتنی داعش..

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەوە ناسراوە کە لە بریار و هەڵوێستەکانی‌دا بە وردبینی زیاتر و بە لێکدانەوەی زیاتر هەڵوێست وەردەگرێ، زۆربەی جاران حدک لەلایەن لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و هەتا ئەندامانی خۆشیەوە بە خەمساردی بەرامبەر بە ڕووداوەکان تۆمەتبار دەکرێ، گرتنی هەڵوێستەکانی حدک زۆربەی جاران لەدوای هەموو حیزبەکانی ترەوە بووە، بەڵام کاتێک هەڵوێستی گرتووە هەموو هەڵوستەکانی پێش خۆی خستۆتە ژێر کاریگەری هەڵوێستی خۆیەوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا دوای (دوای لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) هەوڵی ئەوەی داوە کە دوور لە ئیحساس و ئارەزوو سیاسەت بکات، دەبیٚ بتوانیٚ لەگەڵ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕێک پەیوەندی هەبیٚ و ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە سیاسەت و ئێحساس لە جیهانی سیاسی دا دوو شتی لێک جیاوازن، سیاسەت زۆرتر بەدووی بەرژەوەندییەکانەوەیە تا تێرکردنی ئارەوزو ئێحساس هەربۆیەشە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زۆربەی جاران دەکەونە بەر لاتاوو بە خەمساردی تۆمەتبار دەکرێن،

تێروانینەکان بۆ هێندێک مەسەلەی لای ڕێبەریی حدک جیاوازترە تا لایەنەکانی‌تر، ئەوە بەکردەوە سەلمێنراوە، نموونە زۆرن. هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ٥ ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی ١٣٨٨ لە ئێران‌دا، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆن هەڵبژاردنیان تەحریم کرد، بەڵام حدک بە لێکدانەوەی زۆرتر بۆ مەسەلەکە و ئاگاداری زیاتر لە ناوخۆی وڵات هەڵبژاردنەکانی تەحریم نەکرد و بە پێچەوانەوە هەڵبژاردنەکانی بە خەڵک سپارد و هەمووشمان دیتمان کە خەڵک چ پێشوازیەکی لێکرد و دواتریش چ قەیرانێک بەرۆکی ئێرانی گرت کە تاکو ئێستاش ئەو قەیرانە بناغەکانی کۆماری ئیسلامی دەلەرزێنێ.

لێکدانەوەی ئەوکاتی حدک لێکدانەوەیەکی واقع بینانە بوو بۆ مەسەلەکانی ناوچەکە و ئێران، بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوو واتە لە ١٣٥٨ تا ١٣٨٨ دێمۆکرات و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەڵبژاردنیان تەحریم کردبوو، لەگەڵ ئەوەش‌دا خەڵک بەشدار دەبوون، هەربۆیە حدک بە لێکدانەوەیەک لە هەلومەرجەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خەڵک سەرپشک بکرێت بۆ هەڵبژاردن. ئەم حەرەکەتەی حدک وای کرد کە دژکردەوەیەکی زۆری لە دەرەوەی وڵات بەخۆیە بینی و حدکیان تاوانبار کرد بە لێک نزیک بوون لە کۆماری ئیسلامی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو هەوڵەی حدک بووە هۆی پێشوازی زۆری کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە ناوخۆی وڵات.

ئەوەی لە چەند پراگرافی سەرەوەدا باسم کرد وەک نموویەک بۆ سیاسەتی حەکیمانەی حدک. ئەگەر بێینە سەر ئەسلی باتەکە هەڵوێستی حدک و شەرفرۆشی داعش یان دەوڵەتی ئیسلامی ، ئەوا دەبینین لە ڕۆژەکانی یەکەمی هێرشی داعش بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەک‌دا، هەم کردەوەکەی مەحکووم کردو هەمیش ئامادەیی خۆیی نیشان‌دا بۆ هەر ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێی بسپێرێ. حدک هەر لەیەکەم بەیاننامەیدا ئێشارە بەوەی دابوو کە حکوومەتی هەرێم یاسا و ڕێسای هەیە و ناوەندە پەیوەندیدارەکان بەرامبەر بە داوای هاوکاری بەرپرسن، هەربۆیە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خۆی بوارد لە هەموو کارێکی خۆسەرانە. چونکە حدک دەیهەویست سیاسەت و ئارەزوو لێک بکاتەوە، سیاسەتی حدک بەشێوەیەکە کە ئەوان بە هەستیاری زۆرەوە و بەئارامی بۆ بابەتەکان دەچن، زۆر جار ئەو ئارامیە سەبری ئەندامانی خۆشیان ناهێڵێ و زۆرجار دەبێتە هۆی ئیعتراز بە ڕێبەری حیزب، بەڵام لە کۆتایی دا دەبینین کە ئەوەی ڕێبەری حدک باسیکردوە و بڕیاری لەسەر داوە لە جێی خۆی‌دا بووە.


ناردنی هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی تری ڕۆژهەلات بۆ بەرەکانی شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان و نەناردنی هێزی پێشمەگەری حدک ماوەیەکە ببووە ڕۆژەفی هەواڵ و لێکدانەوەی ڕۆشنبیران و چالاکانی سیاسی ناوخۆ دەرەوە، لەو نیوەدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە خەمساردی لەبەرامبەر ڕووداوەکان‌دا تاوانبار دەکرا، بەڵام هەڵوێستی حدک بەشێوەیەک بوو کە زۆربەی هەرەزۆری ڕەخنەگران لەماوەیەکی کەم دا هاتنەسەر ئەوە باوەڕەی کە هەڵوێستی ڕێبەریی حدک لە جێگای خۆیدا بووە.

ئەوەی لێرەدا ئەنجام وەردەگرین ئەوەیە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سیاسەتی زیرەکانەی خۆی توانی ئەو هەنگاوەش بە سەرکەوتوویی بباتە سەرێ، ڕێبەریی حدک توانی لە گرتنی هەڵوێستەکانی‌دا سیاسییانە ڕەفتار بکات، هەروەک پێشووتریش ئەو کارەی کردبوو.

بیٚ شک دەتوانین بلێین لە داهاتووش‌دا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یەکێک لەو هێزانە دەبێت کە گاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان‌و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیٚ.

# ژیاننامەی جۆرج واشنتۆن

نووسینی: فرانک فریدێڵ و هاگ سیدەی وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی



جۆرج واشنتۆن ڕۆژی ٣٠ مانگی گوڵانی ١٧٨٩، لە کاتێک‌دا کە لە سەر باڵکۆنەکەی هۆڵی فیدراڵ لە وۆڵ ستریتی نیۆیۆرک وەستابوو، وەک یەکەم سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان سوێندی یاسایی خوارد. لە نووسراوێک‌دا بۆ جەیمز مەدیسۆن دەڵێ:» وەک سەرەتای هەر شتێک، لەم دۆخەدا بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێک خزمەت دەکەم و لە لایەن خۆمەوە بەوپەڕی باوەڕەوە هیواخوازم کە ئەم دەسەڵاتانە لە سەرکۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپی دروست بنیات بنرێن».

جۆرج لە ساڵی ١٧٣٢ لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە ڤیرجینیا لە دایک بوو. وردە وردە فێری ئەو بنەما ئەخلاقی و شێوەی هەڵسوکەوت و زانیاریانە بوو کە بۆ پیاوماقوڵێکی سەدەی هەژدەی ڤیرجینیا پێویست بوون.

ئەو بە دوای دوو حەزو ئارەزووی تێکهەڵکێشراوەوە وێڵ بوو: هونەری نیزامی و ڕێژەی درێژکردنەوەی وڵات بەرەو ڕۆژئاوا. لە تەمەنی شانزە ساڵیدا، کەسێکی یارمەتیدەر بوو لە رووپێوی زەوییەکانی شێناندووا بۆ تامس، لۆرد فێرفاکس. لە ساڵی ١٧٥٤ وەک سەرهەنگ دوو دەستنیشان کرا و لەو پێکدادانانەی سەرەتادا بەشدار بوو کە دواتر پەرەیان سەندو بوون بە شەڕی فەڕەنسا و هیند. ساڵێک دواتر، وەک یاریدەدەری ژەنراڵ ئێدوارد برادۆک بەشداری شەڕ بوو. ئەگەرچی چوار فیشەک پاڵتۆکەی بەری دڕاندو دوو لە ئەسپەکانیشی بەر کەوتن، بەڵام خۆی بە ساخلەمی‌و تەندروستی تەواوەوە ڕزگاری بوو.

لە ساڵی ١٧٥٩وە تاکوو دەسپێکی شۆڕشی ئەمریکا، خەریکی کاروباری بەڕێوەبردنی کێڵگەو زەوییەکانی بوو لە دەوروبەری چیای ڤێرنۆن وە هەروەها وەک نوێنەر لە ئەنجومەنی بێرگیسیزی [نوێنەرانی] ڤیرجینیا خزمەتی دەکرد. پاشان ژیانی هاوسەری لەگەڵ بێوەژنێک بە ناوی مارتا داندریج کێرتیس پێکەوە نا و زۆربەی کاتەکانی بۆ ژیانێکی سەرقاڵ و بەختەوەر تەرخان کرد. بەڵام هەموو کات وەکوو خاوەن کێڵگەکانی دیکەی دەڤەرەکە، هەستی دەکرد لە لایەن بازرگانانی بەڕیتانیەوە دەچەوسێندرێتەوە و بە هۆی یاسا و ڕێساکانی بهریتانی لەمپەر دەهاتە سەر ڕێی. کاتێک کە بێنەو بەردەکەی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتی دایک [واتە بەڕیتانیا] قووڵتر دەبۆوە، ئەویش بە شێوەیەکی میانڕەوانە بەڵام بە ورەیەکی بەهێزەوە دەنگی خۆی خستە پاڵ ئەوانەی لە هێڵی بەرخۆدان بوون دژ بەو سنووردانان و بەربەستانە.

کاتێک دووەم کۆنگرەی کانتینێنتاڵ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٧٧٥ لە فیلادێلفیا گیرا، جۆرج واشینتۆنیش وەک یەکێک لە ئەندامانی شاندی نوێنەرانی ڤیرجینیا بەشدار بوو. هەر لەو کۆنگرەیەدا، بە فەرماندەی گشتی سوپای کانتینێنتاڵ هەڵبژێردرا. لە ڕۆژی ٣ی مانگی تەباخی ١٧٧٥ لە کەمبریجی ماساچۆسێتس، فەرماندەیی ئەو سەربازانەی وە ئەستۆ گرت کە بە شیوەیەکی باش ڕانەهێنرابوون و شەڕێکی گورچکبڕی دەستپێکرد کە شەش ساڵی خایاند.

واشینتۆن هەر زوو بۆی دەرکەوت کە باشترین سیتراتیجی ئەوەیە بە بەردەوامی بەریتانییەکان وەزاڵە بێنن. لە ڕاپۆرتێک‌دا بۆ کۆنگرە نووسیبووی:» ئێمە دەبیٚ لە هەموو بارێک‌دا خۆمان لە کردەیەکی گشتی بەدوور بگرین، ئەگەرنا هەموو شتێک دەخەینە مەترسییەوە؛ مەگەر پێویستییەک ناچارمان بکات کە تا بۆشمان بکرێت نابێت بهێڵین بکێشرێینە ناو ئەو پێویستییەوە«. لە شەڕەکانی دواتردا، دەبینین کە بە هێواشی خۆی دەکشێنێتەوەو پاشان کتوپڕ هێرش دەکاتەوە. لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٧٨١ بە یارمەتی هاوپەیمانە فەڕەنسییەکان، توانی هێزی بەڕیتانی کۆرنوالیس لە شاری یۆرکتاون شکست بدات.

واشینتۆن بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو دەرفەتەی دەکرد خانەنشین بکرێت و بگەڕێتەوە سەر زەوی و زارەکەی لە چیای ڤێرنۆن. بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت کە گەلەکەی لە چوارچێوەی مادەکانی کۆنفیدراسیۆن باش بەڕێوە ناچێت؛ بۆیە بوو بە بزوێنەرێکی سەرەکی لەو هەنگاوانەی کە کۆنڤانسیۆنی فیلادێلفیای ساڵی ١٧٨٧یان لێکەوتەوە. کاتێک یاسای بنەڕەتی نوێ دەرچوو، دەزگای هەڵبژاردن بە تێکڕای دەنگ واشینتۆنی بە سەرەک کۆمار هەڵبژارد.

ئەو هەرگیز سەرپێچی و دژایەتی ئەوهێزانەی نەدەکرد کە سیاسەتی وڵاتیان دادەڕشت، لە بەر ئەوەی کە پێی وابوو یاسای بنەڕەتی وڵات ئەو توانایییەی بەکۆنگرە دابوو. بەڵام دیاری کردنی سیاسەتی دەرەوە بوو بە خەمێکی گەورەی سەرەک کۆمار. هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە کاتێک شۆڕشی فەرەنسا، شەڕێکی گەورەی لە نێوان فەرەنسا و بەڕیتانیا هێنایە ئاراوە، واشینتۆن پێشنیارەکانی هیچ کام لە وەزیرانی دەرەوە و خەزێنەی بە تەواوی وەرنەگرت: وەزیری دەرەوەی، تامس جێفرسۆن، لایەنگری فەرەنسای دەکرد و وەزیری خەزێنە، ئالێکساندر هەمیلتۆن، لای بەڕیتانیای دەگرت. لە جیاتی لایەنگری لە بەرەیەکی شەڕ، جەختی لە سەر شێواز و سیاسەتێکی بێلایەنانە دەکرد تا ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ببێت بە وڵاتێکی بەهێزتر.

لە کۆتایی خولی دووەمی سەرەک کۆماری ئەودا، دوو حیزب لە گەشە کردندا بوون کە ئەوەش ببووە هۆی بێزار بوونی واشینتۆن. بە هۆی ماندووبوونی لە دنیای سیاسەت و هەست کردنی بە پیری تەمەن، بڕیاڕیدا لە کۆتایی خولی دووەمدا خۆی خانەنشین بکات. لە لێدوانەکەی بە بۆنەی ماڵئاوایی لە کۆشکی کۆماری، سوور بوو لە سەر ئەوەیکە سیاسەتوانانی وڵاتەکەی، ڕۆحی حیزبایەتی تۆخ و ناوچەگەرێتی وەلا نێن. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتیش، دژی هاوپەیمانێتی درێژخایەن هۆشداری دا.

واشینتۆن نەیتوانی زیاتر لە سیٚ ساڵ چێژ لە ژیانی خانەنشینیەکەی لە چیای ڤێرنۆن بگرێت، لە بەر ئەوەی کە لە ڕۆژی ٤ی دێسامبەری ١٧٩٩، بە هۆی تەنینەوەی قوڕگەوە، گیانی لە دەست دا. گەلی ئەمریکا بۆ چەند مانگ لە خەم و پرسەی سەرۆکەکەیاندا بوون.

**سەرچاوە:**

**لە ماڵپەڕی ڕەسمی کۆشکی سپی لە لاپەڕەی ژیاننامەی سەرۆکەکان وەرگیراوە.**

http://www.whitehouse.gov/about/presidents/georgewashington

-----

کوردستان
ژمارە: ٦٤٠
٣٠ی خەرمانی ١٣٩٣
٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤



# خوێندنەوەیەک بۆ وەرگێڕانی «تاعوون»:




سمایل زارعی

گەر بمهەوێ زۆر بە کورتی وەرگێڕی ڕۆمانی «تاعوون»ی ئالبێر کامۆتان پێبناسێنم دەتوانم لە چەند ڕستەدا بڵێم «ڕەسووڵ سوڵتانی»، لەدایکبووی ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە توانیویەتی بە تەواوکردنی ئەدەبیاتی زمانی فارسی تا ئاستی کارناسی شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەبێ. ناوبراو جگە لەوەی شاعیرێکی بەتوانایە، بە وەرگێڕانەکانیدا دەری‌خستووە کە دەتوانێ وەرگێڕێکی بەتوانای زمانی کوردیش بێ. بە بڕوای من هەم «سوڵتانی»و هەم زۆربەی ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی لە حیزبی دێمۆکراتدابن دەرفەتێکی یەکجار باش‌و لەباریان بۆ پێگەیشتن‌و کارکردن لە ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبدا ڕەخساوە ـ لێرەدا چونکە مەبەست باسێکی ئەدەبییە تەنیا باسی ئەدەب دەکەین‌و ناچینە سەر بوارەکانی دیکەی پێگەیشتن و پەروەردە لە کۆمەڵی ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەدا ـ بۆیە دەڵێم بە تایبەتی لە حیزبی دێمۆکرات دا، چونکە هەر بۆ وێنە «سوڵتانی» لە حیزبی دێمۆکراتدا کاتێک بوو بە پێشمەرگە، وەک زۆربەی ئەوانیدیکەش کە سەرقاڵی کاروباری ئەدەب‌و کولتووری بوون زۆر باش تێکەڵ بەو کۆمەڵو بازنەیە بوو و توانی یەکێک بێ لەو دەیان‌و سەدان کەسەی لەو بوارەدا لە نێو حیزبدا لەو بوارەدا ئەزموونیان هەبووەو لە بواری ئەدەبی‌دا کاریان کردوە. ئەو چالاکە ئەدەبییانە هەر لە ڕێگای ئەو پەیوەندی‌و لێک نزیکبوونەیان کە بێگومان لە ژێر کاریگەری ژیان‌و چارەنووسی هاوبەشیان لە حیزب دایە کە دەتوانن پەیوەندی نزیک لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوە ئەدەبی‌و سیاسییەکانی ئەو حیزبە بگرن‌و بەشێکی بەرچاویان ئەو هەلەشیان بۆ ڕەخساوە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانیدیکەی وەک ڕۆژنامەوانی، وتارنووسی بۆ رادیۆ و هەروەها کارکردن لە تەلەفزیۆن و گۆڤارەکانی ئەو حیزبەدا کار بکەن. ئەوەش دەرەتانێکی باشی بەو کەسانە داوە کە بتوانن بە شێوەیەکی بەرچاو و بەپێی ئەو باکگراوندەی هەیانە بەرهەمی ئەدەبیو ڕۆشنبیری بەرچاو وهدی بێنن. ئەگەر هەر لە سەر خودی وەرگێڕی ڕۆمانی «تاعوون» بدوێم، بە تایبەتی چونکە هەر لە نزیکیشەوە دەیناسم، پێم وایە ناوبراو هەتا بەر لەوەی پەڕیوەی باشووری کوردستان بێ، لە زێدی خۆی دێ، واتە لە ڕۆژهەڵات، پتر لە بواری ئەدەبی کۆنو کلاسیکدا چالاکی‌و شارەزایی هەبووە، بەڵام لەو کاتەوە کە توانی لە باشوور و لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا کار لە ڕۆژنامە، رادیۆ و پاشانیش تەلەفزیۆنی ئەو حیزبەدا بکات، بە ڕوونی دیارە کە ئەوجار ڕاستەوخۆو بە کردەوە تێکەڵ بە ژانرە مۆدێرنەکانی ئەدەب بێ. پێم وایە بۆ دەرخستنی توانایی وەرگێڕ هەر ئەوەندە بەسە بڵێم تەنانەت ناوبراو لە باری هونەریشەوە زەوق و مرخێکی سەرنجڕاکێشی هەیە. تەواوی ئەو تواناییانە بە یارمەتیی ئەو هەوڵو دەرفەتانە وای کردوە کە ڕەسووڵ سوڵتانی بتوانێ وەرگێڕێکی سەرکەوتوو بێ، یان لانیکەم وای لێبکا کە دەرفەتێکی لەباری هەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ یەکێک لەو وەرگێڕە سەرکەوتووانەی سەردەمی خۆی بێ. کورت‌و پوخت: وەرگێڕ بەوەی کە خاوەنی چەند توخم‌و تواناییەکی گرینگەو لە چەند لاوە هەمبانەی پڕە، زۆر باش دەتوانێ خۆ لە قەرەی دەقەکان بدا. بۆ ئەوەی باشتر سەرەدەرە لە بابەتەکە دەرکەین هەوڵ دەدەم توانایی‌و مرخەکانی سوڵتانی بکەمە سێ بەش: یەکەم: توانایی‌و مرخی ئەدەبی‌و شیعر هۆنینەوە، دووهەم: توانایی زمانەوانی‌و شارەزایی لە ئەدەبی کوردی‌و فارسیدا، سێهەم: کارو ئەزموون لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا و چوارەم: زەوق و مرخی ناوبراو لە هونەردا.

«ئالبێر کامۆ» پێویستی بە ناساندنی من نیە، گەرچی خراپ نیە ئەوەندەی لە سەر بڵێم کە کامۆ لە تەمەنی چلو چوار ساڵیدا خەڵاتی ئەدەبی نۆبلی وەرگرت. هەتا مابوو زۆر لە ژێر کارتێکەری ئەو هەوراز و نشێوە سیاسی، فەلسەفی‌و کۆمەڵایەتییانەدا بوو کە لە سەردەمی ئەودا، نەک هەر لە فەڕانسە، بەڵکە لە دنیای ڕۆژئاوادا، هەبوون. ئەویش بۆ ماوەیەک پەیوەندی بە حیزبێکی فەڕانسەوییەوە گرت. هەرچەند دواتر لەو حیزبە وەدەرنرا، بەڵام جارێکی دیکە سەرلەنوێ تێهەڵچۆوەو لە ڕێگای بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەوە، کاریگەری فیکری، سیاسی‌و فەلسەفی خۆی لە سەر کۆمەڵگا نواند. هەرچەند پاش هاتنی نازییەکان‌و ئەو جەنایەتانەی لە فەڕانسە ڕێکیان خست، دیسان «کامۆ» قۆڵی لێهەڵماڵییەوە و ئەوجار بە کردەوە لەو گۆڕەپانەدا خۆی دەرخست. (١) هێنانە بەرباسی ئەو لایەنەی لە ژیانی «کامۆ» تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بڵێم ئەو جووتە، وەرگێڕو نووسەر، جگە لە خەڵاتە ئەدەبییەکە، پێکەوە چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە. خاڵە هاوبەشەکانیش لە نێوان نووسەر و وەرگێڕدا زۆر یارمەتیدەر بووە بەوەی کە باش لە یەکتری تێبگەن و وەرگێڕ بێ ئەوەی بیهەوێ‌و بە پێی ئەو باکگراوندە هاوبەشەی لەگەڵ نووسەرەکەدا هەیەتی، ناڕاستەوخۆ ڕچەی نووسەری گرتۆتەبەرو بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە وەرگێڕانەکەدا لەبارەکەی زانیوەو زانیویەتی چلۆن لەگەڵ دەقەکە هەڵکا.

لێم مەگرن کە هێندەم لە سەر وەرگێڕ و نووسەری «تاعوون» ڕست، ڕاستییەکەی ئەوەیە بە بێ نووسینی ئەو چەند دێرەی سەرەوە نەمدەتوانی بچمە نێو قووڵایی باسەکەمەوە. لەمەڕ ڕۆمانی «تاعوون» کە کورد بەو دەردە دەڵێ: لاڕەشە، زۆر شت نووسراوە یان گوتراوە، بەڵام هیچیانم بەڕادەی قسەی خودی وەرگێڕەکە بەلاوە سەرنجڕاکێش نەبوون. «سوڵتانی» سەبارەت بە ڕۆمانەکە دەڵێ: «ڕۆمانی تاعوون ڕۆمانێکی فرەڕەهەندە. تێم‌و هەوێنی ڕۆمانەکە بەرگری‌و خۆڕاگرییە. بەشداری‌کردنی تاکە لە خەباتێکی بەکۆمەڵدا. هەڵبژاردنێکە لە نێوان ژیانی تاکەکەسی و خۆقوربانیکردن لە پێناوی کۆمەڵدا.»(٢) منیش بۆ قسەکەی وەرگێڕ لە ئەستۆ دەدەم‌و دەڵێم هەر بەڕاستیش سەرانسەری ڕۆمانی «تاعوون» ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەو خۆبەختکەرانەی بەسەردا زاڵە. کەشی نێو ڕۆمانەکە لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام بەرەو تاڵی‌و سوێری‌و چارەڕەشی کۆمەڵگایەکەوە هەڵدەکشێ، کەچی تیرێژی خۆری بەرخودان‌و خۆڕاگری مرۆڤیش لە هەمبەر ئەو چەرمەسەرییانەدا لە ئاسۆی هیواو هومێدی مرۆڤایەتیدا بریسکان دەداتەوە و دەدرەوشێتەوە. بە درێژایی مێژوو هیوا و هومێد بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی لە پەتا جۆراوجۆرە ئایدیۆلۆژی یان نەخۆشییەکییەکانی وەک لاڕەشە هەمیشە هەر هەبوونو هەن و دەشمێنن. لەو نێوەدا ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە زمانی سادەو ساکاری ئالبێر کامۆیە بۆ گەیاندنی ئەو واتا قووڵو گرینگە، بە شێوەیەک کە هەمووان بتوانین لێی تێبگەین. کاتێک کۆمەڵگا لەوە تێبگات کە چ مەترسییەک هەڕەشەی لێدەکا، بە دڵنیاییەوە بە هەر شێوەیەکی گونجاو دژکردەوە بۆ پاراستنی خۆی، لە خۆی نیشان دەدات. ئیتر پێویست ناکا ئەوەش بڵێم چونکە هەمووان باش دەزانین کە لە نێو هەر شەپۆلێکی بەگژداچوونەوە دژی ئەو مەترسیانەی مرۆڤایەتی دەخەنە مەترسییەوە کۆمەڵێک هەن کە ڕۆڵی سەرەکی‌و ڕەنگە کاریگەری بەرچاوتریشیان هەبێ. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە «کامۆ» لە هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای نێو ڕۆمانەکەی ڕەگەڵ ئەو کۆمەڵە فیداکارە خستووە. گرینگ نیە کە مرۆڤ پیشەو ئیشی چیە، گرینگ ئەوەیە بە باشترین شێوە بەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگادا هەیەتی بەردەوام لە خزمەتکردن بە بەختەوەری کۆمەڵگاکەیدا بێ. هەر وەک لە ڕۆمانی «تاعوونیش»دا بە باشترین شێوە ئەو وێنەیە وێناکراوە. لە ڕاستیدا مەبەستی نووسەر لە لایەک بەرابەری‌و یەکسانی مرۆڤرکانەو لە لایەکی دیکەشەوە هاوکاری‌و یەکیەتیی نێوان مرۆڤەکانە. سەروبنی ئەو ڕۆمانە وەبیرمان دێنێتەوە کە بەختەوەری تاکەکان بە بەختەوەری هەموو کۆمەڵگاوە گرێدراوە، ئەوەش تەنیا کاتێک دێتە دی کە تاکەکانی کۆمەڵ هەموو




شتێکیان لە پیسی، خراپەو ناحەزی داماڵنو بە ویژدانێکی پاک‌و بێگەردەوە لە پێناو بەختەوەری یەکتری‌دا بژین. پەتای لاڕەشە تەنیا سیمبوولێکە لە چەشنی ئەو پەتا ئایدیۆلۆژی، سیاسی‌و کۆمەڵایەتییانەی بەردەوام بە ڕیشی مرۆڤەوەن. زۆر کوتن لە قورئان خۆشە، بۆیە بە کورتی دەڵێم کە وەرگێڕانی بەرهەمی لەو چەشنە یەکجار پێویستو گرینگنو وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی بەرهەم بۆ وەرگێڕان‌دا زۆر وردبین و سەرکەوتوو بووە.

حەزم دەکرد لە باتی وشەی «تاعوون» بڵێم «لاڕەشە»، بەڵام لەبەر ئەوەی تازە کتێبەکە هەر بەو ناوە هاتووە، منیش هەر بەو ناوە ناوی دێنم. کتێبی «تاعوون» یەکێک لەو بەرهەمە ناسراوانەی «ئالبێر کامۆیە» کە لە ئاستی دنیادا باش ناسراوە. ئەم بەرهەمە بەو هەموو ئاڵۆزییانەی لە ڕووداوەکانی دایە، توانیویەتی بە زمانێکی زۆر سادەو ساکار مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر. ئەوەی زۆر جێی سەرنجە ئەوەیە کە چ کەشی نێو ڕۆمانەکەو کولتوورەی ئەو کۆمەڵگایە (ئەو شارەی لە ڕۆمانەکەدا لاڕەشە لێی دەدات) زۆر لە کولتوورو داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری خۆمان دوورە، بەڵام قسەو راوێژەکان، هاوخەمی‌و یەکیەتیی نێوان ئەو خەڵکە نەک هەر بۆ کۆمەڵگای کوردەواری نامۆ نیە، بەڵکە زۆریش لێک دەکاڵێنەوە. ئەوەی لەو نێوەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە نێوان زمانی نووسەرو وەرگێڕدا هەیە، زۆر بە کەمی هەست بەو کەلێنە نامۆیە لە دوو کولتووری جیاوازدا دەکرێ. ڕەنگە ئەوەش بە پێی توانایی وەرگێڕی ڕۆمانەکە بۆ وی هەر بەشی کڵاوسووڕانێک بوو بێو زۆر خۆش بە دەستییەوە هاتبێ. ئەوەش بێگومان خاڵێکی دیکەی سەرکەوتنی وەرگێڕی خامەڕەنگینی ئەو ڕۆمانەیە. «ڕەزا سەید حوسێنی» کە پیاوێکی وەرگێڕ و نووسەرە لە جێیەک سەبارەت بە وەرگێڕانی دەقە فارسییەکەی ڕۆمانی «تاعوون» لە فەڕانسییەوە دەڵێ: «هێندێک ڕستە لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا (دیارە مەبەستی فارسییەکەیەتی) هەیە کە ناکرێ بڵێین ئەوانە فارسین» (٣). ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە زۆر ڕستەو واتا لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا هەن کە تەواو لە زمانو ئەدەبی ئێمەدا نامۆن‌و بە تەواویش لە باری واتاوە بۆمان نامۆن، بەڵام ئەوەی بۆ من جێی سەرنجە ئەوەیە کە من لە هیچ جێیەکی وەرگێڕانە کوردییەکەی تاعوون دا هەستم بەو بابەتە نەکرد کە «ڕەزا سەید حوسێنی» سەبارەت بە دەقە فارسییەکەی دەیڵێ‌و بگرە تەواو بە پێچەوانەکەشیم دی. دیاربوو وەرگێڕ زۆر ورد ئەو کەلێنە سرووشتییانەی نێوان دوو زمان و کولتووری جیاوازیشی پڕ کردبۆوە و دڕاوی وەرگێڕانە فارسییەکەی باش پینە کردوە.

ماوەتەوە بڵێم لە دۆخێکدا کە زمانی کوردی هێشتا بە تەواوی چوارچێوەیەکی ستانداردی بۆ خۆی دیاری نەکردوە، زۆر ئەستەمە بتوانی کتێبێک وەرگێڕی کە بە دڵی هەمووان بێ. چونکە لە لایەک زۆر دەستەواژە و وشەی جۆراوجۆر لە زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی‌دا هەن کە ئەوە ڕەنگە خراپ لێک تێگەیشتنێکیش بۆ خوێنەر بێنێتە پێشێ، لە لایەکی‌تریشەوە ڕەنگە بە هۆی دەمارگرژی ناوچەییەوە و شەڕەگەڕەکی هێندێکانەوە ببێتە هۆی دڵەێشانی هێندێکیش. ئەوەی بۆ من زۆر جێی سەرنج بوو ئەوە بوو کە وەرگێڕ ئەگەرچی بۆ خۆی خەڵکی ناوچەی موکریانەو بە زاراوەی موکریش دەدوێ، کەچی ئەوەندەی بۆی لواوە هەوڵی داوە دەقی وەرگێڕانەکە بە چەشنێک دارێژێ کە هەم زاراوەی سۆرانی تێئاخنێ‌و هەمیش هەر خوێنەرێک کە لانیکەم لە زاراوەکانی کرمانجی خواروی زمانی کوردیدا شارەزاییەکی زۆر کەمیشی هەبێ بتوانێ لە دەقەکە بگات. هەرچەند ئەوەمان لەبیر نەچێ کە وەرگێڕان بە زاراوەیەکی تۆخیش بۆ خۆی دەتوانێ خزمەتێکی گەورە بە زمان‌و ئەدەبی کوردی بێ‌و ئەوە وا دەکات کە زۆر وشەو دەستەواژی کوردی ئەو زاراوەیە لە ڕێگای خوێنەری بەرهەمەکەوە بۆ ناوچە و زاراوەکانی‌تریش بگوازرێنەوە. با ڕووڕەشی دنیا و قیامەتیش نەبم، بۆیە بۆ ڕاستی و درۆی قسەکەشم پێم وایە «دایە، باوە، کێ خراوە»ی «عەلی شەریعەتی» مام هەژار کە بە زاراوەیەکی ئەردەڵانی تۆخ وەرگێڕدراوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە. کەوابوو لێرەش دا وەرگێڕ بەو باڵانسەی لە نێوان زاراوەکاندا ڕای‌گرتووە و جێ جێ دەستەواژەی ڕەسەنی زاراوە موکری خستۆتەڕوو، بە بەردێک دوو کێڵی پێکاوە و زۆریش سەرکەوتوو بووە.

بەداخەوە من دەقی بەرهەمەکەم بە شێوەی چاپکراو لە توێی کتێبدا دەست نەکەوت‌و ئەوەی خوێندمەوە فایلی PDF بەر لە چاپ بوونی بەرهەمەکە بوو. دواتر لە ڕێگای وتارێکی کاک هەژیر عەبدوڵڵاپوورەوە (٤) زانیم کە وادیارە هەڵەبڕی بەرهەمەکە زۆر وردبین نەبووەو بۆیەش بەرهەم بە کۆمەڵێک هەڵەی ڕێنووسی یان باشتر وایە بڵێین چاپییەوە بڵاوبۆتەوە. هەرچەند بە هیچ شێوەیەک ئەوە بە گوناحی وەرگێڕەکەی نانووسرێ، بەڵام پێم وایە وەرگێڕو نووسەرە دەرووەستەکانی وەک کاک ڕەسووڵ دەبێ تەنانەت بەر لەو کاتەش کە کتێبەکە بکەوێتە بازاڕەوە زۆر بە وردی سەیرێکی بەرهەمەکەیان بکەن‌و ئەگەر بەڕاستی هەڵەو پەڵەکان هێندە زۆر بوون کە سەر لە خوێنەر بشێوێنێ‌و لە نرخ و بەهای بەرهەمەکە کەم بکاتەوە، بە هەموو شێوەیەک دەبێ بەر بە بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمە بگرن. چونکە دوایە وەک مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە پێشەکی حەمەدۆک دا دەڵێ: «لەمێژە دەڵێن وەرگێڕ ڕەنج بە خەسارە، چونکە ئەگەر کارەکەی سەرکەوتوو بوو خەڵک ئافەرین بۆ نووسەرەکەی دەنێرن‌و ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو سەرکۆنەی دەکەن» (٥) بەداخەوە وردنەبوون لەو بارەوە لە چاپخانەو چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی باشووردا یەکجار زۆرە کە هیوادارم کاک ڕەسووڵ بۆ چاپەکانی تری هەوڵ بدات ئەو هەڵە ڕێنووسییانە ڕاست بکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر وا هەست نەکات سەرچاوەی هەڵەکان خودی وەرگێڕەکەیە و چاپخانەکانیش بێبەری بن لە گوناح.

سەرچاوەکان:

١. **خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە**
**بۆ بەرهەمەکانی ئالبێر کامۆ**: http://naghdketab.blogfa.com/post٢٧–.aspx
٢. **سوڵتانی، ڕەسووڵ، وتووێژی لەگەڵ سایتی «ئێمرۆ»، سازدانی: ئیدریس عەلی،** ٢٨/١١ ـ ٢٠١٠: http://www.emrro.com/dimaneyekleserr.htm
٣. **سەید حوسێنی، ڕەزا، وتار سەبارەت بە وهرگێڕانی فارسی «تاعون»، ١٣٨٩**: http://www.khosrobagheri.blogfa.com/post–٧٨.aspx
٤. **هەژیر عەبدوڵڵاپوور، شاکارەکانی هەڵەچنی تاعون، ماڵپەری «بەیان»، ٢١٠ ـ** ١٦ /١٠ : http://www.beyan.info/Direje.aspx?C=Witar&J=٣٦٩.
٥. **عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، ، حەمەدۆک، بەرگی یەکەم، چاپی سێهەم، لاپەڕەی ٩،** ٢٠١١. http://www.kurdipedia.org/books/٦٤٩٥٤.PDF

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 640 21 septam 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

## ٢٢ ساڵ بەسەر تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا تێپەڕی

ئامادە کردنی: م. ئەحمەدی

٢٢ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبردا، کە هێشتا برینی تیرۆر کردنی ڕێبەری مەزن «دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو» لای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سارێژ نەببوو، «دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی» سکرتێری حیزبی دیموکرات لە ریستورانتی میکۆنووس لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی تیرۆر کرا.

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧ ١ ( ١٧ی سێپتامبر ساڵی ١٩٩٢) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە ریستورانتی میکۆنوس «دوکتۆر سادق شەرەفکەندی» کە دوای تیرۆری «د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو» بوو بە سکرتێری حیزبی دیموکرات لە گەڵ «فەتاح عەبدولی»، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و «هومایون ئەردەڵان» نوێنەری حیزب لە ئەڵمانیاو هەروەها «نووری دێهکوردی» کەسایەتیی ئێرانی و دۆستی حیزبی دیموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کران.

شەرەفکەندی لەگەڵ وەفدی هاوڕێ بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستدا چوو بووە ئەڵمانیا و ئەو شەوەی کە تیرۆر کرا بڕیار بوو لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێران لە ریستورانتی میکۆنووس کۆ ببێتەوە.

لەو کاتەدا دادگای ئەڵمانیا بە دواداچوونی بۆ بابەتەکە کرد و ساڵێک دواتر کەسێکی بە ناوی «کازم دارابی» کە ئەندامیی سوپای پاسداران بوو و لە ئەڵمانیا دادەنیشت لەگەڵ چوار لوبنانی دیکە دەستگیر کرد و کاری دادگا لە سەر ڕووداوی ١٧ی سێپتامبری ریستورانتی میکۆنووس دەستی پێکرد. دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەم دۆسیە نزیکەی پێنج ساڵی خایاند و لەو ماوەیەشدا دادگا ٢٤٧ جار لەسەر ئەم دۆسیەیە کۆبووەوەو لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی دادگاییەکەدا زیاتر لە ١٧٠ کەس بەشدار بوون. لە مانگی مارسی ١٩٩٧دا دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر دۆسیەکە دەرکرد. بەپێی بڕیارەکە «کازم دارابی» ئەندامی سوپای پاسداران و «عەباس ڕەحیل» خەڵکی لوبنان، زیندانی هەتا هەتاییان بۆ بڕایەوە و «یوسف محەمەد ئەمین» ١١ ساڵ و «محەمەد ئەتریس» ٥ ساڵ زیندان بۆ بڕایە و هەر دووکیشیان لوبنانی بوون.

هەروەها دادگای ئەڵمانیا «عەلی خامنەیی»، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و «هاشمی ڕەفسەنجانی»، سەرکۆماری ئەو کاتی ئێران و «عەلی فەلاحیان» وەزیری ئەو کاتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و «عەلی ئەکبەر ویلایەتی»، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران بە تاوانبار و بڕیاردەرانی سەرەکی تیرۆرەکە ناساند. و لەو کاتەوە هیچ کام لەو چەند کەسە جگە لە وڵاتانی دراوسێ، نەیانتوانیوە سەفەری دەرەوەی ئێران بکەن. ئەم دادگاییە لەو کاتەدا نۆ ملیۆن «فرانک»ی تێچوو.

بڕیاری دادگای ئەڵمانیا لەسەر ڕووداوی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیەکانی کە بە «کارەساتی میکۆنووس» ناسراوە و یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتییە لە سەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و کاتێک ئەو بڕیارە دەرچوو کێشەیەکی قووڵ کەوتە پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەڵمانیا و یەکیەتیی ئورووپا و ئەڵمانیا باڵوێزی خۆی لە تاران بانگ کردەوەو چوار دیپلۆماتی ئێرانیشی لە وڵاتەکەی دەرکرد. هەروەها سەرجەم وڵاتانی ئورووپایی باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە و باڵوێزخانەکانیان بۆ ماوەیەک داخست. لە بەرامبەریشدا کۆماری ئیسلامی باڵوێزەکانی خۆی لە وڵاتانی ئورووپایی بانگی تاران کردەوە.

ئەم بڕیارە کە بە بڕیارێکی مێژوویی دادەنرێ و بۆ یەکەمین جار بوو لە جیهاندا کە سەرکردە باڵاکانی وڵاتێک لە لایەن دادگای وڵاتێکی دیکەوە بە تاوانبار بناسێندرێن لە ئاکامدا ناکۆکییەکی گەورەی لە نێوان تاران و ئورووپا دروست کردوەو دوای تێپەڕینی چەند مانگ بە سەر هاتنە سەرکاری «محەمەد خاتەمی» سەرکۆماری ریفۆرمخوازی ئێران لە ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩٧) پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ئورووپایی و کۆماری ئیسلامی ئێران وردە وردە گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

کازم دارابی، کە تاوانبارێکی دۆسیەکە بوو دوای ١٥ ساڵ زیندان ساڵی ٢٠٠٧ رادەستی کۆماری ئیسلامی کرایەوە و کاتێک گەیشتەوە تاران ڕایگەیاند کە قسە لەسەر ئەڵمانیا و دەزگای دادوەری ئەو وڵاتە دەکات.

تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تا هەتا هەتایە وەک پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی پڕشەرمی کۆماری ئیسلامیدا دەمێنێتەوە و هاندەرێکی بەردەوامە بۆ خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان.

.....................................................................

.....................................................................

## ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند مەرزیە فەریقی



٢٧ی خەرمانانی ئەمساڵ نۆیەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی یەکێک لە هونەرمەندە ڕچەشکێن و دیارەکانی کوردستانە کە ناوبانگی لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا ئەدرەوشێتەوە و، بووەتە سەرمەشق بۆ ژنان و هونەرمەندانی دیکە. ١٨/٩/ ٢٠٠٥ دڵە گەورەکەی هونەرمەند و پێشمەرگە، "مەرزیە فەریقی" بە هۆی نەخۆشییەوە لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوڕێیانی و کوردستان و هونەر کرد.

مەرزیەی فەریقی ساڵی ١٩٥٨ زایینی لە شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە مەریوان دەست پێکردووە، هەر لەتەمەنی ٩ ساڵییەوە حەزی لە گۆرانی و شانۆ بووە. چەندین جار لە بۆنە و جەژنەکانی قوتابخانەدا بەشداری کردووە و لە تیپی شانۆشدا چالاکی نواندوە.

مەرزیە دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەریوان، لەبەر ئەوەی ئەو شارە بچووک و دەرەتان بۆ خوێندن کەم بوو، دەچێتە شاری سنە کە ناوەندیی پارێزگا بوو و درێژە بە خوێندن دەدا و لەوێ مامۆستایەتی تەواو دەکا.

هەر لەو شارە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ کۆڕی مۆسیقای سنە چەندین جار چووەتە سەر شانۆ و گۆرانی وتووە. پاش تەواو کردنی ئەو دەورەیە لە سنە، دەگەڕێتەوە بۆ مەریوان و لە گوندێکی نزیک ئەو شارە بووەتە مامۆستای قوتابخانە. مەرزیە پاش دوو ساڵ وانەوتنەوە گوێزراوەتەوە بۆ سنە و لەو شارە لە قوتابخانەی سەرەتایی درێژەی بە وانەوتنەوە داوە.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد «ناسر ڕەزازی» ژیانی هاوبەش پێکدێنن. لەم سەروبەندەدا شۆڕشی گەلانی سەرهەڵ دەدا و پێکەوە بەشداری خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی شا دەکەن. کاتێک کۆماری ئیسلامی هاتەسەر کار، لەگەڵ ناسر خەباتی خۆی بۆ ڕزگاریی کوردستان هەر درێژە پێداوە، بەڵام ئەمجارەیان گیراوە و بۆ ماوەیکی کورت کەوتووەتە زیندان و کاری مامۆستایەتییەکەی لێ سێندراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٠ کە کۆماری ئیسلامی شارەکانی ڕۆژهەڵات کوردستانی گرتەوە، مەرزیەش لە بەر ڕاوەدوونان و گرتن نەیتوانی لە شار دا بمێنێتەوە و چووە بۆ لای ناسر لە شاخ و ئەویش بوو بە پێشمەرگە. دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی ڕوو دەکەنە هەندەران و لە وڵاتی سوید دەگیرسێنەوە.

مەزیە فەریقی دوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ کرا ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٨ بە هۆی نەخۆشی و نەشتەرگەرییەکەوە بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

یادی بەرز و بەڕێز بێ.

## فستیڤاڵی خێرخوازیی منداڵانی توشبووی شێرپەنجە لە ئیلام

لە شاری ئیلام فستیڤاڵێک بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ منداڵانی توشبوو بە نەخۆشیی شێرپەنجە بەڕێوەچوو.



لەو فستیڤاڵەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەک هونەرمەندی سینەماو شانۆ لە پارکی «کودک»ی ئیلام بەڕێوەچوو، بە دروستکردن‌و فرۆشتنی خواردنی خۆماڵی، شانۆی سەرشەقام، چالاکیی وێنەکێشانەوە منداڵان‌و کۆمەڵێک بڕگەی دیکە یارمەتی بۆ منداڵانی توشبوو بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆکرایەوە.

مووسا ئۆمیدی، چالاکی سیاسی‌و مەدەنیی کورد لە ئیلام دەڵێ خەڵکێکی باش لەو فستیڤاڵە خێرخوازییەدا بەشدارییان کرد کە لەلایەن بنیادی خێرخوازیی نێرگزەوە ڕێکخرابوو.

ئەو دەڵێ بەشیک لە نەخۆشخانەی ئیلام بۆ منداڵانی توشبووی شێرپەنجە کراوەتەوە، بەڵام ئیمکاناتی نەخۆشخانە ئەوەندە نییە کە وەڵامدەری نیازی ئەو نەخۆشانە بێ‌و ئەو هیممەتەش هەر لە پێناو بەهاناوەچوونی ئەو منداڵانە بووە.

## بەڕێوەچوونی دووهەمین سمیناری شاخەوانیی پارێزگای سنە

سی‌و یەکەمین بەرنامەی هاوبەشی گرووپەکانی شاخەوانی‌و دووهەمین کۆبوونەوەی شاخەوانیی پارێزگای سنە بە یادی شاخەوانی گەورەی کورد محەممەد هەوراز لە شاری سنە بەڕێوەچوو.

لەو سمینارەدا جیا لەو ڕاپۆرتانەوەی سەرکەوتنی سەید واسع سەید موسەوی‌و ئەنوەر محەممەدزادە وەک تیمی هیمالیابڕینی کانوونی شاخەوانانی سنە بۆ لووتکەکانی «سامانی»و»کۆرژنسیڤ کایا» بەبەرزایی زیاتر لە ٧٠٠٠ میتر؛ ڕێز لە کۆمەڵێک وەرزشکاری شاخەوان‌و پشتیوانانی ئەو ڕشتە وەرزشییەو چالاکانی ژینگەپارێز گیرا.

مستەفا باغبانیان، سەرۆکی هەیئەتی شاخەوانیی سنە لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی شاخەوانانی کورد توانیویانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئاستی جیهانی‌دا لە بواری شاخەوانی‌و



ڕەوەزبڕین‌دا بدرەوشێنەوەو زۆر شانازیی گەورە بخوڵقێنن.

ناوبراو لەگەڵ هێنانە بەرباسی ئەوەی لە کۆمەڵەی وەرزشی ٢٢ ی گوڵان‌دا دیواری ڕەوەزبڕینیش داندراوە، بەڵام گوتی ئەو پڕۆژەیە نیوەچڵەو هێشتا زۆری ماوە کارەکانی تەواو بن.

## بەشداری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە خۆپیشاندان دژی مەحکوومکردنی جینایەتەکانی داعش

کۆمیتەی سۆئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری لە بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانێکدا کرد کە لە شاری ستۆکهۆڵم بە مەبەستی پشتیوانی لە ژنان و منداڵانی دەستبەسەرکراوی ئێزیدی بەڕێوەچوو.

ئەو خۆپشاندانە لە لایەن ٢٠ ڕێکخراوو کۆمەڵی مەدەنییەوە ڕێک خرابوو، کە لە نێویان دا لقی سۆئێدی ڕێکخڕاوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخڕاوی ژنانی سۆسیال دێمۆکرات، ڕێکخراوی لاوانی حیزبی چەپ، ڕێکخراوی پێلاو فادیمە لە یاد ناکەین، ڕێکخڕاوی ڕەوەندی کوردی چەند لایەنێکی بەشدار لەو ئاکسیۆنەدا بوون. هەروەها لە نێو پەیامەکاندا پەیامی ڕێکخڕاوی هیومانیستەکان، کەمپەینی نێودەڵەتیی بە دژی چەوسانەوەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕێکخراوی مافی ژن، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەدی دەکران‌و پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن سۆزان فەتحی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا

